مەکتەبی بیروهۆشیاری

# عیراق

## قەیرانی ئاسایش و ستراتیژی بنیادنانەوەی

نووسینی

**فەرزەند شێرکۆ**

سلێمانی ـ ٢٠٠٧

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)

سلێمانی ـ گەڕەکی ئەندازیاران ـ ١٠٥

ژ. خانوو ـ ١٠

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

مەکتەبی بیروهۆشیاری

- **ناوی کتێب: عیراق، قەیرانی ئاسایش و ستراتیژی بنیادنانەوەی**
- **ناوی نووسەر: فەرزەند شێرکۆ**
- **دیزاینی ناوەوەو بەرگ: ئەمیرە عومەر**
- **چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی**
- **تیراژ: (١٠٠٠) دانە**
- **ژمارەی سپاردن: (٦٥٢)ی ساڵی ٢٠٠٧**
- **ژ. زنجیرە : ( ٢٣٧)**
- **لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە

" ئازیزە " کەم...

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی ............................................ | ٧ |
| سەرەتا ............................................... | ١٠ |
| بەشی یەکەم/ عیراق وەك نێچیر ............................. | ١٨ |
| بابەتی یەکەم/ مێژووی سیاسی عیراق .......................... | ٢٢ |
| شۆڕش تا کودەتا ............................................ | ٢٣ |
| کودەتا دوای کودەتا ......................................... | ٢٨ |
| بەعس، گەشەو شکست ...................................... | ٣١ |
| بابەتی دووەم/ یراق دوای ڕووخانی بتەکە ...................... | ٣٥ |
| هێرش و پەلامارەکان ، چەند ئامارێك ........................ | ٣٧ |
| شکست لەبنیادنانی هێزەکانی ئاسایشدا ...................... | ٣٩ |
| دۆخی مافی مرۆڤ : مەترسیو زەنگێك ...................... | ٤٢ |
| سەپاندنی ئاسایش ، کلیلەکە لە بەغدایە .................... | ٤٣ |
| هەوڵە نێودەوڵەتییەکان ، کۆنگرەی بەغدا وەك نمونە ........... | ٥٠ |
| بابەتی سێیەم/ توانا نەوتی و جیۆستراتیژییەکانی عیراق ........ | ٥٤ |
| نەوت و قەیرانی ئاسایش لە کەنداو ......................... | ٥٨ |
| نەوت و جەنگی دووەمی کەنداو ............................ | ٦١ |
| نەوت و جەنگی سێیەمی کەنداو ........................... | ٧٠ |
| توانای جیۆسیاسیی عیراق ................................... | ٧٩ |
| بەشی دووەم/ قەیرانی ئاسایش لەعیراق ......................... | ٨٣ |
| بابەتی یەکەم: فاکتەری جیۆپۆلەتیکی ........................ | ٨٤ |
| کێشەی سنوور: .................................................. | ٨٥ |
| کێشەی دیمۆگرافی ............................................... | ٨٦ |
| کێشەی ئیتنی ـ مەزهەبی ........................................ | ٨٧ |
| بابەتی دووەم / ڕۆڵی ئەمریکا .................................. | ٩٠ |
| دروشمی درۆی سپی ............................................. | ٩١ |
| چوار هەڵەی ستراتیژیی ........................................ | ٩٦ |
| دەزگای موخابەرات بۆ کام لا.......................................... | ١٠٠ |
| بابەتی سێیەم / جەنگی سیاسی ـ مەزهەبی .................... | ١٠١ |
| ڕۆڵی موخابەراتی بەعس ........................................ | ١٠١ |
| گروپە شیعە مەزهەبەکان، ڕەوتی سەدر وەك نمونە: ............... | ١٠٣ |
| گروپە سوننە مەزهەبەکان ...................................... | ١٢٠ |
| لایەنگرانی "نیشتمانپەروەریو پابەندبوون بەشەرعەوە" وەك نمونە:.. | ١٢٠ |
| دەرئەنجام : ........................................................ | ١٤٠ |
| سەرچاوەکان : ...................................................... | ١٤٥ |

# پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەکاتێکدا دەنووسرێت، کە عیراقی نوێ، عیراقی خوێن و باروت و لاشەی هەزاران کوژراوی بێتابووتە.

هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەی (عیراق .. قەیرانی ئاسایش و ستراتیژی بینادنانەوەی)، خستەڕووی هۆکارە مێژوویی، سیاسیی، سەربازیی، ئابووریی، کولتووری و مرۆییەکانی قەیرانی ئاسایش لەعیراق، و پێشنیارکردنی ستراتیژی گونجاو بەمەبەستی کۆتایی هێنانی ڕێژەییانە بەو قەیرانە سیکیوریتی و سیاسیی و ئیتنی و مەزهەبیانە پێویستییە بۆ عیراقی نوێ. عیراقێك کە لەقەیراندایە.

لێرەشەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر دۆخی ئاسایشی ئێستای عیراقی فرە نەتەوە و فرە مەزهەبو تێوەگلاو لەجەنگی وێرانکاری "مەزهەبی ـ ئیتنی" دا،جگە لەوەی گەڕانەوە بۆ مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عیراق پێویستە، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەبەشی یەکەم، لێی دواوین، گرنگیشە کە تایبەتمەندییە جیۆپۆلەتیکیو جیۆسیاسیو جیۆئیکۆنۆمییەکانی عیراق، تاوتوێ بکرێتو ڕۆڵی سیستمەکانی پێشوو، کەڵەکەبوونی ڕقێکی



سەدان ساڵە و تاکتیکی دراوسێکانی عیراق، بۆ تێکدانی ئارامیی وڵات، بەتایبەت ڕۆڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران، عەرەبستانی سعودی، تورکیا و ڕۆڵی ڕاستەوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەجەنگی عیراق و.. کاریگەرییەکانیان لەبەرهەمهاتنی ئەو قەیرانەو ڕۆڵی نێگەتیڤی بەشێك لەسیاسەتمەدارانی ئەم چەند ساڵەی دوایی عیراق، تاوتوێدەکرێن.

هەروەك لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بە وردی کار لەسەر دەرخستنی هۆکارە سەرەکییەکانی قەیرانی ئاسایش لەعیراقدا کراوە و وەك نمونە،ڕۆڵی "ڕەوتی سەدر" لەلایەك و ڕۆڵی لایەنگرانی "نیشتمان پەروەری و پابەندبوون بەشەرعەوە"، گروپە چەکدارە سوننە یاخییەکانی عیراق لەلایەکی دی، شیکراوەتەوە و نێتۆرکی تیرۆرکاریی نێو عیراق، باس و خواسی لێکراوە. ئاماژەش دراوە بە ڕۆڵی هەریەك لە "حارس زاری" و "موقتەدا سەدر" لەو هاوکێشەیەدا.

دواتریش، هۆکارەکانی هەڵایسانی "جەنگی ئەهلی" و ئاماری قوربانییە مەدەنی و هێزە چەکدارەکانی عیراق، ئاماری هێرش و پەلاماری ساڵانەی تیرۆریستان و توانای چەکداریی یاخیبووان، لە چوار ساڵی ڕابردوودا خراوەتە ڕوو.

لێکۆڵینەوە لەسەر ڕەوشی سیاسی و قەیرانی ئاسایش لەم وڵاتە، لێکۆڵینەوەیەکی ئاسان نییەو پێویستی بە وەرگرتنی زانیاری هەواڵگریی ورد و ئاگاداربوون لەیاریی پشتی پەردەی سیاسییەکانە، کە ئەمە

دەستکەوتنی ئەستەمە، بەڵام بەپێی توانا و بە سوود وەرگرتن لە زانیاریی وردی چەند ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی و دەیان کتێب و رۆژنامەو ماڵپەڕی "سیاسی ـ ستراتیژی ـ ئیستخباراتی"، بەشێك لەو وردەکاریانە بەردەستکەوت کە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی وەها زیندوو و گرنگو هەستیار، پێویستن.

شایانی وتنە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا ، هەردوو میتۆدی "لێکدانەوەیی" و میتۆدی "مێژوویی" ، گیراونەتە بەر.

ماوەتەوە سوپاسی زۆر بەڕێز "حەسەن یاسین" بکەم کە لەدوا خوێندنەوەی دا بۆ لێکۆڵینەوەکە، لەتێبینیو پیاچوونەوەی خۆی، لێکۆڵینەوەکەی لەچەند هەڵەیەك پاراست و ڕوخسارێکی نوێی بەبابەتەکە بەخشی.

لە کۆتاییشدا، سوپاسی خێزانەکەم دەکەم کە هاندەر و پشتیوانم بوون.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

# سەرەتا

## " گۆڕانە گەورەکان مەترسیدارن و هەڵەکان تیایاندا خۆنەگر"[1]

عیراق، وڵاتێکە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، وەك دەسکەوتێکی "کۆمەڵەی گەلان"، لە سێ ویلایەتی ناچوونیەکی عوسمانییە تێکشکاوەکان پێکهێنرا. ئەوەشی لەم عیراقەدا، جێگەی کوردی کردەوە، نەك ستراتیژی رەسمیی دەوڵەتی بریتانیا، بەڵکو قیرچسمەیی دوو ئەفسەری ئەو وڵاتە بوو کە ویلایەتی موسڵی خستە سەر عیراقی ژێر ئینتدابی بریتانیا.[2] ئەمە جگە لەوەی کوردەکانی ئەو ساڵانەش لەبەر هەستی ئاینییان لەلایەك و کەمی توانای سیاسییان لەلایەکی دی، ئامادەنەبوون لەژێر عەبای پیاوە نەخۆشەکە(دەوڵەتی عوسمانی) بێنەدەرێ و هەوای سەربەخۆیی هەڵمژن.

---

[1] - ترنس بال-ريضارد داطر ،ايدةالوذي هاي سياسي و ايدةال دمكراتيك، (دكتر رويا منتظمي)،ثيك ار ١٣٨٤،ص١٣٩.

[2] - دةيظيد كؤرن،ئةو دوو ثياوةي كورديان فريداية ناو عيراقةوة، (و:ئاوات عةبدوللآ)طؤظاري خاك-ذمارة (١١٦).

عیراق، که پێشتر بەشێك بوو لەئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لەجەنگی جیهانیی یەکەمدا، لەلایەن بریتانیاوە داگیر کراو دوای ئەوەی هێزەکانی بریتانیا لە ١٩١٧ عیراقیان کۆنترۆڵ کرد، دەستیان بەسەردا گرت و راستەوخۆ و خۆسەرانە حوکمیان تێدا کرد[٣]. عیراق، لەساڵی (١٩٢٠)، ئینتدابی کۆمەڵەی گەلانی بەسەردا سەپێنرا، بەڵام لەهەمان ساڵدا شۆڕشێکی گەورە بەسەرکردایەتی سەرۆکی عەشایەر و پیاوانی ئاییني دەستی پێکردو جگە لەبەغدا و بەسرە، شۆڕشگێران زۆربەی عیراقیان لەئینگلیز سەندەوە[٤]. پاش ئەو شۆڕشە، بریتاینا دەستی لەراستەوخۆ بەڕێوەبردنی عیراق هەڵگرت،"پیرسی کۆکسی" کردە نێردراوی خۆی لەعیراق و پاش پێکهێنانی حکومەتێکی کاتیی، فەیسەل بن حوسەینیان کردە مەلیك. مەلیکێك کە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی خۆرئاوا بوو[٥].

بەم پێیە عیراق کە ئەزمونێکی نائارامیی بردە سەر،ساڵی (١٩٣٢) بۆ یەکەمجار سەربەخۆیی وەرگرت و لەساڵی (١٩٥٨)یشدا سیستمی دەسەلاتی کۆماریی تیا راگەیەندرا[٦]. گەر ئەوەشمان لەیاد بێت کە عیراق

[3] – ناصر محمد الزمل،ل ماذا یکرهوننا، الطبعة الاولي، مکتبة العبیکان،ریاض، ٢٠٠٤ص١١٦.

[4] - http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AB%D9%88%D8%B1%D8%A9_%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B4%D8%B1%D9%8A%D9%86

[5] - http://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%81%D9%8A%D8%B5%D9%84_%D8%A7%D9%84%D8%AB%D8%A7%D9%86%D9%8A

[6] -https://cia.gov/cia//publications/factbook/geos/iz.html



مێژووی دروستبوونەکەی، مێژووی نائارامی سیاسی و ململانێی توند و لێکنەگەیشتنە، دەبێت ئاماژە بکەین بەکودەتا سەربازییەکانی ناوی کە لەساڵانی (١٩٤١، ١٩٥٨، ١٩٦٣، ١٩٦٧، ١٩٦٨) روویاندا.. ژمارەیەك کودەتای سەربازیی کە یەکێکیان عیراقی کردە مەلەکیی و یەکێك کردیە کۆماریی و گرنگترینیشیان لەڕووی دروستکردنی قەیرانی ئاسایش و کوێرکردنەوەی ئازادییەکان، ئەوەیان بوو کە حزبی بەعسی ئیشتراکیی لەعیراقدا هێنایە سەر حوکم[٧].

لە دەوڵەتێکی وەها شێواو و شیرازە بچڕاویشدا، کە پیاوەکانی: سەربازی نا پەیوەست بە نیشتمان و، منالآنیان هەژاری ئازارچەشتووی ترس لێنیشتووی بە خوێن و رەو ئاشنا بن، هەڵبەت ئەو دەوڵەتە، لەسەر ئاستی حکومەت و قەوارەی سیاسی دووچاری قەیرانی ئاسایش و گرفتی گەندەڵی دەبێتەوە. ئەمەش نەك تەنیا، لە باشوری وڵاتدا راپەڕینی شیعەکان و دواتر بە بەرچاوی ئەمریکاوە، سەرکوتکردنی شیعەکانی لێکەوتەوە بەڵکو هاوکات لە باکوری عیراقدا راپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) و دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمانێکی کوردیی لێکەوتەوە کە شکستی هەژمونی هەمیشەیی حزبی بەعسی بەدواوە بوو.

هەرچەندەش، راپەڕین و حکومەتی یەکگرتووی کوردستان، سەرەتا هێندەی نەخایاند و ئاگری شەڕی ناوخۆ، و دەستتێوەردانی جیهانی و دواتر

[7] - **ريبوار** كةريم ،**جيهاني سييةم، قةيراني ئارامیي سياسي، زانكؤي** سليماني،**كؤليذي زانستة رامياريیةكان٢٠٠٦-٢٠٠٧، ،ضاث نةكراو.**

لەشکرکێشی ئێران و تورکیا و ئیدی کۆنترۆڵکردنی پارلەمان لەپایتەختی هەرێمی کوردستان لەسەردەستی سەربازانی رژێمی بەعس لەساڵی ١٩٩٦، (بەشێوەیەکی کاتیی) کۆتایی بەمانای گەشەی نەتەوەیی کورد هێنا .. بەڵام ئەمە وای نەکرد پێگەی جیۆسیاسی باکوری عیراق لەئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بێتەوە دەرەوە، بەڵکو سەرەڕای ئەوەی باکوری عیراق لەراپەڕینی ١٩٩١وە کەوتە ژێر هەژموونی کۆنترۆڵی ناڕاستەوخۆی هێزەکانی ئاسمانیی ئەمریکا و ئیدی حکومەتی بەغدا مافی هەڵکوتانی هەوایی بۆسەر هەرێم نەما، کوردانی عیراق لە "ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بۆ سەدەی بیست و یەك" جێیان کرایەوە. وەك روونکردنەوەی زیاتریش، کۆمیسیۆنی دارِشتنی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا کە لەساڵی ١٩٩٧ و لەسەر داوای وەزیری بەرگری ئەمریکا لە ١٢ سیاسەتمەدار، یاسادانەر و لێکۆڵەری سیاسی و ئیستخباراتیو ئابووریی پێکهات. (کە ئەمانە لەستراتیژەکەیاندا بۆ سەدەی بیست و یەك، لە ٢٠٠١/٢/١٥دا خستیانەڕوو)، ئاماژەیان بەکوردانی عیراق دا کە ڕەنگە:"پێویست بێت ئەو کیانە سیاسیانەی لە گروپێك زیاترن و لە دەوڵەتێك بچوکترن (وەك کۆسۆڤۆ و ناوچە کوردنشینەکانی باکوری عیراق) شێوەیەك لەکەسێتی سیاسییان پێبدرێت"[٨].

[8] -کومیسیون تدوین استراتیذي امنیت ملي امریکا،استراتیذي امنیت ملي امریکا در قرن ٢١،جلال د هەشطي- بابك فرهنطي و،ضاث سوم،ابرار، ران،١٣٨٢،ص٩٨.



لێرەشەوە دەبینین لەکاتێکدا یەکە سیاسییە جیاوازەکانی نێو جیهانی سێیەم لە ئاکامی پێکدادانی وردی بەردەوامدا، ئاسۆیەکی سیکیوریتی ئالۆزیان لەو سنورەدا نەخشە کێشاوە، ئەوەی کەوتۆتەوە تەنیا دەوڵەتگەلێکی لاوازن کە ئەگەر ڕای "مێگداڵ" یش بەهەند وەربگیرێت، ئەوا تەنیا ئەو دەوڵەتانە لەجیهانی سێیەمدا هێزێکی زیاتریان هەیە کە ئەزموونێکی هاوشێوەی ئەزموونی ئەوروپایان بردۆتە سەر[٩].

عیراقیش ،کە نە ئەزموونی هاوشێوەی ئەوروپای بردۆتە سەر و نەئارامی سیاسی و سەربازیشی بەخۆوە دیوە، دەوڵەتێکی لاواز بووە و بەر لەوەی وەك قەوارەیەکی سیاسی خاوەن سەروەری تەماشا بکرێت، وەك بنکەیەکی گرنگ و هەستیار و هاوکات ئاسان بۆ داگیرکردن، تەماشا کراوە لەلایەن دەوڵەتانی خاوەن بڕیار و هێزەوە لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. ئەویش هەم لەبەر خاوەندارێتی عیراق بەگەورەترین یەدەکی نەوت، هەم لەبەر گرنگیی پێگەی جیۆپۆلەتیکی عیراق کە هاوسنوری، تورکیا و ئێران و سوریا و ئوردەن و دەوڵەتانی دەوڵەمەندی عەرەبییە و هەمیش لەبەر پێگەی جیۆسیاسی عیراق کە بەغدا دەتوانێت لەسەر رایەڵە سیاسییەکانی تەل ئەبیب و تاران و سعودیە، بۆ داهاتوو، گەمەی دیپلۆماسی بکات.

[9] - اصغر افتخاري،مراحل بنياددين انديشة در مطالعات امنيت ملي، **ثذوهشطدة مطالعات** راهبردي،تهران، ١٣٨١ ،ص٢٥٣.

بەم پێیە، لەکاتێکدا جەنگی هەشت ساڵەی نێوان (عـێراق ـ ئێـران)، بەغـدای بـە لاوازی هێـشتەوە، داگیرکردنـی کوەیـت و دواتـر کوشـتنی بەکۆمـەڵی سـەربازانی عێراقـی و خـاپووربوونی ژێرخـانی سـەربازی و ئابووریی عێراق، لە ئاکامی هێرشی هاوپـەیمانان لـە جـەنگی ٤٢ ڕۆژەی ساڵی ١٩٩١ دا، و ئیدی ١٢ ساڵ گـەمارۆی ئـابووری .. عێراقیـان بـەرەو ئەوە برد، کە داگیر بکرێت.

لەمبارەیەوە، وێڕای ئەوەی لە پاش جەنگی یەکەمی کەنداو پلانـەکان بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی پۆلیسیی سـەدام حـسێن لـە ئـەمریکاوە دارێـژران، ئاژانسی ئیستخباراتی ناوەندیی ئەمریکا لەساڵی "١٩٩٧"وە بـە ڕەسمـی هەنگاوەکانی ڕووخانـدنی عێراقـی تـاوتوێ کـرد و بـەگوێرەی دانپیانـانی ژەنـراڵ "تـۆمی فـرانکس" فەرمانـدەی فەرمانـدەیی ناوەنـدیی سـوپای ئەمریکاش لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست[10] :

" نیوەڕۆیەکی درەنگی ٢١ی مارسی ٢٠٠٢ بوو، لە کۆتـایی ڕۆژێکـی کاری تاقەتپڕوکێندا بووین کە تیایدا لەگەڵ فەرمانـدەکانی فەرمانـدەیی ناوەندی لە سەنتەری ئۆپەراسیۆنەکانی ناتۆ لەبەری ئەوبەری (ئۆتۆبان) ی نزیـك بنکـەی ئاسمـانیی رامـستاینی ئـەڵمانیا، ئەگـەرەکانی بـارودۆخی عێراقمـان هەڵـسەنگاند. ئـەوە یەکـەمجار بـوو فەرمانـدەکانی هێزەکـانی زەمینیو ئاسمانیی و دەریایی ژێر فەرمانده‌یی من لە یەك شوێندا لەگـەڵم

[10] - تۆمي فرانكس، سةربازيكي ئةمريكايي، و.باست حةمة غةريب، سليماني، ٢٠٠٦، لا٢٢٧.



کۆببنەوە بۆ گفتوگـۆ سـەبارەت بـە شـێوە و مـەودای ئـەو ئۆپەراسـیۆنە سەربازییەی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حسێن بەڕێوەیە".

ئەگەریش "هەر گەمارۆیەك کە کاریگەریی هـەبێت، چـاوەڕێی ئـەوەی لێبکرێت بەرەو هەڵایسانی جـەنگ پـەل بکێـشێت"[11]، دۆخـی عێراقـیش بەرەو جەنگ پەلی دەکێشا. جـەنگێك کـە لەسـەعات ٢:٣٠ خولـەك بـە کاتی گرینیچ، لە بەرە بەیانی پێنجشەممەی ٢٠ی٣ی٢٠٠٣، بە بۆردومـانی هێـزە هەوایيـەکانی ئـەمریکا و بریتانیـا بۆسـەر بەغـدا و بـەناوی "ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق" دەستی پێکـرد[12]. جـەنگێك کـە "لـە ٢٠ی ئازار تا ٣٠ی نیسانی خایاند و تیایدا عێراق بە ٢٥ هەزار موشەك و ٣٠ هەزار هەڵمەتی هەوایی بۆردومان کرا و ئاکامەکەی ،ڕووخانی سەدام حسێن و کوژرانی ١٣ هەزار عێراقیی لێکەوتەوە کە لە ٣٠٪ یان هاوڵاتی مەدەنی بوون"[13].

لێرەشەوە مێژووی نوێی عێراق دەست پێـدەکات. مێژوویـەك هاوشـانی ئەنجامـدانی سـێ هەڵبـژاردنی سەرتاسـەری نێـو عـێراق بەمەبەسـتی

[11] -هنري كيسينجر،ديثلوماسي، محمد حسن كاووسي عراقي، جلداول، ضاث دوم، اطلاعات ، ران،١٣٨٣،ص٤٧٣.

[12] ـ ناصر محمد الزمل،لماذا يكرهوننا، الطبعة الاولي، مكتبة العبيكان،رياض، ٢٠٠٤، ص٢٨٥.

[13] ـ ناصر محمد الزمل،لماذا يكرهوننا، الطبعة الاولي، مكتبة العبيكان،رياض، ٢٠٠٤، ص٢٨٦.

هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق (٣١/١/٢٠٠٥) و پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەیی (١٥/١٠/٢٠٠٥) و هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی (١٥/١٢/٢٠٠٥)، لە لایەك دابەشبوونی تایەفی و مەزهەبیی عیراقی لێکەوتەوە و لەلایەك قەیرانی سیکیوریتی عیراقی تێدا گەیشتە ترۆپك. قەیرانێك کە بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی هاوبەشی (زانکۆی جۆنز هۆبکنز، خوێندنگەی بلومبێرگ بۆ تەندروستیی گشتی، زانکۆی پزیشکیی موستەنسەرییەی بەغدا)[١٤] لەبەهاری ٢٠٠٣وە تا کۆتایی ٢٠٠٦ ، زیاد لە ٦٠٠ هەزار کوژراوی بۆ عیراق، لێکەوتۆتەوە.

لێرەشەوە، خوێندنەوە بۆ ئەو فاکتەرانەی قەیرانی ئاسایش لەعیراقدا دروستدەکەن، دەست پێدەکات و ستراتیژی بنیادنانەوەی ئاسایشی وڵاتەکەش، دەخرێتەڕوو.

14 - the Human Cost of the War in Iraq/Blooberg School of Public Health، JoHns Hopkings University، Al Mustansiriya University/p1
http://web.mit.edu/cis/human-cost-war-101106.pdf



## بەشی یەکەم

# عیراق وەك تێچیر

**"سەدەیەکی ئەمریکاییمان لەپێشە و سیستمی نوێی جیهانی، وابەستەیە بە رابەری، هێز و بەهاکانی ئەمریکاوە".جۆرج بوش**[١٥]

جۆرج بوش، سەرۆکی ئەمریکا لە بەرواری (٦-٥-١٩٩١)، سەبارەت بە سیستمی نوێی جیهان، بەم دەستەواژەیەی سەرەوە دوا. دەستەواژەیەك کە سەرکردایەتی ئەمریکا بۆ سەدەی نوێ، بەرجەستە دەکات.

سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا، جۆرج بوش، کە بەمێژوویەکی کەم دوای بردنەوەی جەنگی کەنداو و تێکشکانی توانا سەربازییەکانی عیراق و لەناوبردنی بەکۆمەڵی یەکە شەڕکەرەکانی حکومەتی بەغدا لە کوەیت و دواتر لێدانی ئامانجە ستراتیژییەکانی عیراق و هەڵتەکاندنی شیرازەی سیستم و دەسەڵات، ئەوەی راگەیاند کە " سەدەیەکی ئەمریکاییمان لە

15 - سيد حسين سيف زادة،معماي امنيت و **ضالشهاي** جديد غرب، تهران،دفتر مطالعات سياسي و بين المللي،١٣٨٣،ص٥١.

پێشه" و لەو سیستمه نوێیەی جیهاندا کە پاش رووخانی بلۆکی کۆمۆنیست و هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤییەت لە دوا دەیەی سەدەی بیستەمدا دا بەدی هات، پێویسته ئەمریکا ئەو رابەره بێت که دەوڵەتانی دی، شوێنکەوتە و وابەستە و ملکەچی بن.

بۆیه ئیدی لێرەوه سەیر نابێت کە بە تێپەڕبوونی نزیکەی ۱۱ ساڵ بەسەر ئەو لێدوانەی بوشی باوك، و لەسەردەمی سەرۆکایەتی بوشی کوڕدا، "کۆندا لیزا رایس" راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی سەرۆکی ئەمریکا لەساڵی (۲۰۰۲) دا بڵێت :" ئێمە دەتوانین سەدەیەکی نوێ دارێژین که ئەویش سەدەی بیست و یەکە، سەدەیەك کە تا ئاستی هیواکانمان گەشه دەکات"[۱۶] .

رایس، که لەچوارچێوەی "ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا" دا، وەها جیهانبینییەك پێشکەش دەکات، ئەوه دەسەلمێنێت کە سیاسەتی گشتیی ئەمریکا بەرامبەر جیهان و بەتایبەت عیراق، لە دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەوە نەگۆڕاوە، بەڵکو وتارەکەی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا (کە دواتر بووە وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەش)، تەواو لە ستراتیژی بوشی باوك، بوشی کۆماریخواز، بوشی لێدەری عیراق لە جەنگی دووەمی کەنداودا، نزیکە و هەردوو کابینەی دەوڵەت، سەرەڕای بوونی گاپێکی

[16] ـ ناصر محمد الزمل،لماذا يكرهوننا، الطبعة الاولي، مكتبة العبيكان،رياض، ٢٠٠٤، ص١٣٨.



مێژووی (۱۰ ساڵە) لەنێوانیاندا، بەهەمان دیدەوە لە جیهان دەڕوانن و جیهانێکی دەبەنگ و وابەستە و بێدەسەڵاتیان مەبەستە.

وەك روونکردنەوەی زیاتریش گەر بڕوانین، دوای ئەوەی نارەزایەتی هاولاتیانی فەرەنسا، بریتانیا، ئەڵمانیا و روسیا لە ئاست پەلاماردانی عیراقدا بەرز بۆوە و "پاش ئەوەی کاردانەوەی پارێزگارانی حەوت پایتەختی دژی جەنگ، لەوانە (بەرلین، برۆکسل، رۆما، پاریس، لەندەن، مۆسکۆ، ڤیەننا) ئەوە دەخەنەڕوو کە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، لەبەرامبەر ئەمریکادا رەخنه هەیەو ئەو رەخنانەش ئەڵمانیا و پاریسی ناچارکرد بەرامبەر شەڕخوازیی ئەمریکا، بچنه دژه سەنگەری سیاسییەوە"، کە "کۆندا لیزا رایس له بەراواری (۲۶-۵-۲۰۰۳) دا نەك هەر نەشڵەژا بەڵکو وتی:"روسیا دەبەخشم، ئەڵمانیا نادیده دەگرین، و فەرەنسا تەمێ دەکەین"[۱۷] . ئەویش تەنیا لەبەرئەوەی ئەو سێ هێزه (وەك بنچینه) بەهێرشی یەکلایەنەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ سەر عیراق قایل نەبوون.

لە وەها سیستمێکی نێودەوڵەتیی باڵادەستیشدا، کە خۆی، بەرهەمهێنەری نایەکسانی و قەیرانی سیاسی و قەیرانی ئاسایشه، نابێت چاوەڕێی زیاتر بکرێت بەتایبەت که عیراق لە ئەپریلی ۲۰۰۳ لەلایەن

[17] ـ سيد حسين سيف زادة،معماي امنيت و **ضالشهاي** جديد غرب، تهران،دفتر مطالعات سياسي و بين المللي،١٣٨٣،ص٦٦.

ئەمریکا و بریتانیاوە هێرشی کرایە سەر و بە چەند پاساوێك داگیر کرا. هەرچەندەش ئەمریکا سێ هۆکاری بۆ داگیرکردنی عیراق خستۆتەڕوو:

یەکەم/ بوون و مەترسیی چەکی کۆکوژ لەعیراقدا، (هەرچەندە بوونی چەکی کۆکوژ پاساو نییە بۆ داگیرکردنی وڵاتێك)، دووەم/ پشتیوانیکردنی تیرۆر، (بەڵام بەر لە داگیرکردنی عیراق رێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە لەعیراقدا چالاك نەبووەو حکومەتی عیراق هیچ پەیوەندییەکی لەتەك سەرانی ئەلقاعیدەدا لێ بەدی نەکراوە) ،سێهەم/چەسپاندنی دیموکراسی[18].

(بەڵام عیراق نەك هەر نەبۆتە نمونەی پێکەوە ژیان بۆ وڵاتانی ناوچەکە بەڵکو دەشێت هۆکارێك بێت بۆ قایل بوونی کۆمەڵانی خەڵکی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان بە سیستمە داپڵۆسێنەرەکانیان)، دەردەکەوێت پاساوەکان لەوە لاوازترن کە بتوانن پارسەنگی هاوکێشەی ئاڵۆزی داگیرکردنی عیراقو قەیرانی ئاسایش بدەنەوە لەم وڵاتەدا. وڵاتێك کە لە دروستبوونیەوە تا ئەمرۆ، ئارامیی سیاسی بەخۆیەوە نەبینیووە و بەردەوام قەیرانی ئاسایش گەورەترین کێشەی بووە.

بەڵام ئایا لەڕووی مێژووییەوە ئەو قەیرانە سیاسیو سیکیوریتیانە چۆن سەریانهەڵدا؟ ئایا فاکتەرەکانی دوا داگیرکردنی عیراق لەلایەن

[18] -- William J. Perry/Testimony to the Senate Committee on Armed Services-p1
January 25،2007
http://armedservices.senate.gov/statemnt/2007/January/Perry%2001-25-07.pdf



ئەمریکاوە، کە تا ئێستا بڵێسەی جەنگی ئەهلیو نائارامیی سیاسیو سیکیوریتی لێکەوتۆتەوە، چۆن دەخوێنرێنەوە؟

بۆ وەڵامی ئەو دوو پرسیارە، بەشی یەکەم دابەشدەکرێت بەسەر:

## بابەتی یەکەم:

# مێژووی سیاسیی عیراق

عیراق مێژوویەکی شەش هەزارساڵیی هەیە کە، لە سەردەمی دەرکەوتنی "سۆمەرییەکان"، ئەوانەی پێشکەوتنێکی گەشاوەیان لە نێوان دوو رووباردا بە ناوی "عیراق" دامەزراند، دەست پێدەکات و گەر بڕوانرێت دواتر ئەکەدییەکان، بابلییەکان، ئاشوورییەکان و کلدانییەکان شوێنی سۆمەرییەکانیان گرتەوە، کە لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەت و داگیرکارییە دەرەکییەکاندا، لەساڵی ٦٣٧ی زایینییەوە بۆ سەر عیراق .. قەیرانی ئاسایشیش لەم وڵاتە دەستی پێکرد[19].

ئەم ناوچەیە لەساڵی ١٦٣٨ دا کەوتە ژێرکاریگەریی قورسی عوسمانییەکانەوە و بەهۆی پێگە جیۆستراتیژییەکەی لەلایەن هێزە

[19] - سیمور مارتین لیثست، دائرة المعارف دموکراسي، (م.کامران فاني-نورالله مرادي و)،جلد سوم ،ضاث دوم،وزارت امور خارجة، تهران، ١٣٨٣ ،ص٩٦٨.

ئەوروپییەکانەوە، بایەخی پێدراو بۆ یەکەمجار کەشتیە بازرگانییەکانی بریتانیا لەساڵی ١٦٣٥ دا گەیشتنە بەسرە، تاکە بەندەری عێراق، فەرەنساش پاش داگیرکردنی میسر (١٧٩٢) بایەخی بە عێراق دا و ئەڵمانیاش لەتەك ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا گەیشتە ئەو دانوستانەی کە، بەهێڵی شەمەندۆفێر بەرلین بە بەغدا و کەنارەکانی کەنداوەوە ببەستێت[٢٠].

## شۆڕش تا کودەتا

لەو ساڵانەی دەسەڵاتی عوسمانی بەسەر ویلایەتەکانی موسڵ و بەغدا و بەسرە زاڵ بوو، گەلانی عێراق بە حوکمی تورکە عوسمانییەکان رازی نەبوون و کۆمەڵێك شۆڕش‌و راپەڕینیان دژ بە ئەستەنبول ئەنجامدا، وەك نمونە(شۆڕشی حوزەیرانی ساڵی ١٨٣١)[٢١] ، لەجەنگی جیهانیی

20 - IRAQ BETWEEN TWO OCCUPATIONS/OBSERVATIONS ON IRAQ AND THE GREAT POWERS (1933–2003)/M.K. Abdullah Saeed and Christopher O'Sullivan/p1
http://www.isn.ethz.ch/pubs/ph/details.cfm?lng=en&id=16865

21 - صفحات من تاريخ العراق الحديث من الأحتلال البريطاني للعراق عام ١٩١٥ وحتى ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨/ حامد ألحمداني

http://www.hamidalhamdany.com/side/al_kotob/tarikh_01/Chapter2.htm



یەکەمیشدا، پاش ئەوەی هێزەکانی بریتانیا (لە ١١ی٣ی١٩١٧ بەغدایان کۆنترۆڵ و لە ٨ی تشرینی دووەم ١٩١٨ تورکەکانیان لە ویلایەتی موسڵ وەدەرنا) عێراقییان کۆنترۆڵ و راستەوخۆ حوکمیان تێدا کرد..لە ١٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٠یشدا "کۆمەڵەی گەلان" بە رەسمیی ئینتدابی بریتانیای بۆ سەر عێراق راگەیاند و ئاماژەی بەوەدا کە[٢٢]"حکومەتی جەلالەتی بریتانیا بڕیاری دا نوێنەرایەتی خۆی بەرامبەر عێراق راپەڕێنێت، چاوەڕوان دەکەین عێراق سەربەخۆ بێت‌و سەربەخۆییەکەشی لە کۆمەڵەی گەلان دا رەنگبداتەوە، داوا لە حکومەتی بریتانیاش دەکرێت بەرپرسیارێتی خۆی بەرامبەر پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی عێراق و ئاسایشی دەرەوەی، لە ئەستۆ بگرێت، و دوای کۆتایی هاتنی ئیدارەی سەربازییش، دەسەڵات دەدرێتە پێرسی کۆکس کە ئەنجومەنێکی راوێژکاری بە سەرۆکایەتی عەرەبێك دامەزرێنێت" ، کە لە ٣٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٠ دا شۆڕشێکی گەورە بە سەرکردایەتی سەرۆکی عەشایەر و پیاوانی ئایینی دژ بەو حوکمە راستەوخۆیە دەستی پێکرد‌و شۆڕشگێڕان جگە لە بەغدا و بەسرە، زۆربەی عێراقیان لە ئینگلیز سەندەوە. لە شۆڕشی بیستدا بریتانیا زیاد لە ٢٠٠٠ بریندارایان لێ بەجێما و بەمەش وازیان لەسیاسەتی راستەوخۆ بەڕێوەبردنی عێراق هێنا و پاش رەوانەکردنی مەندوبی سامی بریتانیا (پێرسی کۆکس) بۆ عێراق، کۆکس توانی لە ٢٥

22 -
http://www.hamidalhamdany.com/side/al_kotob/tarikh_01/Chapter2.htm

ئۆکتۆبەری ١٩٢٠ دا حکومەتێکی عیراقیی کاتی بە سەرۆکایەتی عەبدولڕەحمان نەقیب دروست بکات[٢٣] . حکومەتێکی کارتۆنی، کە دوا بڕیارە رەسمی و گرنگەکانی پێویست بوو بریتانیا پەسەندی بکات.

پاش راگەیاندنی ئینتدابی سەر عیراق و پێکهێنانی حوکمی مەلەکی لەعیراقدا، عیراق لەژێر هەژموونی بریتانیادا مایەوە. کۆنگرەی دوو قۆڵیی نێوان عیراقو بریتانیاش لە ٢١ی ٣ی ١٩٢١دا لە قاهیرە نەك سەروەریو یەکسانیی بەعیراق نەبەخشی، بەڵکو عیراقی وەك یەکەیەکی ژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی راستەوخۆ بۆ ئینگلیز هێشتەوە.

بە تێپەڕبوونی چەند ساڵێك هێندەی نەبرد سیاسەتی دەرەوەی عیراق بەسەر دوو تەوەردا دابەش بوو، تەوەرێك بەسەرۆکایەتی نوری سەعید،(ئەو کەسەی بەپشتیوانی باڵیۆزخانەی بریتانیا لەعیراق لە ٢٣ی ٣ ی ١٩٣٠دا کرا بە سەرۆك وەزیری عیراق)[٢٤] ، کە پشتیوانییان لە بریتانیا دەکرد و تەوەرێك کە بەسەرۆکایەتی مەلیك غازی، (کوڕی مەلیك فەیسەڵ) لەدژی بریتانیا سەنگەریان گرتبوو و هێندی نەبرد لەڕووداوێکی ئاڵۆزدا

---

[23] - http://www.isn.ethz.ch/pubs/ph/details.cfm?lng=en&id=16865
IRAQ BETWEEN TWO OCCUPATIONS/OBSERVATIONS ON IRAQ AND THEGREAT POWERS (1933–2003)/M.K. Abdullah Saeed and Christopher O'Sullivan/p1

[24] - نوري السعيد، رجل المهمات البريطانية الكبرى، حامد الحمداني.

http://www.hamidalhamdany.com/side/al_kotob/nory_alsaid/Chapter1.htm



مرد. مردنێك کە بەپێی راگەیاندنی بریتانییەکان، "مەلیك غازی لە شەوی ٣ی نیسانی ١٩٣٩دا بە کارەساتی ئوتومبیل کۆچی دوایی کرد"..

ئەم مەرگە ئاڵۆزەی مەلیك غازی، کاردانەوەی توندی عیراقییەکانی لێکەوتەوە، بە تایبەت دانیشتوانی تووڕەی موسڵ، کە کونسوڵی بریتانیایان لە تۆڵەی مەلیك غازی دا کوشت[٢٥] .

بە تێپەڕبوونی چەند ساڵێکیش بەسەر ئەو رووداوانەدا، ئەمریکا پێی بە عیراق کرایەوەو سەرەتای پێ کرانەوەی ئەمریکاش بەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بریتی بوو لە پێشکەشکردنی پێشنیار لە چوارچێوەی یارمەتی زانستی و رۆشنبیری و پزیشکی و خوێندکاریدا و وەك نمونەی گرنگیدانی ئەمریکاش بە عیراق، لە یەکی ئەپریلی ١٩٤٦ دا "ئێچ فریمەن ماتیوز"، کەسایەتی رەسمیی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاماژەی بە دۆخی مەترسیداری "فنلەندا ،ئەسکەندەناڤیا، ئەوروپای خۆرهەڵات .. ئێران، عیراق، تورکیا و ئەفغانستان.."دا، کێشەکەش لەوەدا بوو کە هیچکام لەو وڵاتانە لەچوارچێوەی دەسەڵاتی ئەمریکادا نەبوون[٢٦] .

---

[25] - http://www.isn.ethz.ch/pubs/ph/details.cfm?lng=en&id=16865
IRAQBETWEENTWOOCCUPATIONS/OBSERVATIONS ON GREAT POWERS (1933–2003)/M.K. IRAQ AND THE Abdullah Saeed and Christopher O'Sullivan/p4

[26] - هنري كيسينجر،ديثلوماسي، محمد حسن كاووسي عراقي،جلد اول،ضاث دوم،اطلاعات ، ران،١٣٨٣، لا٤٧.

لەو دەمەشدا لەگەڵ کودەتای ئەفسەرانی ئازادیخواز(١٩٥٢) لە میسر، پێگەی بریتانیا لە ئوردەن و عیراق کە بەسەنگەری سەرەکیی دەژمێردرا لاواز بوو، هاوکات[٢٧] "سەرکردەکانی ئەمریکاش هەوڵیان دەدا دوو سیاسەتی نەگونجاو لەگەڵ یەکدا تێکەڵاو بکەن: کۆتایی هێنان بە رۆڵی ئیمپریالیزمی ئینگلیز بە سوود وەرگرتن لە پاشماوەی دەسەڵاتی ئەم وڵاتە لە پێکهێنانی سیاسەتی رێگرتن لەفراوانخوازی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا و حکومەتی ئایزنهاوەر چەمکی "زنجیرەی باکوری وڵاتان"ی برەوپێدا ـ کە لەتورکیا، عیراق، سوریا و پاکستان، و وڵاتی ئێران وەك پشکدارێك کە ئەگەری بەشداریکردنی تێدا هەبێت پێکهات .. سوریا نەبووە ئەندام لەپەیمانەکەدا، عیراق کە دوو ساڵ سەنتەری فەرماندەیی پەیمانی بەغدا بوو، لە شەڕکردن لەتەك رادیکالیزمی عەرەبی نیگەرانتر بوو تاوەکو پەلاماردانەکانی یەکێتی سۆڤییەت ".

بەڵام ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە لەناوەڕاستی پەنجاکاندا عیراق جوڵەیەکی توندی بەرەو سەربازگەی پشتیوانانی خۆرئاوا دەست پێکرد چونکە بەستنی میساقی ئاسایشی ئاڵوگۆڕ لە فێبرایەری ١٩٥٥ دا لەنێوان عیراق و تورکیا کە بە پشتیوانی ئەمریکا و بەمەبەستی گەمارۆدانی یەکێتی سۆڤیەت بەناوی پەیمانی بەغداوە پێکهێنرا و هەریەك لەئێرانو پاکستانیش روویان لێکرد و بریتانیا و ئەمریکاش وەك

[27] - هةمان سةرضاوةي ثيشوو، ص١٥٥.



ئەندامی چاودێر بەشداربوون تیایدا[٢٨] ، سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە عیراقی سەردەمی مەلەکی عیراقێکی رووەو خۆرئاوا بووە.

## کودەتا دوای کودەتا

پەیوەندیی پتەو لەتەك خۆرئاوادا، بە کودەتاکەی "عەبدولکەریم قاسم" بۆ ماوەیەك کۆتایی هات و ئەقڵی عەرەبە ناسیۆنالیستیەکان رووەو یەکێتی سۆڤییەت زیاتر دەبزوا. بەم شێوەیەش دوای ئەوەی لە ١٤ی شوباتی ١٩٥٨دا عیراقو ئوردەن یەکێتییەکی هاشمیان پێکهێنا کە مەبەست لێی راگرتنی باڵانسی هێز بوو بەرامبەر (کۆماری عەرەبی یەکگرتوو) کە لە یەکگرتنی میسر و سوریا پێکهات و عیراق و ئوردەنی هاندا (دەوڵەتی یەکێتی هاشمیی عەرەبی) پێکبهێنن. یەکێتییەك کە تەنیا چەند مانگی خایاند و لەتەك کۆتایی هێنان بە سیستمی مەلەکی دا لەعیراق، کۆتایی پێهات[٢٩] .

[28] - http://www.isn.ethz.ch/pubs/ph/details.cfm?lng=en&id=16865
IRAQ BETWEEN OCCUPATIONS/OBSERVATIONS ON IRAQ AND THE GREAT POWERS (1933–2003)/M.K. Abdullah Saeed and Christopher O'Sullivan/p7

[29] - http://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%81%D9%8A%D8%B5%D9%84_%D8%A7%D9%84%D8%AB%D8%A7%D9%86%D9%8A

عەبدولكەریم قاسم (١٩١٤- ١٩٦٣)، كە بەخۆشەویستی نیشتمان و چینە هەژارەكانی عیراق ناسرابوو، (سەرباری بەشداریكردن لە تاوانكاریی لە كەركوك و موسڵدا لەدژی نەیارە سیاسییەكانی)، وەك ئەفسەرێك لە تەمەنی ٢٠ساڵیدا لە كەتیبەی پیادە دەستی بە ژیانی سیاسی و سەربازییكرد، لەساڵی ١٩٥٦ دا بووە عەقید و لە لیوای ٢٠ی پیادە دانراو دواتر عەبدولسەلام عارف (١٩٢١-١٩٦٦) یارمەتیدا، بەرێكخراوی "ئەفسەرانی ئازادیخواز"ی عیراق ئاشنا بێت. ئەو ئەفسەرانەی كە دواجار دەرفەتی پلانی پەڕینەوەی سوپای ئوردەنیان بە بەغدادا قۆستەوە و لە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨دا ، و بە بەكارهێنانی لیوای ٢٠ی پیادە، فەرماندەیی گشتی سوپا و بنكەی ئێزگە و كۆمەڵگەی وێستگەی تەلەفۆنی ناوەندییان كۆنترۆڵ كرد و كۆتاییان بە سیستمی مەلەكی لەعیراق و دەسەڵاتو ژیانی مەلیك فەیسەڵی دووەم (١٩٣٥-١٩٥٨) هێنا [30] .

بەڵام لە عیراقی كوشتن و كودەتا و تۆقاندندا، قەیرانی سیاسی و سیكیوریتی بەردەوامەو كورسییە خوێناوییەكەی دەسەڵات، ئیدی ئاشنایە بە خیانەت و دوورخستنەوە و زیندانیكردن و لەسێدارەدان.

بەم پێیە، عەبدولسەلام عارف، كە لە كودەتای ١٤ی تەموزدا ،بەیاننامەی سەركەوتنی شۆڕشی خوێندەوە و هەرچەندەش لەسالانی

[30]http://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%81%D9%8A%D8%B5%D9%84_%D8%A7%D9%84%D8%AB%D8%A7%D9%86%D9%8A



سەرەتای دەسەڵاتی قاسم دا ،وەك كەسایەتی پلەدووی عیراق و جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری ناوخۆی عیراق دەركەوت، بەڵام هێندەی نەبرد، ناكۆكی كەوتە نێوان هەردوو ئەفسەرە كودەتا چییەكەی عیراقەوە و عەبدولسەلام عارف، بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ كودەتا، حوكمی لە سێدارە دانی بەسەردا درا كە دواتر ئەو حوكمە بۆ زیندانی هەتا هەتایی و پاشانیش بۆ ئیقامەی جەبری بۆ ماوەی ٨ مانگ كەمكرایەوە، ئەویش بەهۆی نەبوونی بەڵگەنامەی تەواو لەسەر تێوەگلانی عارف [31] .

كودەتای بەعسییەكانیش لە شوباتی ١٩٦٣ دا بە پشتیوانیی عەبدولسەلام عارف گەڕانەوە بۆ دواوە بوو بەتایبەت لەو رووەوەی كە بەعسییەكان پەیوەندییان لەگەڵ بەرەی خۆرئاوا و لە دژی بەرەی سۆڤیەت برەو پێدا، ئەمەش لە كەرتی ئابوری و پەروەردە و تێكنۆلۆژی و هتد دا .. بەڵام ئەم پەیوەندییە هێندەی نەخایاند، چونكە جەنگی ١٩٦٧ی "عەرەب ـ ئیسرائیل" و هەڵوێستی ئەمریكا لەو جەنگە، عیراقی لە بەرەی خۆرئاوا دوور و لە یەكێتی سۆڤییەت نزیك خستەوە [32] .

[31]http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%B9%D8%A8%D8%AF_%D8%A7%D9%84%D8%B3%D9%84%D8%A7%D9%85_%D8%B9%D8%A7%D8%B1%D9%81

[32] - http://www.isn.ethz.ch/pubs/ph/details.cfm?lng=en&id=16865
IRAQ BETWEEN TWO OCCUPATIONS/OBSERVATIONS ON IRAQ AND THE GREAT POWERS (1933–2003)/**M.K. Abdullah Saeed and Christopher O’Sullivan/p8**

## بەعس ، گەشە و شکست

حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی کە لە ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨وە جێدەستی لە ئاراستە و رەوتی سیاسی و سیکیوریتی عیراقدا دیارە، لە کۆتایی چلەکاندا(٧-٤-١٩٤٧) لە سوریا و لە نێو توێژێکی خوێندەواری زانکۆدا لە دیمەشق دامەزرا،توێژێك کە شانازیان بە شۆڕشی ئایاری ١٩٤١ دەکرد(شۆڕشەکەی رەشید عالی گەیلانی سەرۆك وەزیری عیراق لە دژی ئینگلیز )[٣٣] .

حزبی بەعس کە لەوڵاتانی عەرەبی دراوسێ دا لقەکانی دەرکەوتن بەتایبەت لەعیراقدا، بە باشی رێکخرا و چالاکی فراوانی ئەنجامدەدا. ئایدیۆلۆژیای بەعسیزم هەرچەندە بانگەشەی عەلمانی بوونی دەکرد، بەڵام لەتەك کولتوری عەرەبیدا هاوتا دەهاتەوە. دروشمی رێکخستنی ناوەندیی حزبەکەش بریتی بوو لە یەکێتی (دەوڵەتانی عەرەب)، ئازادیی( لە دەسەڵاتی ئیمپریالیستەکان) و سۆسیالیزم ( دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر کاروباری ئابوری )دا و دوای کودەتای ١٩٦٨یش[٣٤] ، سەرکردایەتی باڵای

[33] http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%B1%D8%B4%D9%8A%D8%AF_%D8%B9%D8%A7%D9%84%D9%8A_%D8%A7%D9%84%D9%83%D9%8A%D9%84%D8%A7%D9%86%D9%8A

[34] - ئةحمةد حةسةن بةكر لة ١٧اي تةموزي سالَي ١٩٦٨ كؤتايي بة دةسةلآتي عةبدولرةحمان عارفي براي عةبدولسةلام هينا، ئةمةش دواي ئةوةي لة ضوارضيوةي



حزبی بەعس لە تێکەڵەیەك لە ئەندامانی سەربازی و مەدەنی پێکهات. ژەنەراڵ ئەحمەد حەسەن بەکر (١٩١٤-١٩٨٢) بە سەرۆکی کۆمار دانرا و وەزیرەکانی عیراقیش بریتی بوون لە ئەفسەرانی سوپا و ئەندامانی مەدەنیی حزب و دۆستانی کە هێندەی نەبرد ئەو دۆستانەش کرانە ئەندامی باڵای حزب. لێرەشەوە ملکەچی بۆ حزب بووە تاقە پێوەر بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و ئەندامانی سوپا و هێزەکانی ئاسایشیش دەیانتوانی بە پشت بەستن بە حزب، گەورەترین پۆستەکانی دەوڵەت وەربگرن.

حزبی بەعس، کە بۆ ناسین و خوێندنەوەی، پێویست بەچەندین سەنتەرو ناوەندی لێکۆڵینەوەی تایبەت هەیە.. نزیکەی (٣٥) ساڵ لەعیراقدا حوکمی کرد. لەسەر ئاستی ناوخۆ، شیرازەی کۆمەڵگەی پچڕاند: کورد و عەرەبی لەیەکدی دابڕی و شیعە و سوننەی لێکتر کرد بە دوژمن، سەرجەم کۆمەڵگەی کردە سەرباز و تەواوی تێکنۆلۆژیاشی لە پێناو ئامانجی سەربازییدا بەکارهێنا، لەرێکخستنی دەسەڵات و راییکردنی ئیشوکارە گشتییەکاندا، پشتی بەئایدیۆلۆژیای تۆتالیتاریزم بەست، جارێکی دی لەڕوانگەی "مۆسۆلینی"یەوە لەمرۆڤی ڕوانی و لەچاوی "هیتلەر"ەوە

تاوان و تيرؤركاريیةكاني ميليشياي بةعس دا، ئةو ثارتة لةسةر ئاستي ناوخؤ، ١٠ مانط ثاش ئةوةي ئةحمةد حةسةن بةكر لة ١٩٦٣ دا بووة سةرؤك وةزير ، ليكترازا و عارف ،بةكري لة كورسي دةسةلآت دوور خستةوة.

http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A7%D8%AD%D9%85%D8%AF_%D8%AD%D8%B3%D9%86_%D8%A7%D9%84%D8%A8%D9%83%D8%B1

**تەماشای نەتەوەی رەسەنی کرد، بەمەش هەرەسی (١٩٧٥)ی بۆ کورد ،و جەنگی هەشت ساڵەی نێوان(عیراق ـ ئێران)ی بۆ گەلانی هەردوو وڵاتی دراوسیٚ، و لەساڵی(١٩٩٠) یشدا داگیرکردنی کوەیتی پێشکەش بە دراوسیٚ عەرەبە سوننەکەی باشوری و، جەنگی (١٩٩١)ی لەگەڵ هێزەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەسەرکردایەتی ئەمریکا، پێشکەش بەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد، کۆمەڵگەیەك کە دواتر (١٢) ساڵ ئابلۆقەی ئابووریی لەسەر گەلانی عیراق دانا و باجێکی قورسی لێسەندن . باجێك کە ژیانی بەشێك لە منالآنی ساوای ناوەڕاست و باشوری عیراقی یەکسانکرد بە مردن، لەبرسێتی و بیٚ خۆراکی دا." لە هەر هەشت منالێکی عیراقی خوار تەمەن ٥ ساڵ، منالێك بەهۆی گەمارۆوە مردووە، رێژەی تووشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجە لەمنالآندا ٥ هێندە زیادی کرد... و لەهەر چوار منالٚ، منالێك بەهۆی برسێتییەوە وازی لە خوێندن هێنا. سەرچاوەی ئەم ئامارەش نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی بووە".[٣٥]**

**بەمەش حزبی بەعس کە لەمێژووی پاوانکردنی دەسەلآتدا، عیراقی رووبەڕوی چەندین قەیران کردەوە، (قەیرانی سیاسی و سیکیوریتی ناوخۆ: جینۆسایدکردنی نەیارانی سیاسی ونەتەوەیی و مەزهەبی وەك کورد و شیعە، و قەیرانی ناوچەیی: جەنگ لەگەڵ ئێران و کوەیت، و قەیرانی نێودەوڵەتی: جەنگی دووەم و سێهەمی کەنداو) لە ٩ی ٤ی ٢٠٠٣ بتی**

35 - ناصر محمد الزمل،لماذا يكرهوننا، الطبعة الاولي، مكتبة العبيكان،رياض، ٢٠٠٤، ص ٢٣٣.



**سەرۆك کۆمارەکەی لە ناوەندی شاری بەغدا لەلایەن سوپای ئەمریکا و عیراقییەکانەوە رووخێنرا، و بەمەش کۆتایی بە دەسەڵاتە تۆتالیتاریزمەکەیان هات لە عیراقدا و هەرچەندە، ئەندامانی ئەو حزبە ئێستاش لە بوارە سەربازی و سیاسییەکانی عیراقدا لە جووڵەدان، بەلآم تین و تاوی رابردوویان نەماوە، گەرچی هێشتا هەوڵ بۆ زیندوو کردنەوەی ئەو رابردووە سامناکەی مێژووی عیراق دەدەن.**

**لێرەشەوە مێژووی سیاسی و سیکیوریتیی نوێی عیراق دەست پێدەکات کە لەلایەك مژدەی کرانەوە و فرەیی و پاراستنی ئازادییەکانی پێیە و لەلایەك زرمەی تەقینەوەی بۆمبی چێنراو و لاشەی بۆمبڕێژکراو، زیرەی بە دیموکراسیخوازانی کردووە.**

**مێژووی نوێی عیراق کە لە ٩-٤-٢٠٠٣وە دەست پێدەکات، مێژووی تێکەڵاوبوون و زیندووبوونەوە و ئازادبوونی رەنگ و دەنگ و مەزهەب و ئیتنیکە سەرکوتکراوەکانی نێو عیراقە.. بەڵام زیندووبونەوەیەك کە هێشتا باوەڕی بەزیندوێتی خۆی و مافی ژیانی ئەوانی دیکەش، نەهێناوە.**

## بابەتی دووەم:

# عیراق دوای ڕووخانی بتەکە

خستنی بتە گەورەکەی سەدام حسێن لە گۆڕەپانی فیردەوس (٩ی ٤ی ٢٠٠٣)، کەوتنی ئەو عیراقە بوو کە ساڵانێکی دوورو درێژ لەسەر بنەمای ترس و تۆقاندن، بنیادنرابوو.

کەوتنی بەغداد و ئەو سیستمە سیاسییە خوێنگرتووەی ناوی، سەرەتا هیوایەك بوو بۆ تەواوی ئەو عیراقیانەی پێشتر نەیاندەتوانی ڕۆژێکی وەها گەش لەئاسۆی بەتەلبەندگیراوی وڵاتەکەیاندا ببینن. بەڵام ئەو خەونە نوێیەش زۆری نەخایاند کە زرمەی تەقینەوەی ئوتومبێل و مرۆڤی بۆمبڕێژکراو، کوشتن لەسەر ناسنامەو بوونە قوربانیی لەپێناو مەزهەب، ئازادیخوازیی، دیموکراسی و تەنانەت کوشتن لەسەر قژ چاکردن بە مۆدێلی خۆراوایی، لەبەرکردنی جل و بەرگی وەرزشی لەسەر شەقام، کڕین و بەکارهێنانی سەهۆڵ[36] .. لە بەشێکی بەرچاوی عیراقدا بووبە دیاردە. ئەمەش ئەو قەیرانەیە کە توانای بزاوتن و جووڵەی لە وڵاتەکە بڕیووە.

[36]http://www.aawsat.com/detailes.asp?section=4issue=10085&article=372289



وڵاتێك کە بەپێی بەشێك لە هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی دەستەی لێکۆڵینەوە لەعیراق (ئەو دەستەیەی لە ئەپریلی ٢٠٠٦ لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوە بۆ ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەسەر عیراق لە ١٠ پسپۆڕ پێکهێنران و لەمانگی دیسەمبەری هەمان ساڵدا ڕاسپاردەکەیان پێشکەش بە سەرۆکی ئەمریکا کرد)[37]:

" دۆخی عیراق مەترسیدار و لە خراپبووندایە.. ئەگەر ئەو دۆخەش بەردەوام بێت کارەساتی توندی لێدەکەوێتەوە. داخزان بەرەو ئەنارچی، مانای ڕووخانی حکومەت و ڕاگەیاندنی پەیامی کارەساتی مرۆیی دەگەیەنێت، دەستتێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێی لێدەکەوێتەوە، ناکۆکیی نێوان شیعەو سوننە پەرەدەسێنێت و بازنەی ناکۆکیەکەش فراوان دەبێت، ئەلقاعیدە لەڕووی بانگەشەوە سەردەکەوێتو سنوری چالاکییەکانی فراوان دەکات، دۆخی ئەمریکاش لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا بەرەو ناچالاکی دەچێت".

کە سەرۆك بوش ئەو ڕاپۆرتەی وەك ناوەڕۆك پەسەند کردو لەبەرواری (٩ی دیسەمبەری ٢٠٠٦) ڕایگەیاند، "ڕاپۆرتەکە وێنەیەکی

-[37]http://newsvote.bbc.co.uk/mpapps/pagetools/print/news.bbc.co.uk/hi/arabic/press/newsid

راستگۆیانەیان سەبارەت بە مەترسیداریی دۆخەکە نمایش کردووەو هاوبیرم لەگەڵ ئەم هەڵسەنگاندنەدا"[38].

## هێرش و پەلامارەکان ، چەند ئامارێک

بەگوێرەی ئەو پەندە کۆنە ئەوروپاییە "ئاسانترە هەزار سەرکردە سوپایەك پێکبهێنن وەك سوپایەك بتوانێت هەزار سەرباز بەرهەم بێنێت"[39]، لەکاتی ئێستادا عیراق نزیکەی ٣٢٩ هەزار چەکداری لە هێزەکانی ئاسایشدا هەیە بەڵام دۆخی ئاسایشی عیراق، باشبوونێکی بەرچاوی بەخۆوە نەبینیووە، بەڵکو بەپێی ئامارێکی سەرنج راکێش، توندوتیژییەکان لەم چوار ساڵەی رابردوودا، ساڵ لە دوای ساڵ زیادیان کردووە[40] :

" لەساڵی ٢٠٠٣ دا لایەنگرانی نیشتمانپەروەری و شەریعەت و میلیشیا شیعەکان، ١٧٥ کردەوەی چکدارییان لەدژی هێزەکانی ئەمریکا ئەنجام دا، ساڵی ٢٠٠٤ هێرشەکان گەیشتنە ٦٥٥ هێرش لە مانگێکدا، لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٥ - ٢٠٠٦ هێرشەکان گەیشتنە ٢٠٠٠-٣٠٠٠ کردەوەی توندوتیژ لەیەك مانگدا، هەروەك کردەوەی خۆکوژییش لە ٢٠ کردەوەی مانگێکی ساڵی ٢٠٠٣ دا، بووە ٤٨ کردەوە لە مانگێکی ٢٠٠٤ و بووە ٧٠ کردەوە لە یەك مانگی ٢٠٠٥ و بۆ ساڵی ٢٠٠٦یش لە یەك

38 - http://usinfo.state.gov

39 - http://www.globalsecurity.org/military/ops/iraq_security.htm

40 - سقوط بغداد في نیسان ٢٠٠٣ :..مشرق عباس،الحیاة،٩\٤\٢٠٠٧



مانگدا ٧٥ هێرشی خۆکوژیی تۆمار کراوە لەعیراقدا".

بەپێی ئامارێکی هاوشێوەش لەسەرەتای ٢٠٠٤ رۆژانە ٢٥ هێرش و لە کۆتایی ئەو ساڵەدا رۆژانە ٦٠ هێرش لەعیراقدا ئەنجام دەدرا، هێرشەکان دواتر ئاراستەی بۆنە ئاینییەکان و رووداوە سیاسییەکان کران و لەرۆژی ٣١ی یەنایەری ساڵی ٢٠٠٥دا، تەنیا لە یەك رۆژدا ٣٠٠ هێرشی یاخی بووان تۆمار کرا، ئەمەش دوو هێندەی باڵاترین تۆمار بووە کە لەیەك رۆژی رەمەزانی ٢٠٠٤ دا، ١٥٠ هێرش تۆمار کرابوون[41]. گەر بشزانرێت کە ئەو هێرشانە لەناوەڕۆکدا ٨٠ ٪ ی بریتین لە تاوان و ئەوەی تری هێرشن کە لەقاڵبی ئامانجی سیاسیدا ئەنجام دەدرێن، دەبینرێت، گەورەترین کێشەی عیراق، نەبوونی ئارامیو هەوڵدانی بەردەوامی تیرۆریستانە بۆ شێواندنی ئاسایشی وڵات .. ئاسایشێك کە بۆ بنیادنانەوەی حکومەتی عیراق لەمیزانییەی گشتیی ئەمساڵ (٢٠٠٧)، کە (٤١) ملیار دۆلارە، (٧,٥) ملیار دۆلاری بۆ تەرخان کردووە[42].

41 - http://www.globalsecurity.org/military/ops/iraq_security.htm

42 - http://arabic.cnn.com/2006/business/12/25/iraq.economy/index.ht

## شکست له بینادنانی هێزەکانی ئاسایشدا

لەبەر چەند هۆکارێك، لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا، عیراق و ئەمریکا نەیانتوانیووه کەرتی سەربازی، ئاسایش، پۆلیس و موخابەرات، لەعیراقدا بەتەواوی بنیادبنێنەوه، ئەویش چونکه :

١- ئەمریکا دەیەوێت سوپای عیراق لەسەر میتۆدی سەربازیی سوپای ئەمریکا پەروەردە بکات، (واته رووبەرِوی هێرشی دەرەکی ببنەوه)، بەلاّم کێشەی عیراق کێشەی قەیرانی ئاسایشی ناوخۆییەو پێویستە هێزە چەکدارەکانی حکومەتی عیراق له سەرکوتکردنی یاخی بوون و شەرِی نێو شەقامەکاندا رابهێنرێن.

٢- دەزگای ئاسایشی ناوخۆ لاوازە،ئەمریکا دەیەوێت بە سیستمی خۆی بنیادی بنێت و عیراقیش لەسەر سیستمی خۆی راهاتووە،بەتایبەت کە سیستمی موخابەراتی عیراقی پێویستە لە کۆکردنەوەی زانیاریی ناوخۆی ولاّتدا کار بکات کە پێچەوانەی میتۆدی کارکردنی "سی ئای ئەی" ئەمریکایە، کە (میتۆدێکە رووەو دەرەوە).

٣- ژیانی چەکدارانی رەسمیی حکومەتی عیراق لەمەترسیدایە و لەماوەی ساڵانی رابردوو بە سەدان جار بنکەکانی ناونووسینی پۆلیس و سوپا کراونەتە ئامانجی تیرۆریستی، سەدان پۆلیس و سەرباز لە کاتی گەرِانەوە بۆ نێو ماڵەکانیان تیرۆر کراون، تیرۆریستان دزەیان کردۆتە نێو یەکەکانی سوپا و پۆلیسەوە و زانیاری وردیان لەسەر جموجوڵ و



چالاکییەکانی هێزەکانی ئاسایش دەست دەکەوێت و ئەمەش واتە شکستهێنانی هەندێك لەو ئۆپەراسیۆنانەی بۆ دەستگیرکردنی باند و تاقمە یاخییەکان ئەنجام دەدرێن.

٤- چەکێکی زۆر بلاّوبۆتەوە لە ئاکامی رووخانی رژێمی پێشووی عیراق کە هۆکارەکەی هەم بۆ پلانی پێشوەختی پاشماوەکانی بەعس و هەم بۆ چاوپۆشیکردنی هێزەکانی ئەمریکا دەگەرِێتەوە کە دوای ئەوەی هاتنە نێو عیراق، جگە لە دامەزراوە نەوتییەکان، هیچ ناوەندێکی حکومەتی رووخاویان نەپاراست .

٥- راهێنان و توانا سەربازییەکانی عیراق لاوازە، کە لەراپۆرتەکەی بەیکەر- هاملّتن یش دا ئاماژەی پێدراوە.

٦- ئینتمابوون بۆ تایەفە و نەتەوە و مەزهەبێکی دیاریکراو لە نێو ریزەکانی هێزەکانی ئاسایشی عیراقدا وای کردووە لەبری پەیوەست بوون بۆ نیشتمان، پەیوەست بوون بۆ نەتەوە و تایەفە و مەزهەب بۆتە بنەما و ئەمەش فاکتەرێکی کوشندەیە بۆ سیستمێك کە مەبەستی بێت لەسەر بنەمای ژیان و ئاسایشی هاوبەش، ولاّتی نوێ بیناد بنێت. بەتایبەت کە لەماوەی رابردوودا هێزەکانی عیراق ئەرکەکانی لیوایەکی پۆلیسیان لە بەغدا هەڵپەساردووە. ئەو لیوایە لە ٧٠٠ پۆلیس پێکهاتووە و سەر بە

وەزارەتــی نــاوخۆی عیراقــەو تۆمــەتی تێــوەگلانی لەســەرە، لــە کــردەوەی تیرۆریستی و کارکردن لە گروپەکانی مەرگدا[٤٣].

ئەگەرچی لەسالانی رابــردوودا ســەرانی ســەربازیو سیاســیی عــیراق و ئەمریکا، مژدەی باشتر بوونی دۆخی عیراقیــان بــەڕای گــشتی داوە، بــەڵام فاکتەکان بەشێوازێکیتر دۆخی عیراق پێناسە دەکەن، بــۆ نمونــە: لەســاڵی ٢٠٠٤ ، پاش کۆنترۆڵکردنی فەللوجە، ژەنراڵ ریــچارد مایــەرز، ســەرۆکی دەستەی ئەرکانی هاوبەشی ئەمریکا ڕایگەیاند :"باوەڕم وایە لــە لێــواری سەرکەوتنداین"، پاش ٦ مانگ ئەبی زەید فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لــەعیراق و ئەفغانــستان وتــی :" کــە ئــەم جەنگــەمان بــردەوە.. ئێمــە دەیبەینەوە .. تیرۆریستان هیچ شوێنێکیان نامێنێت خۆیانی تێــدا حەشــار بدەن"[٤٤] .. بەڵام بە بڕوای "پاتریك کلاوسن" لانــی کــەم بــۆ چــەند ســاڵی داهاتوو لەعیراقدا جەنگی ناوخۆو ئاستەنگەکانی ئابووریی دەبینرێت، کە دژ بـــە بەرژەوەندییـــەکانی ئـــەمریکا و ناپەسەندیـــشە بـــۆ عـــیراق، ئاستەنگەکانی عیراق مایەی ناکامییە بۆ گەلانی عیراق .. گەلانێك پــاش دەیان ساڵ لەچاوەڕوانیی ئاشتی، هێشتا بەئاشــتی نەگەیــشتوون .. عــیراق

43 - HTTP:\\WWW.LATIMES.COM\NEWS\NATIONWORLD\IRAQ-4-10-2006

44 - How to Win in IraqBy Andrew F. Krepinevich Jr. From *Foreign Affairs*، September/October 2005
http://www.foreignaffairs.org



تــا ســاڵی ٢٠١٥ کۆمەڵگەیــەکی لاواز و بــێ بەرهــەم دەبێــت، چــونکە نەحکومەتو نە یاخیبووان هێندە بەهێزنین کە بتوانن هاوکێشەی عــیراق بەلایەکدا بخەن[٤٥].

## دۆخی مافی مرۆڤ: مەترسی و زەنگێك

جاناتان مارکۆس وتەبێژ بەناوی وەزارەتی دەرەوەی بریتاینا سەبارەت بــە رەوشی مافی مرۆڤ، رایگەیاند: ئەفغانستان و عیراق هێشتا لە ریــزی ئــەو وڵاتانەدان کە پێشێلکردنی مــافی مــرۆڤ تیایانــدا مایــەی نیگەرانییــەو، دۆخی مافی مرۆڤ لەعیراقدا هێندەی ســەردەمی دەســەڵاتی ســەدام حــسێن خراپە[٤٦] ، کۆمیسیۆنی پەنابەرانی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (٢٣-٣)ئاشــکرای کــردووە بــە بــەراورد لەگــەڵ ســاڵی ٢٠٠٦دا، رێــژەی داواکاریی مافی پەنابەرێتی بەرێــژەی ٨٠ ٪ ی زیــادی کــردووە. لێرەشــەوە عیراق لەسەروی لیستی ئەو دەوڵەتانەدایە کە زۆرترین دانیشتوانی وڵاتیان جێهێشتووە و داوای مافی پەنابەرێتیان کــردووە لــە وڵاتــانی تــر[٤٧]، و لــەم

45 - Patrick Clawson Iraq's Future: A Concept Paper- *Middle East Review of International Affairs*، June 2006
http://www.washingtoninstitute.org/templateC06.php?CID=937

46 - http://www.bbc.co.uk/persian/news/story/2006/03/060306_mj-iraq-us-amnesty.shtml

47 - http://news.bbc.co.uk/hi/arabic/middle_east_news/newsid_6488000/6488427.stm

کاتەشدا کە چوار ملیۆن عیراقی، لەترسی شەڕ و ئاژاوە و نائارامی، ناچاربوون لەماوەی ٤ ساڵی رابردوویاندا، زێدی خۆیان بەجێبێڵن و تەنیا بەغدا، ٩٠٠ هەزار منداڵی بێ باوکی تێدایە[48].. پلانی سەپاندنی یاسا لەبەغدا دەستپێکردنی پێویستە.

## سەپاندنی ئاسایش، کلیلەکە لە بەغدایە

پلانی سەپاندنی ئاسایش کە سەرەتا وەك تیۆریی "نیوکۆنەکان" بەرامبەر پێشنیارەکەی دەستەی (بەیکەر ـ هاملتن) خرایە روو، دواتر لەلایەن راوێژکاری سەرۆك بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکاوە پشتگیریی لێکرا. ستیڤن هادلی لەم چوارچێوەیەدا، لەکۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٦ سەردانێکی بۆ بەغدا ئەنجام دا و دەرئەنجامی ئەو سەردانە رایگەیاند "بەغداد کلیلە"[49]. هادلی لەوتارێکدا لە رۆژنامەی "واشنتۆن پۆست ٢٩-١-٢٠٠٧" بڵاویکردەوە لەبەرئەوەی راپۆرتی (بەیکەر ـ هاملتن) ئاشکرای کردووە شکست لەعیراقدا ئاکامی کارەساتباری دەبێت بۆ سەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئەمریکا، لە

---

48 - http://www.aawsat.com/default.asp?myday=17&mymonth=4&myyear=2007&goSearch2.x=8&goSearch2.y=6

49 - http://www.washingtonpost.com/wpdyn/content/article/2007/01/28/AR2007012800922.html



ناوچەیەکی یەکلاکەرەوەی پڕ بایەخ و لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی لە ناوخۆی نیشتماندا، و لەبەرئەوەی تێکچوونی ئاسایشی عیراق، ئەگەری دەستتێوەردانی ئیقلیمی و تێکچوونی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی لێبەرهەم دێت، پلانی دابینکردنی ئاسایشی بەغداد دەست پێدەکرێت کە زیادکردنی هێزی سەربازیی و چەند بەرابەر کردنی تیمی بنیادنانەوە دەگرێتەوە و لە تایبەتمەندییەکانی پلانی بەغدا:

١- پلانێکە عیراقییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی پایتەختەکەیان ئەنجامی دەدەن.

٢- ژمارەی سەربازانی ئەمریکا و عیراق گونجاوە بۆ کێومالکردن و دواجار بۆ پاراستنی ناوچەکان.

٣- چەمکێکی نوێ پیادە دەکرێت کە چەمکی پاراستنی دانیشتوانی بەغدایە.

٤- گروپەکان بێ جیاوازی لێیان دەدرێت و ئەم پلانە، پرۆسەی سەربازیی و یارمەتی ئابووری لەگەڵدایە[50].

پلانی دابینکردنی ئاسایشی بەغداد کە نوری مالیکی لەکەربەلا لە ٢٧ی یەنایەری ئەمساڵدا بەرەسمی دەستپێکردنی ڕاگەیاند و لە ١٤ی فێبرایەردا بەرەسمیی و لەژێر ناوی پلانی سەپاندنی یاسا لە بەغداد دەستی

---

50 - http://www.washingtonpost.com/wpdyn/content/article/2007/01/28/AR2007012800922.html

پێکرد، هێندەی نەبرد کاریگەریی گەورەی لەسەر دۆخی ئاسایشی بەغدا جێهێشت .. دیاردەی میلیشیاکانی کەمکردەوە، لە بەشێکی بەرچاوی ناوچە گرژەکاندا پێکدادان کەمبۆوە، نزیکەی ١٠٠ هەزار چەکداری حکومەتی عیراق و هاوپەیمانان بە بەغدادا بڵاوکرانەوە کە دواتر ئەم پلانە بەرەو موسڵیش گوێزرایەوەو رۆژی (٣-٤) پلانی سەپاندنی یاسا لەموسڵیش دەستی پێکرد. ئەمە لەکاتێکدایە کە بەوتەی ژەنراڵ ولیام کالدویل توندوتیژیەکان لە بەغدا لەمانگی مارس بەرێژەی ٢٧ ٪ کەمی کردووە لەچاو مانگی فێبرایەر[٥١]، لێرەشەوە سەرۆکی ئەمریکا (٢٤ی ئەپریل) جارێکی تر داوای دانبەخۆداگریی زیاتری کرد و وتی پلانی بەغدا کە زیاد لەدوو مانگە دەستی پێکراوە، بەم نزیکانە ئاکامەکەی دەرناکەوێت و پێویستە بەرهەڵستکارانی جەنگ دانبەخۆدا بگرن[٥٢].. دان بەخۆداگرییەك کە دیموکراتەکانی ئەمریکا ئیدی پێدەچێت نەتوانن لەسیاسەتیاندا بەرامبەر عیراق پیادەی بکەن. دیموکراتخوازەکان دەیانەوێت پرۆژەیەك گەڵاڵە بکەن کە بتوانێت ئەو راسپاردانە هەڵوەشێنێتەوە کە کۆنگرێسی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٢دا سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای، بەمەبەستی هەڵایسانی جەنگ لەدژی رژێمی بەعسی

- 51 http://www.bbc.co.uk/persian/worldnews/story/2007/04/070404_si-iraq-securityplan.shtml

- 52 http://arabic.cnn.com/2007/middle_east/3/19/bush.speach/index.html



عیراق پێ راسپاردبوو[٥٣] ،چونکە بە بڕوای ئەو زۆرینەیەی کۆنگرێسی ئەمریکایان بەدەستهێناوە، ستراتیژی سەرۆك بوش بۆ عیراق کە لەسەرەتای مانگی یەنایەری ئەمساڵ سەبارەت بە عیراق و بڵاوکردنەوە و رەوانەکردنی ٢١٥٠٠ سەربازی ئەمریکای لەعیراقدا خستەڕوو، نەك تەنیا ستراتیژێکی سەرکەوتوو نییە، بەڵکو تاکتیکێکی سەربازییە کە خۆی لە زیادکردنی ژمارەی سەربازاندا دۆزیوەتەوە هێشتا نەیتوانیوە ئەوەی ئەمریکاییەکان دەیانەوێت، بینێتەدی.

لەم چوارچێوەیەشدا کە لە رۆژی ٢٣ی یەنایەری ٢٠٠٧ فەریق "دەیڤید پیترایۆس"، لەبەردەم ئەندامانی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا رایگەیاندبوو: "ستراتیژی بڵاوکردنەوەی لیوای زیاتر لە بەغدا، باشترین پلانە بۆ رێگرتن لە پێکدادانی تایەفی"[٥٤]، بەڵام پیتریۆس، فەرماندەی سوپای ئەمریکا لەعیراق لە (٨ \ ٣\ ٢٠٠٧) لە بەغدا رایەکی تری ئاشکرا کرد کە قەیرانی عیراق چارەسەری سەربازیی نییە و ئاشتبوونەوەی سیاسیی پێویستە بۆ کۆتایی هێنان بە یاخیبوون و نائارامیی لەعیراقداو، حکومەتی عیراق کە زۆرینەی شیعەیە، دەبێت لەگەڵ میلیشیا چەکدارە سوننە مەزهەبەکاندا بکەوێتە رێکەوتن و دانوستان[٥٥]. جارێکی تر

53 - **associated press news** \26-2-\2007

54 - http://usinfo.state.gov/archive/display.html

55 - http://news.bbc.co.uk/hi/arabic/news/newsid_6429000/6429163.stm

هەمووان هێدی هێدی بۆ دیپلۆماسییەتەکەی دەستەی (بەیکەر ـ هاملتن) گەڕانەوە[٥٦] "راپۆرتی بەیکەرـ هاملتن کە لە ٦ی دیسەمبەری ٢٠٠٦ دا خرایەڕوو، پێشنیاری کردبوو، پرۆسەی دیپلۆماسی لەسەر ئاستی هەرێمایەتی، برەو پێبدرێت، حکومەتی عیراق بەهێزبکرێت، ئەرکی سوپای ئەمریکا لەجەنگاوەرەوە بۆ پارێزگاریکار و راهێنەری سەربازانی عیراق بگۆڕدرێتو لەعیراقدا کار بکرێت بۆ بەهێزکردنی توانا ئیستخباراتییەکان .. پێشنیارێك کە خزمەتی زیاتر بە بەرژەوەندیی ئەمریکا دەگەیەنێت".

هاوکات،سەرکردایەتی دیموکراتەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا پێشنیاری ئەوەیان خستە بەردەم کۆشکی سپی کە تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٨ هێزە شەڕکەرەکانیان لە عیراق پاشەکشێ پێبکەن. "هاری رید"، سەرۆکی زۆرینەی دیموکراتەکان لە کۆنگرێس، (٩\٣\٢٠٠٧) رایگەیاند :"پرۆسەی پاشەکشێ پێکردنی سەربازانمان لە عیراق لە ٣١ی مارسەوە دەست پێدەکات و تا ٣١ ئۆگەست دەخایەنێت". رید هۆکاری پێشکەشکردنی پرۆژەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە "ستراتیژی سەرۆك(بوش) بەرامبەر عیراق چالاکنەبووە و پێویستە کۆنگرێس خۆی یەکلا بکاتەوە کە ئایا شوێن سیاسەتێکی شکستخواردوو دەکەوێت یان

---

[56] - William J. Perry Testimony to the Senate Committee on Armed Services
http://armedservices.senate.gov/statemnt/2007/January/Perry%2001-25-07.pdf



رێی تر دەگرێتەپێش ". رێگەیەك کە جۆرج دەبلیو بوش، ئامادەیی نیشاندا بۆ داخستنی بەرووی دیموکراتەکاندا، "ڤیتۆ" بەکار بێنێت[٥٧].

ئێستاش کە لەراپرسییەکدا (سایتی بی بی سی، ١٩\٣\٢٠٠٧) بلاوکراوەتەوە، دەرکەوتووە ئەوانەی لەعیراقدا بڕوایان بەهێزەکانی ئەمریکا ماوە رێژەی (١٨٪)ی عیراقییەکان تێپەڕناکات، لەراپرسییەکی هاوشێوەشدا کە لەنێو ١٠٢٧ ئەمریکایی بەرێوەچوو، تەنیا ٣٥٪ی دەنگدەران متمانەیان بە حکومەتی ئەمریکا هەبووە کە هەڵسوکەوتەکانی بەرامبەر عیراق شیاوە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ٤ ساڵی بەر لەو راپرسییە، ٨٣٪ ی ئەمریکاییەکان دەنگیان لەپاڵ دەنگی لایەنگرانی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عیراقدا بوو[٥٨]، دەردەکەوێت عیراقو ئەمریکا لەهەموو کات زیاتر پێویستیان بە هاوکاریی نێودەوڵەتی هەیە.

لێرەشەوە، جارێکی تر پێشنیارەکەی دەستەی لێکۆڵینەوەی عیراق، هێنرایەوە سەر مێزی سیاسەتی دەرەوەی کۆشکی سپیو لەدووەمین هەفتەی مانگی مارس "کۆنگرەی ئاسایشی بەغدا" لە بەغدا بەسترا.

---

[57] - http://news.bbc.co.uk/hi/arabic/news/newsid_6432000/6432479.stm

[58] - http://arabic.cnn.com/2007/middle_east/3/19/POLL.confident.pride/index.html

پێشتر لیژنەی "بەیکەر- هاملتن" لەراپۆرتەکەیدا داوای کردبوو، سوریا سعودیە، تورکیا و ئێران ، بێنە نێو هاوکێشەی عیراقەوە و "هێنری کیسینجەر"یش، بەشداریی پێنج وڵاتە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش، دەوڵەتانی دراوسێی و تەنانەت هیند و پاکستانی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سیاسی - سیکیوریتی عیراق، لەکۆنگرەیەکدا بە پێویست زانیبوو کە ئەگەر لێدوانێکی سەرۆکی ئەمریکاش بەهەند وەربگیرێت کە سەبارەت بە ستراتیژی نوێی ئەمریکا وتبووی:" دیپلۆماسییەت رۆڵی گرنگ دەبینێت لە دابینکردنی داهاتووی عیراقدا"[٥٩].. ئیدی بەستنی کۆنگرەی بەغدا و دانیشتنەکان لە پەراوێزی ئەو کۆنگرەیەدا،مایەی سەرنجدان بوون. بەتایبەت کۆنگرەیەك کە توانی لەسەر مێزی قوماری عیراق، ئەمریکا و ئێران لەیەکتر نزیککاتەوە و هیوایەك بە عیراقییەکان ببەخشێت.

---

- 59

David Pollock
Meeting with Iraq's Neighbors: A Confidence-Building
2007.، or Much More? March 2،Measure
http://www.washingtoninstitute.org/templateC05.php?CID=2575



## هەوڵە نێودەوڵەتییەکان، کۆنگرەی بەغدا وەك نمونە

"کۆنگرەی ئاسایشی بەغدا" لەلایەن عیراقەوە ئامادەکاریی تەواوی بۆ ئەنجامدرا و بەم پێیە لە ٧ی دیسەمبەری ٢٠٠٦ وەزارەتی دەرەوەی عیراق لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە "بانگهێشتی دەوڵەتانی ناوچەکە، ئەندامانی جامیعەی عەرەبی و ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش کراوە، لەکۆنگرەیەکدا سەبارەت بە دۆخی ئاسایش و سەقامگیریی عیراق بەشدار بن"[٦٠]. بەشدارییەك کە دەیسەلمێنێت کۆنگرەی بەغدا لەدانیشتنە دوو قۆڵییەکانی نێوان: ئێران و عەرەبستانی سعودی، عیراق و ئێران، عیراق و سوریا، ئێران و سوریا و .. تاوتوێ کراوە و رەنگە هەڵوێستی دەوڵەتانی ئیقلیم تێیدا لێك نزیك و بەشدارانی ئەوروپاش لەخولگەی ئەمریکادا راکانیان بخولێتەوە.سەبارەت بە عیراقیش کە نوری مالیکی لە دەستپێکی کۆنگرەکەدا هەموو دەستێوەردانێکی دەرەکی تێیدا رەتکردەوە[٦١]،گرنگی کۆنگرەی ئاسایشی بەغدا بەپلەی یەکەم بۆ وڵاتەکە لەوەدا خۆی

---

- 60

David Pollock
Meeting with Iraq's Neighbors: A Confidence-Building
2007.، or Much More? March 2،Measure
http://www.washingtoninstitute.org/templateC05.php?CID=2575

- 61

http://news.bbc.co.uk/hi/arabic/middle_east_news/newsid_6437000/6437019.stm

دەبینێتەوە کە میوانداریی کۆدژییە سیاسیی و سیکیوریتییە ئیقلیمی و جیهانییەکانی کرد، ئەو کۆدژیانەی کە بەریەککەوتنەکانیان لەعیراقدا رەنگی داوەتەوە، و لەلایەکی دیکەشەوە هەڵبژاردنی بەغدا بۆ بەستنی کۆنگرەکە ئەوەی سەلماند کە، هەم ڕێز لەسەروەریی عیراق گیراوەو هەمیش حکومەتی نوری مالیکی هێندەی توانا هەیە کە ئاسایشی پایتەختەکەی بپارێزێت.

ئێستاش کە بڕیارە وەك درێژکراوەی کۆنگرە تایبەت بەئاسایشەکەی عیراق، بە دەیان دەوڵەت لە "شرم الشیخ"ی میسر لەسەرەتای مانگی ئایاردا کۆببنەوە، هەڵوێستی دەوڵەتانی عەرەب بەرامبەر عیراق دۆستانە نییەو تەنیا لەدروشمدا هەڵوێستەکان، ڕەنگکراوە: جامیعەی وڵاتانی عەرەب لەرۆژی ٤ی مارس و لەدەستپێکی کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی عەرەب، داوایان لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد پێویستە خشتەیەك بۆ پاشەکشەپێکردنی سەربازانی بیانی لەعیراق دیاری بکرێت، ئێرانیش کە لەدۆسییەی ئەتۆمیو دۆسییەی دەستتێوەردان لەکاروباری ناوخۆ و دروستکردنی قەیرانی ئاسایش بۆ عیراقدا تێوەگلاوە و لەدواترین راپۆرتی پێنتاگۆن دا ، بەیارمەتیدانی چەك و تەقەمەنی بۆ چەکدارە سوننە مەزهەبە یاخییەکانی نێو عیراق تۆمەتبار کراوە[62] ، لەبری ئەوەی بیەوێت قەیرانی سیاسی و کێشە سیکیوریتییەکانی عیراق چارەسەر

_ 62 http://news.yahoo.com/s/ap/20070411/ap_on_re_mi_ea/iraq;_ylt=Ap0Mc1AmsJ5dbzfWk6M0Y7Os0NUE



بکات، بەشوێن بەرژەوەندیی خۆیدا دەگەڕێت، تورکیاش کە هەم هیلالی تورکمانی لە کەرکوکەوە بۆ موسڵ لێ بزر بووە و هەم لە سەربەخۆبوونی کوردەکانی عیراق دەترسێت و هەم ئاسایشی نەتەوەیی دوچاری قەیران بۆتەوە، لەلایەك دەیەوێت لە هاوکێشەی کورد و پەکەکەدا، سەرکوتکارییەکانی بۆ کوردەکانی ناوخۆی وڵاتەکەی لەبەردەم رای گشتی ئەورووپادا بخاتە چوارچێوەی قەڵاچۆکردنی تیرۆریزمەوە و لەلایەك مەبەستێتی لەرێگەی فشار خستنەسەر هەرێمی کوردستانەوە، فشار بخاتە سەر دەسەڵاتی هەرێم کە بە کەمی بەغدا، قایل بن و بیر لەسەربەخۆبوون و ژیان لە پاڵ دراوسێیەکی وەك تورکیادا نەکەنەوە.. دراوسێیەك کە هاوپەیمانی ستراتیژیی ئەمریکایەو ئەمریکاش سەربەخۆیی کوردستانی لەم کاتەدا مەبەست نییە. بۆیە گەر وتەیەکی "ریچارد هۆلبروك" باڵیۆزی پێشووتری ئەمریکا لەنەتەوە یەکگرتووەکان بە نمونە بهێنرێتەوە کە وتی:"بیرۆکەی بەستنی کۆنگرەی ئیقلیمی لەبەغدا بیرۆکەیەکی گونجاوە، بەڵام ئەو شەڕەی لەعیراقدا روودەدات لەلایەن کۆمەڵێك شەڕکەری بێ بەزەییەوە پراکتیزە دەکرێت"[63] ، دەگەینە ئەو فاکتەی کە عیراق کۆسپێکی نێودەوڵەتی لەسەر ڕێیە، کە عیراقییەکان بەخوێنی خۆیان کۆستەکەی دەبژێرن.

_ 63 http://www.cawder.org/Chawder/Chawder/118/02.pdf

کەواتە ، وڵاتێك کە وەها مێژوویەکی سیاسی پڕ لە قەیران و لێکنەگەیشتنی هەبێت و هاوکات لەڕووی نەتەوەییو ئایینەوە، بەسەر چەند باڵێکی کارادا دابەش بووبێت و ئیدی، وڵاتێك کە لەمێژووی کۆنەوە تا ئەمڕۆ، بایەخ و پێگەی جیۆپۆلەتیکی و جیۆسیاسی خۆی لەدەستنەدابێتو بەردەوام، وەك یەکەیەکی بەهێز و کاریگەر لەسەر ئاستی ئیقلیمی، تەماشاکرابێت .. هەڵبەت دەوڵەتە زلهێزەکان هەمیشە چاویان بەدوایەوە بووەو ویستوویانە، راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی بکەن. لێرەشەوە پێویستە تایبەتمەندیو گرنگی پێگەی جیۆپۆلەتیکی، جیۆسیاسی، جیۆئیکۆنۆمیی عیراق لێکبدرێتەوە بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە سەردەمی سیستمی هایدرۆکاربۆنییە، فاکتەری خاوەنداریێتی عیراق بەیەدەکێکی کەموێنەی نەوت .. پێویستە لێکبدرێتەوە.



## بابەتی سێیەم:

# توانا نەوتی و جیۆستراتیژییەکانی عیراق

"حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان...منالی دۆزراوەی بەرژەوەندیی تایبەتە"

ۆدرۆ ویلسن، سەرۆک کۆمار ١٩١٣[٦٤]

عیراق خاوەنی (١١٢-٢٢٠) ملیار بەرمیل یەدەکی نەوتە ،بەمەش پێگەی یەکەمی دەبێت لە جیهاندا و، هاوکات لەعیراقدا بۆ بەرهەمهێنانی یەك بەرمیل نەوت، کەمتر لەیەك دۆلاری ئەمریکی تەرخان دەکرێت[٦٥] کە تێچوونێکی کەمە بە بەراوردکردن لەگەڵ بڕی تێچوونی دەرهێنانی نەوت لە وڵاتانی خاوەن ئاڵتونی رەشدا، جگە لەوەی

[64] - ضارلز دبليو.كظلي-اوجين ار.ويتكيف،سياست خارجي امريكا الطو و روند، (ترجمة: علي دستمالضي)، ضاث دوم ،دفتر مطالعات سياسي و بين المللي ،تهران ، ١٣٨٤،ص٤١٩.

[65] - جان.اس.دافيلد، نفت و جنط عراق، (كامبير ثارتازيان)،باشطاة انديشة، ١٣٨٤، ص٥.

نەوتی عیراق، هەم لە ڕووی چۆنایەتییەوە، جۆرەکەی نموونەییە و هەمیش درێژخایەنترین یەدەکی نەوتە کە تا ساڵی ٢١٢٥ دەمێنێتەوە[66].

عیراق،کە لە ناوەڕاستی سەدەی ١٧ دا، بووە جێی سەرنجی بریتانیا، لەسەر دەریایەکی گەورەی، نەوتە. بە چڕی، لە ناوچەکانی باشور، باکور و لەمساڵیشدا(٢٠٠٧) لەناوچەکانی خۆرئاوای، نەوت دۆزراوەتەوە. لێرەشەوە بەسەرنجێکی ورد لەنەخشەی توانا نەوتییەکانی عیراق، دەگەینە ئەو داتایانەی کە ئەم وڵاتە لە(کۆیەوە بۆ موسڵ و کەرکوك و بێجی، تا ئەنبارو ناسریەو سەماوەو بەسرە)، خاوەنی کێڵگەی نەوتییەو لە هەریەکە لە (بەسرە، ناسرییە، سەماوە، بەغدا، بێجی، کەرکوك و موسڵ..)دا پاڵاوگەی نەوتی هەیە، هەروەها عیراق بەتۆڕێك هێڵی نەوت گواستنەوەوە بەجیهانی ئابووریو پیشەسازیو بازاڕی نێودەوڵەتییەوە بەستراوە، بۆنموونە، "هێڵی ستراتیژیی نەوتگوێزەرەوە"ی عیراق لەباشوری وڵاتەوە لە "مینای ئەلبەکر" بەرەو بەسرە درێژ دەبێتەوەو بە سەماوە، نەجەف، کەربەلا، رومادی، حەدیسە دا تێپەڕدەبێت و لەمەی دوواییشیاندا بەسەر دوو هێڵدا دابەش دەبێت کە هێڵێکیان، نەوت بۆ سوریا و، ئەوی دیکەشیان نەوتی عیراق بۆ ئوردەن دەگوازێتەوە[67]. هەروەك هێڵێکی دیکەی نەوت

---

[66] - ريبوار كةريم ،جيهاني سيية‌م، شويني جيؤثؤلةتيكي جيهاني سيية‌م ، زانكؤي سليماني، كؤليذي زانستة راميارييةكان٢٠٠٦-٢٠٠٧، ضاث نةكراو.

[67] - نةخشةي ذمارة يةك
http://news.bbc.co.uk/nol/shared/spl/hi/middle_east/03/v3_iraq_key_maps/img/maps/iraq_oil_map355.gif




گواستنەوەی عیراقیش، لە موسەنناوە بەرەو بەغدا دەکشێت و بە سەڵاحەدین دا دەگاتە بێجی و لەوێوە بەدوو بۆری، لە پاڵاوگەکانی کەرکوك و بێجی یەوە، نەوت ڕەوانەی تورکیا دەکات کە بەهێڵی "نەوتگواستنەوەی عیراق ـ تورکیا" ناوبراوە.




نەخشەی ژمارە یەك

ئەمە جگە لەوەی عیراق لە ڕێگەی بەندەری "ئەلبەکر"ەوە بە ڕێگەی دەریایی، نەوت ڕەوانەی دەرەوە دەکات[٦٨].




**نەخشەی ژمارە دوو**

68 - **نةخشةي ژمارة دوو**
http://bigpicture.typepad.com/photos/uncategorized/oil2_map416.gif



## نەوت و قەیرانی ئاسایش لە کەنداو

ئەوەی لەم بابەتەدا جێگەی بایەخە، بایەخدانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکانییەتی لە جەنگی ئازادکردنی عیراقدا بە کێڵگە نەوتییەکانی عیراق، کە پێدەچێت ئامانجی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە نەوتییەکانی عیراق، ستراتیژی سیاسی و سیکیوریتی و ئابووریان بووبێت بۆ ئێستا و ساڵانی داهاتوو کە بتوانن لەڕێگەی نەوتی عیراقەوە، پێگەی جیۆسیاسی خۆیان لەسەر ئاستی هێزی جیهانیی برەو پێبدەن. کەواتە سەیر نابێت گەر لەوێنەیەکی "سەربازی-نەوتی"[٦٩] دا لەعیراق، ئەوە تێبینی بکرێت کە بڵاوبوونەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، شانبەشانی بڵاوبوونەوەی بیر و کێڵگە نەوتییەکانی عیراقو تەنانەت بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی مینای "ئەلبەکر" و تاڵانکردنی ئەو سامانە سروشتییەی عیراق بێت کە بە وتەی عسام ئەلچەلەبی " ماوەی چوار ساڵە نەوتی عیراق بەبێ (عەداد) و چاودێری و لێپرسینەوە، ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت"[٧٠].

69 - **نةخشةي ژمارة سي**
http://news.bbc.co.uk/nol/shared/spl/hi/middle_east/03/v3_iraq_key_maps/img/maps/iraq_oil_map355.gif

70 - http://www.iraqirectory.com/DisplayNewsAr.aspx?id=3389




**نەخشەی ژمارە (٣)**

هەرچەندە، لەلێدوانی گشتی دا، جۆرج بوش (سەرۆك كۆمار)،دیك چینی(جێگری سەرۆك)، كۆڵن پاوڵ (وەزیری دەرەوە) و دۆناڵد رامسفیلد(وەزیری بەرگری)ی ئەمریكا بەدەگمەن ئاماژەیان بە نەوت داوەو



پشتیوانە دەرەكییەكانی سیاسەتی جێبەجێكاریی ئەمریكاش بەڕەهایی ئەوەیان راگەیاندووە جەنگی عیراق هیچ جۆرە دەستكەوتێكی بۆیان نەبووە[71] ، بەڵام لێكدانەوەی هەندێك لێدوانی یەك لەدوا یەكی سەرانی سیاسی ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی لە "ئۆپەراسیۆنی ئازادكردنی عیراق" دا، پێچەوانەی ئەمە دەردەخەن. بۆ نمونە وەزیری دەرەوەی پۆڵەندا لەسەروبەندی پەلاماردانی عیراق دا بە ئاشكرا رایگەیاند :"ئێمە نایشارینەوە، كە دەمانەوێت دواجار كۆمپانیا نەوتییەكانی پۆڵەندا بگەنە سەرچاوەكانی كاڵا .. و گەیشتن بەكێڵگە نەوتییەكانی عیراق، ئامانجی كۆتاییمانە"[72]. كۆندا لیزا رایس راوێژكاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریكاش وتبووی: "كە جەنگی عیراق كۆتایی هات پێویستە ئەمریكا و بریتانیا رابەرایەتیكردنی عیراق بگرنە ئەستۆ.. پێویستە بڵێم عیراق، تیمۆری خۆرهەڵات، كۆسۆڤۆ یان ئەفغانستان نییە"[73].

هەروەك بە بڕوای "جۆن ئێس دافیلد" پاساوی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بۆ چوونە بەرەی شەڕەوە لە ساڵی ١٩٩٠-٩١ دژ بە عیراق، پاساوی بەرژەوەندیی ئابووریی پاش شەڕەكە بوو، بۆیە رەخنەگرانی "ئۆپەراسیۆنی ئازادكردنی عیراق" لە ساڵی ٢٠٠٣ دا

[71] - جان.اس.دافیلد، نفت و جنط عراق، (كامبیر ثارتازیان)،باشطاة اندیشة ،١٣٨٤،ص٤.

[72] - أیان رتلیدج ،العطش الى النفط ماذا تقعل امیركا بالعالم لضمان أمنها النفطي، مازن الجندلي ،دار العربیة للعلوم،٢٠٠٦، ص٢٤٧.

[73] - دكتر عنایت ا..یزداني-مرتضي شجاع،نفت: ابزار قدرت در سدة بیست و یكم امریكا و خلیج فارس، اطلاعات سیاسي اقتصادي، شمارة ٢٢٤-٢٢٣، ص ١٦٠.

ئەوەیان ئاشکرا کرد کە ئامانجی ئەمریکا بۆ رووخاندنی سەدام حسێن، کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە نەوتییەکانی عیراق و نرخی نەوتە لە جیهاندا[٧٤] و "جۆزیف نای" لێکۆڵەری ناسراو لەسیاسەتی دەرەوەدا دەڵێت:"نەوت بەشێوەیەکی تایبەت پاڵنەری جەنگی رزگارکردنی کوەیت(١٩٩١) و بوون و مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بووە لە کەنداودا "[٧٥].

## نەوت و جەنگی دووەمی کەنداو

جەنگی دووەمی کەنداو، چۆن هەڵگیرسا و زیانەکانی بۆ عیراق تا چ رادەیەك کوشندە بوون، پرسیارێکە، وەڵام هەڵدەگرێ.

سەدام حسێن کە لە جەنگی ٨ ساڵەی لە گەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، (١٢٠ هەزار قوربانی و ٣٠٠ هەزار بریندار )ی بۆ گەلانی عیراق کردە دیاری و دەوڵەتی عیراقی(٦٠ -١٢٠) ملیار دۆلار قەرزاری ئەمریکا کرد[٧٦]، و لەبەر ئەوەشی رقێکی مێژووکردی لە دەوڵەتی کوەیت هەبوو و وەك "عەبدولکەریم قاسم"، کوەیتی بە پارێزگایەکی دیکەی عیراق دەزانی

---

[74] - جان.اس.دافیلد، نفت و جنط عراق، (کامبیر ثارتازیان)،باشطاة اندیشة ،١٣٨٤،ص٤.

[75] ـ دکتر عنایت ا..یزداني-مرتضي شجاع،نفت: ابزار قدرت در سدة بیست و یکم امریکا و خلیج فارس، اطلاعات سیاسي اقتصادي، شمارة ٢٢٤-٢٢٣، ص ص ١٦٠

[76] ضارلز دبلیو.کطلي-اوجین ار.ویتکیف،سیاست خارجي امریکا الطو و روند، (ترجمة: علي دستمالضي)، ضاث دوم ،دفتر مطالعات سیاسي و بین المللي ،تهران ، ١٣٨٤ ،ص٤١٩.



و هاوکات لەبەر ئەوەی رژێمی سەدام حسێن لە ٨ ساڵی جەنگی (ئێران-عیراق) دا کە بەشێکی بە نوێنەرایەتی ئەمریکا و خۆرئاوا بەرامبەر هەژموونی ئیسلامگەرای ئێران و رژێمی ئاخوندی ئەنجامدەدا و، بەشێکیشی بەمەبەستی پاراستنی هەژموونی نەتەوەی عەرەب و مەزهەبی سوننەگەرا و لێدان و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی شیعەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە نوێنەرایەتی دەوڵەتە رادیکاڵ و بونیادگەرا و نەتەوەچییەکانی عەرەب هەڵگیرساند .. تێبینیکرد ئەوەی زەرەرمەندی پلەیەکی جەنگێکی کاولکاری هەشت ساڵەی نێوان دوو دەوڵەتی دراوسێ بووە، تەنیا (عیراق و ئێران) بوونو دەوڵەتانی پشت پەردەی شەڕیش، ئەوەی لەو جەنگە بەریانکەوتووە تەنیا سود و قازانجی سیاسی و ئابووری بووە، بەتایبەت کە لەدوا ساڵەکانی دەیەی هەشتای سەدەی بیستدا، دەوڵەتی کوەیت هەم کێشەی سنوریی لەگەڵ عیراقدا بۆ دروست بوو و هەمیش عیراق کوەیتی بە بنکۆڵکردنی بیرەنەوتییەکانی (رومێلە) تاوانبار دەکرد. لێرەوە سەدام حسێن لەپاش جەنگی هەشت ساڵە، بیری لەداگیرکردنی کوەیتو چاڵەنەوتییەکانی ئەو دەوڵەتە کردەوەو هەڕەشەی هەمان چارەنووسیشی لەعەرەبستانی سعودی کرد. لەبەرئەوەشی کە دوو لەسەر سێی یەدەکی نەوتی جیهان لەکەنداوی فارس دایە و (١١%) ئەو یەدەکە لەعیراقدایە[٧٧]، لەوێشەوە کە "لەهەر سەردەمانێکدایەکە

---

[77] - جان.اس.دافیلد، نفت و جنط عراق، (کامبیر پارتازیان)،باشگاه اندیشه ،١٣٨٤،ص٥.

سیاسییەکان بەگوێرەی ئـەو ئـامرازی هێـزەی کـە هەیانـە، هەوڵیانـداوە زۆرترین کاریگەری لەسەر بەرامبەر بەجێبهێڵن‌و کـەمترین کاریگـەرییان تێبکرێت"[78] ئیدی، شیاوە نەوت ڕۆڵێکی کاریگـەر لەسیاسـەتی دەرەوەی عیراق‌و هەڵایسانی جەنگی هەشت ساڵە لەتەك ئێران و دواتر جەنگەکانی کەنداو و داگیرکردنی کوەیت دا بگێڕێت، و بەو پێیەشـی کوەیـت خـاوەنی (٩,٢٪)ی یەدەکی نەوتی جیهانە، داگیرکردنی کوەیت لە ئـابی ١٩٩٠ دا لەلایەن عیراقەوە، بەڕونی ئـەوەی گەیانـد کـە عـیراق دەیـەوێت بەتـەنیا کۆنترۆڵی (٢٠٪)ی یەدەکی نەوتی جیهان بکات و هەڕەشـەی داگیرکـردن لە (٢٢٪)کەی عەرەبستانی سعودیەش بکات . بەڵام مەحاڵ بوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێگە بە ڕژێمی سەدام حسێن بدات کە کۆنترۆڵی (٤٢٪)ی یەدەکی نەوتی جیهان بکـات و بەمـەش چارەنووسـی ئـابوری و ئاسایشی نەتەوەیی زلهێزێکی وەك ئەمریکا و براوەی سێ شەڕی یەکـەم و دووەمی جیهان و جەنگی سارد، بخاتە بەر مەترسی سەرکێشییە سەربازی‌و سیاسییەکانی. بەتایبەت ئەمریکایەك کە "پاش دەیەی شەسـتی سـەدەی رابـردوو، سـتراتیژی گـشتی ئاسایـشی نەوتەوەییەکـەی، لەچوارچـێوەی کۆنترۆڵکردنی سەرچـاوەکانی نـەوتی کەنـداودا بـە بـەکارهێنانی هێـزی سەربازی داڕێژراوە"[79] .

[78] ـ دکتر عنایت ا..یزداني-مرتضي شجاع،نفت: ابزار قدرت در سدة بیست و یکم امریکا و خلیج فارس، اطلاعات سیاسي اقتصادي، شمارة ٢٢٤-٢٢٣، ص١٥٩.

[79] - **جان.اس.دافیلد، نفت و جنط عراق، (کامبیر ثارتازیان)،باشطاة اندیشة ١٣٨٤**،ص٦.



وەك نمونـەی مێـژوویش، پاڵنـەری کـۆنترۆڵکردنی سەرچـاوەکانی وزەی خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـت، هۆکـارێکی سـەرەکیی قـەیرانی ئاسایـشە لەناوچـەکەدا. ئـەو پاڵنـەرەی یـەکێتی سـۆڤییەتی بـەرەو داگیرکردنـی ئەفغانستان کشاند، و عیراقیشی بەرەو داگیرکردنی کوەیـت پەلکێـشکرد، تەنیا "تینوێتی بۆ نەوت" بوو. نەوتێك کە زۆرجـار مێـژووی پێکـدادانی سەربازی و ئەنجامـدانی کودەتـا و تـیرۆری نهـێنی، لـەم سـنورەدا ئـەوەی سەلماندووە کە بەرمیلێکی لە خوێنی دەیان منـاڵی ڕەشوڕووتی خۆرهـەڵاتی ناوەڕاست، بەنرخ ترە، دەنا چ ویژدانێك قایل دەبێت لەپاش جەنگی کوشندە بەڵام لەپێناوی نەوتی کەنداودا، و بەپێی ئامارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵانە ٥٠٠٠٠ منـاڵی عیراقی لە بەدخۆراکی دا ببنە قوربانی[80] .

جـەنگی هەشـت سـاڵەی نێـوان ئێـران و عـیراق لـەئابی ١٩٨٨ دا لەکاتێکدا ڕاگیرا کە کێشەی ١٤ ملیـار دۆلار قـەرز و کێـشەی سـنور و لێدانی بیرە نەوت لەنزیك بیری رومێلەی عیراقی، لەگەڵ دەوڵـەتی کوەیـت دا هەبوو[81] . بەمـەش سەدام حسێن لە هاوپەیمانەوە گۆڕا بۆ دوژمن کاتێك

[80] - **ضارلز دبلیو.کطلي-اوجین ار.ویتکیف،سیاست خارجي امریکا الطو و روند، (ترجمة: علي دستمالضي)، ضاث دوم** ،دفتر مطالعات سیاسي و بین المللي ،تهران ، ١٣٨٤ ،ص٤١٩.

[81] -
http://www.isn.ethz.ch/pubs/ph/details.cfm?lng=en&id=16882

IRAQ BETWEEN TWO OCCUPATION THE SECOND GULF WAR (1990-1991/Kenneth W. Estes/p1

ویستی هێزە سەربازییەکەی لەپێناو بەدی هێنانی ئامانجی ئابووری و سیاسی دا بخاتەگەڕ، دوای ئەوەی جەنگی ئێران خستیەسەر لێواری شکست. لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ دا کوەیتی داگیر کرد بەو هیوایەی بتوانێت رۆڵێکی کاریگەر لەسەر ئاستی ناوچەکەدا بگێڕێت و رۆڵی لەدیاریکردنی نرخی نەوت دا هەبێت، بەڵام لێکدانەوەکانی سەدام حسێن هەڵە دەرچوون، ئەمریکا کە لەسەرەتای سەرکەوتنی دا بوو لەسەربازگەی خۆرهەڵاتدا، رێگەی پێنەدا جڵەوی گرنگترین ناوچەی بەرهەمهێنانی نەوت بگرێتە دەست و هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیریی هاوپەیمانەکانی دروست بکات[٨٢] .

وەك کاردانەوەیەکی خێرا و توند، و وەك ئەوەی هەستی بە مەترسییەکانی بالادەستیی عیراق کردبێت، چوار رۆژ پاش ئەو هێرشە شکستهەڵگرە(٢-٨-١٩٩٠)، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەبڕیاری (٦٦١) لە ٦ی ئابی ١٩٩٠ سزای گەمارۆی ئابووریی بەسەر عیراقدا سەپاند[٨٣]. بەڵام کێ دەتوانێت لە(هێنری کیسینجەر) وردتر پێناسەی ناکارایی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات بەتایبەت لەبواری دابینکردنی ئاسایشی بەکۆمەڵ دا[٨٤]:

---

82 -- ناصر محمد الزمل،لماذا يكرهوننا، الطبعة الاولي، مكتبةالعبيكان،رياض، ٢٠٠٤ ص٢١٥ و ٢١٦.

83 - ناصر محمد الزمل،لماذا يكرهوننا، الطبعة الاولي، مكتبة العبيكان،رياض، ٢٠٠٤ ،ص٢٣٢.

84 - هنري كيسينجر، ديپلوماسى، محمد حسن كاووسي عراقي،جلد اول،چاپ دوم، اطلاعات، تهران ،١٣٨٣، ص٣٩٦.



"ئەڵبەتە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان شوێنێکی گونجاو بوو بۆ دیپلۆماتەکانو گۆڕینەوەی بیروڕا لەنێوانیاندا، هەروەك توانای کارایی هونەریی گرنگیشی هەبوو. بەڵام لە دابینکردنی بنەماکانی ئاسایشی بەکۆمەڵ ـ رێگری لە جەنگ و بەرەنگاریی بەکۆمەڵ لە بەرامبەر دەستدرێژی دا ـ ناکارا بوو. ئەم زانیارییە، سەبارەت بەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تەنانەت لەکاتی جەنگی ساردیشدا حەقیقەتی هەبوو. لەسەردەمانی جەنگی کەنداو لەساڵی ١٩٩١ ، ئەم رێکخراوە هەنگاوەکانی ئەمریکای پەسەند کرد، بەڵام بەسەختی دەتوانرا بەرەنگاریکردن لەداگیرکردنی عیراق بخرێتە چوارچێوەی بنەماکانی دۆکتۆرینی (رێبازی) ئاسایشی بەکۆمەڵەوە. ئەمریکا کە هێندە چاوەڕێی وەڵامی کۆدەنگیی نێودەوڵەتی نەمایەوە، بەشێوەی یەکلایەنە، هێزێکی سەربازیی گەورەی ناردە ناوچەکە .. لەسەردەمانی جەنگی کەنداوی فارس دا، ئاسایشی بەکۆمەڵ پاساوێك بوو بۆ رابەرایەتی ئەمریکا نەك هەوڵێك بۆ جێگرتنەوەی ئەو".

لەبەرامبەر داگیرکردنی کوەیت دا، فڕۆکەی ئەمریکا لە ٨ی ئابی ١٩٩٠ دا گەیشتە عەرەبستانی سعودیە، بەهێزی دەریاییو وشکانی و هەواییش پشتیوانی بۆ جەنگەکە کۆکرایەوە، بەمەش لە ماوەی مانگێکدا هێزی پێویست بۆ پاراستنی عەرەبستانی سعودی، لەئەگەری دەستدرێژییەکانی حکومەتی عیراق دابینکرا.. هەروەك لە پلانێکی هاوبەشی نێوان ژەنراڵ "نۆرمان شوارتزکۆف"، فەرماندەی فەرماندەیی

ناوەندیی و "فەریق ئەمیر خالید بن سولتان بن عەبدولعەزیز ئالسعود"، پلانی پەلاماردان و دەرکردنی عیراقییەکان لە کوەیت دارێژرا. بەم پێیەش جۆرج بوش سەرۆکی ئەمریکا لە ٣١ی ئۆکتۆبەردا زیادکردنی هێزەکانی ئەمریکاو ئامادەکارییەکانی بۆ هێرشکردنە سەر سەربازانی عیراقی لەکوەیت، ڕاگەیاند[٨٥] .

گەر ئەوەشمان لەیاد بێت کە " ئەمریکا خاوەنی هەژموونگەرییەکی زۆر لەپێشترە، و هێزە بچوکترەکان هەوڵ دەدەن لەقافڵەکەی جێنەمێنن و وەفاداریی خۆیان بەو هێزە باڵادەستە نیشان بدەن. کاردانەوەی تورکیا، ئازەربایجان، تەنانەت میسر و سوریا لە هاوکاریکردنیان لەتەك هاوپەیمانانـدا بەرامبەر عیراق لە (١٩٩١) لەم چوارچێوەیەدا لێکدەدرێتەوە"[٨٦]، تێبینی دەکرێت، عیراقییەکان وورەی شەڕکردنیان لەتەك هاوپەیمانانی (فەڕەنسا، بریتانیا، ئەمریکا، میسر، و گروپی دەوڵەتانی کەنداو) نەبوو، هەروەك کەشتی فڕۆکە هەڵگری ئەمریکا لەکەنداو و ئەو هێزە گەورە ئاسمانیو دەریاییەی بۆ عیراق کۆکرابوونەوە، وورەی خۆڕاگریی لەعیراقییەکان سەندبوو. بەتایبەت هێزێك کە لەماوەی ٦ مانگدا لەناوچەی کەنداو کۆکرانەوەو گەورەترین لەشکرکێشی بوو لەمێژووی

85 _ http://www.isn.ethz.ch/pubs/ph/details.cfm?lng=en&id=16882
IRAQ BETWEEN TWO OCCUPATION THE SECOND GULF WAR (19901991/Kenneth W. Estes/p2

86 – سید حسین سیف زادة، معماي امنیت و چالشهای جدید غرب، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، تهران،١٣٨٣، ص١٦٠.



سەربازیدا پاش جەنگی دووەمی جیهانی، و بەم پێیە، لە ٢٩ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٠ دا نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو توانایەی بەخشییە هێزی هاوپەیمانان کە "پێویستە بە بەکارهێنانی گشت ئامرازەکان" سوپای عیراق لەکوەیت دوور بخرێتەوە، هەروەك کۆنگرێسی ئەمریکاش لە ٩ی یەنایەری ١٩٩١ دا سەرۆکی ئەمریکای ڕاسپارد بە بەکارهێنانی هێز دژ بە عیراق .. لێرەشەوە، پرۆسەی گەردەلولی بیابان بەهێرشێکی هەوایی لە ١٧ی یەنایەری ١٩٩١ دا دەستی پێکرد کە تیایدا ئامانجە ستراتیژی و تەکتیکییەکانی عیراق، لەنێو خاکی کوەیت و خاکی عیراقدا کرابوونە ئامانج، کۆمەڵێك ئامانج کە بەفڕۆکەو موشەکی کروز پێکران .. هێندەشی نەخایاند کە لە ٢٤ی فێبرایەری ١٩٩١ دا هێرش و شەڕی زەمینیش لەنێوان هاوپەیمانانو عیراقییەکاندا دەستی پێکرد[٨٧] . " لەو هێرشەدا، ٨٤٣٧ ماڵی نیشتەجێ بوون، ١٥٧ پرد و هێڵی ئاسن،١٣٠ وێستگەی کارەبا، ٢٤٩ دایەنگا، ١٣٩ بنکەی پاراستنی کۆمەڵایەتی، ١٠٠ نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی و ١٧٠٨ خوێندنگەی عیراق، خاپوور کران"[٨٨].

87 _ http://www.isn.ethz.ch/pubs/ph/details.cfm?lng=en&id=16882
IRAQ BETWEEN TWO OCCUPATION THE SECOND GULF WAR (19901991/Kenneth W. Estes/p2

88 – ناصر محمد الزمل لماذا یکرهوننا، الطبعة الاولي، مکتبة العبیکان ریاض، ٢٠٠٤،ص٨٣ .

ئەوەشـی لێـرەدا جێـی سـەرنجە " کوەیـت بـە ١٠٠ سـەعات جـەنگ لەهێزەکانی عێراق پاککرایـەوە"[٨٩] و گـەردەلولی بیابـان کـە بەهێرشـی هەوایی ئەمریکاو بریتانیـا بـۆ سـەر بەغـداد دەسـتی پێکـرد ٤٢ ڕۆژی خایاندو .. ١٠٠ تا ٢٠٠ هەزار کوژرا و ٣٠٠ بۆ ٧٠٠ هەزار بریندار بـۆ عێراق لێکەوتەوەو توانـا کیمیاویـەکانی عێراقـیش لـەم جەنگـەدا هـیچ ڕۆڵێکیان نەگێڕا[٩٠] .

لە ٣ی مارسی ١٩٩١ یشدا ژەنراڵە عێراقییەکان لەگەڵ "شـوارتزکۆف" و "ئەمیر خالیـد" دا کۆبوونـەوە و بـەڵێنیان دا داواکارییـەکانی نەتـەوە یەکگرتووەکان جێبەجێ بکەن[٩١] . ئەو جەنگەش بە سەرشـۆڕی و شکـست بۆ ڕژێمی بەعس و بە قـەیرانی سیاسـی و ئاسـایش و داڕزانـی ژێرخـانی ئابووریی عێراق کۆتایی هات.

89 -
http://www.isn.ethz.ch/pubs/ph/details.cfm?lng=en&id=16882
IRAQ BETWEEN TWO OCCUPATION THE SECOND GULF WAR (19901991/Kenneth W. Estes/p3

90 - ناصر محمد الزمل،لماذا یکرهوننا ، الطبعة الاولي ، مکتبة العبیکان،ریاض، ص٢١٦ و ٢١٧.

91 -
http://www.isn.ethz.ch/pubs/ph/details.cfm?lng=en&id=16882
IRAQ BETWEEN TWO OCCUPATION THE SECOND GULF WAR (19901991/Kenneth W. Estes/p5



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## نەوت و جەنگی سێیەمی کەنداو

کۆنگرێـسی ئـەمریکا پلانـی "ئـازادی عێراقـی" لەسـاڵی ١٩٩٨دا پەسەند کرد و پێداویستیی مـادی و واتـایی بـۆ ئۆپەراسـیۆنێکی سـنور فراوان لە عێراق دا دابینکرد[٩٢] .

لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢ کۆنگرێسی ئەمریکا بڕیاری بـەکارهێنانی هێزی سەربازیی لەدژی عێراق پەسەند کردو لـە ٢١ی دیـسەمبەر، بـوش فەرمانی بڵاوکردنەوەی هێزی سەربازیی سـوپای ئـەمریکای لـە ناوچـەی کەنداو بۆ هێرشکردنە سەر عێراق ئاشکرا کرد و لە ٢٣ی یەنایەری ساڵی ٢٠٠٣شدا، سەرکۆماری ئەمریکا ئاماژەی بەوەدا کە ئامادەیـە پـەلاماری عـــێراق بـــدات بـــەبێ ڕەزامەنـــدی و ڕوخـــسەت وەرگـــرتن لـــە نەتەوەیەکگرتووەکان[٩٣] ، کە دواجار هێرشی ئاسمانی لە ١٩ی مارس دا بۆ سەر مۆڵگەیەکی سەدام حـسێن دەسـتی پێکـرد و ٢٠ی مارسـیش ڕۆژی دەستپێکردنی هێرشی زەمینی بـوو بـۆ سـەر عـێراق لەسـاڵی ٢٠٠٣ دا.

92 -
http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A3%D8%AD%D9%85%D8%AF_%D8%AD%D8%B3%D9%86_%D8%A7%D9%84%D8%A8%D9%83%D8%B1

93 - - أیان رتلیدج ،العطش الی النفط ماذا تفعل امیرکا بالعالم لضمان أمنها النفطي، مازن الجندلي ، دار العربیة للعلوم،٢٠٠٦، ص ٢٤٧ .

هێزەکانی ئەمریکا لە بێ وێنەترین پێشڕەویی زەمینیدا لەمێژووی نوێ، توانیان بە ١٦ ڕۆژ، ٥٤٠ کیلۆمەتر لەسەر هێڵی ڕاست لەسنورەکانی کوەیتەوە تا بەغدا ببڕن، ٩ی ئەپریلی ٢٠٠٣، بتەگەورەکەی سەدام لە گۆڕەپانی فیردەوس خرا، بەغدا کۆنترۆڵ کرا، سەرانی بەعس دیار نەمان و سەرۆك بوش لە ١ی ٥ی ٢٠٠٣ دا کۆتاییهاتنی جەنگی راستەقینەی ڕاگەیاند[٩٤] .

ئەم تینوێتی نەوتەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەساڵی ٢٠٠٢ ڕۆژانە ئەمریکا ١٩,٧ ملیۆن بەرمیل نەوتی بەکارهێناوە، نەوتێك لەهەمان ساڵدا (٤١,٤٪) لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کراوە. ئەگەر ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە لەماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا خواست لەسەر نەوت، بەرێژەی (٣٠٪) زیادی کردووە، هەروەك بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوی زانیاریگەیاندنی وزەی ئەمریکا (EIA) ، خواستی ئەمریکا بۆ نەوت لەساڵی ٢٠٢٥ دا بەرێژەی (٥٤٪) زیاد دەکات.. ئیدی تینوێتی ئەمریکا بۆ نەوتی عیراق، ڕووداوێکی بێ پێشینە نابێت[٩٥] .

گەر لەوەش بڕوانین کە ئەمریکاو چین لەساڵی ٢٠٠٣دا (٣٣٪)ی نەوتی بەرهەمهاتووی جیهانیان بەکارهێناوە سەیر نییە لەئێستاوە بۆ

94 - THE THIRD GULF WAR(2003-20??)/Kenneth W. Estes/p1
http://www.isn.ethz.ch/pubs/ph/details.cfm?lng=en&id=16883

95 - **جان.اس.دافیلد، نفت و جنط عراق، (كامبیر ثارتازیان)،باشطاة اندیشة ،١٣٨٤،ص٥.**



داهاتوو کەوتبنە پێشبڕکێ و ململانێ[٩٦] ، بەتایبەت کە چاوەڕوان دەکرێت تا ساڵی ٢٠٢٥، چین ببێتە یەکەم لوتکەی باڵای ئابووری لەجیهاندا و ئەوە پێگەیە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لێژ بکات.

لە وەها ململانێیەکی توندیشدا، لەهەڵسەنگاندنی ئابووریی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوە پێشبینی کراوە کە لەئاییندەیەکی تارادەیەك نزیکدا عیراق دەتوانێت ڕۆژانە، (٤,٥ بۆ ٦) ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمبهێنێت. هەروەك پێشبینی دەکرێت تا ساڵی ٢٠١٠، عیراق ڕۆژانە بتوانێت ٥,٥ ملیۆن بەرمیل نەوت بخاتە بازاڕەوە[٩٧] ، و بەپێی ئامارێکیش لەساڵی ٢٠٠٢ عیراق خاوەنی ١١٢ ملیار بەرمیل یەدەکی نەوتی خاو، ٨٠ کێڵگەی ناسراو و ١٧ کێڵگەی بەرهەمهێنەر بوو. هەروەك ساڵی ١٩٧٩ دا (٣,٧) ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەمدەهێنا کە لەساڵی ١٩٩٦ دا گەیشتە (٠,٦) ملیۆن لەرۆژێکداو بەر لەداگیرکردنیش، ڕۆژانە لەعیراقدا (٢,٥) ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهات[٩٨] ، و ئێستاش کە زاراوەی "ئیمپریالیزمی نوێی وزە"[٩٩] هاتۆتە ئاراوە نەوتی عیراق بۆ

96 دکتر عنایت ا.. یزداني- مرتضي شجاع، نفت: ابزار قدرت در سده بیست و یکم امریکا و خلیج فارس، اطلاعات سیاسي اقتصادي، شمارة ٢٢٤-٢٢٣، ص١٥٩.

97 - **جان.اس.دافیلد، نفت و جنط عراق، (كامبیر ثارتازیان)،باشطاة اندیشة** ،١٣٨٤،ص٥.

98 - أیان رتلیدج ،العطش الى النفط ماذا تفعل امیركا بالعالم لضمان أمنها النفطي، مازن الجندلي ،دار العربیة للعلوم،٢٠٠٦،ص ٢٥١.

99 - دكتر عنایت ا.. یزداني- مرتضي شجاع، نفت: ابزار قدرت در سدة بیست و یكم امریكا و خلیج فارس، اطلاعات سیاسي اقتصادي، شمارة ٢٢٤-٢٢٣، ص١٦٤.

ئەمریکا بایەخێکی ستراتیژیی هەیە، چونکە بە کەڵك وەرگرتن لەنەوتی عیراق، ئەمریکا دەتوانێت لەبازاڕەکانی نەوتدا دەستێوەردانی زیاتر بکاتو کلکە لەقێ بۆ (ئۆپێك) نەهێڵێتەوە.

کەواتە پەیوەندی نێوان قەیرانی سیاسیو قەیرانی ئاسایش لەعیراق و داگیرکردنی ئەم وڵاتە لەلایەن ئەمریکاوە، چۆن لێکدەدرێتەوەو ئایا ئەمریکا توانی چ سەرمایەگوزارییەکی ئابوریو نەوتی بۆ کۆمپانیا نەوتییەکانی وڵاتەکەی بکات لەعیراقدا. عیراقێك کە بەپێی راپۆرتێکی "هیومان رایتس ووچ" لەمانگەکانی نۆڤەمبەرو دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٦دا، (٦٣٧٦) هاوڵاتی مەدەنیو لەمانگی یەنایەری ٢٠٠٧دا، (١٩٩٠) مەدەنی و لە مانگی فێبرایەریشدا(١٦٤٦)مەدەنی تێدا بوونەتە قوربانی[100]. قوربانییەك کە لەقەیرانی ئاسایشو بنبەستی سیاسی عیراقدا، لەلایەك هەڵەی ئەمریکاییەکان بەرهەمی هێناوەو لەلایەك شەڕی گەیشتن بەدەسەڵاتی نێوان تایەفەو مەزهەبە جیاوازەکانی ئەم وڵاتە، بوونەتە خوڵقێنەری.

ئەوەی مایەی تێڕامانە ئەو هەوڵە بێوچانەی کۆمپانیا بیانییەکانە کە لەخوێناوی عیراقدا، ماسی دەگرن و شادەمارەکانی نەوت و ئابووری و کەرتی گشتی و تایبەتی عیراقیان بەدەستەوەیە. رۆژنامەی "ئیندیپێندنت"لەمبارەیەوە ئاشکرای کردووە، دیك چینی جێگری

[100] - http://arabic.cnn.com/2007/middle_east/1/16/iraq.victims/index.html



سەرۆکی ئەمریکا، بەر لەوەی ئەم پۆستەی وەربگرێت، سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای هالیبرتۆن بووە، ئەو کۆمپانیایەی پاش داگیرکردنی عیراق بایی دەیان ملیار دۆلار گرێبەستی لەگەڵ عیراقدا چنگ کەوتووە، ئێستاش کە بەنیازی لێکۆڵینەوەن لەگەڵ کۆمپانیاکە، سەبارەت بەو کارانەی لەچوارچێوەی بنیاتنانەوەی عیراقدا گرتبوویە ئەستۆ، هالیبرتۆن بۆ دەربازبوون لەلێکۆڵینەوەی زیاترو رزگاربوون لەبەخشینی باج، دەیەوێت بنکە سەرەکییەکەی بگوێزێتەوە بۆ دوبەی، شایانی وتنە هالیبرتۆن بایی زیاتر لە ٢٥ ملیار دۆلار گرێبەستی کارکردنی لەعیراقدا وەرگرتووە، ئەمەش لەکاتێکدایە زۆربەی ئەو دەسکەوتانەی بەبێ کێبڕکێو ئاشکراکردن بۆ دەرچووە، هەروەك چەند سەرپێچیەك و بەخشینی بەرتیلی لێ تۆمار کراوەو بەمەش بۆتە "نەنگییەکی نیشتمانی بۆ ئەمریکا"[101] . ئیدی بەڕوونی وەڵامی ئەو پرسیارە چنگ توێژەر دەکەوێت کە بۆچی، سەرباری لێدوانی تیمی پشکنەرانی نێودەوڵەتی چەکی کۆکوژ لە ١٤ی٢ی ٢٠٠٣، کە ئاشکرایان کرد "پێشکەوتنێکی گەورەیان لە بەدەستهێنانی هاوکاریی عیراقدا بەدەستهێناوە".. لە ١٧ی مارس، باڵیۆزی بریتانیا لەبارەگای "یوئێن"

[101] - http://news.bbc.co.uk/hi/arabic/middle_east_news/newsid_6448000/6448659.st

وتى :"پرۆسەى دیپلۆماسى بەرامبەر عیراق كۆتایى هات و پێویستە پشكنەرانى نێودەوڵەتى بكشێنەوە"[102] .

ئەو دەمەشى ریچارد پێرل وتى "فەزیلەتى ئەخلاقى بوونى نییە"[103] ، راستى وت، بەتایبەت كە لەئۆكتۆبەرى ٢٠٠٢، كۆبوونەوەیەكى ئامادەكارى بۆ تاوتوێكردنى داهاتووى نەوتى عیراق بە ئامادەبوونى چەند كەسێك لە گروپى كار، لەگەڵ دیك چینى، گەورە بەرپرسانى كۆمپانیاكانى ئیكسۆن مۆبیل، شیڤرۆن تكساسكۆ، كۆنۆكۆفیلیپین، هالیبرتۆنو ئەحمەد چەلەبى سەرۆكى (INC) و پیاوى هەڵبژاردەى پێنتاگۆن بۆ سەرۆكایەتیكردنى حكومەتى عیراق، بەرێوەچوو[104] . ئەمەش سەربارى ئەوەى كۆتایى هێنان بوو بە دۆخێكى تایبەت لەژیانى ئابووریى نەوتى عیراق‌و سەربەخۆیى نیمچەیى ئەم ولاتە لەكەرتى نەوتیدا بەو دانیشتنە خرایە ژێر پرسیارێكى تاڵەوە، بەو پێیەى "لەساڵى ١٩٦١ و دواى ئەوەى عیراق نیمچە سەربەخۆ بوو و خاوەندارێتى تەواوى كۆمپانیا ئەهلییە بیانییەكان لەم ولاتە لە كەرتى نەوتدا هەڵوەشابۆوە"[105] ،

102 - - أيان رتليدج ،العطش الى النفط ماذا تقعل اميركا بالعالم لضمان أمنها النفطي، مازن الجندلي ،دار العربية للعلوم،٢٠٠٦،ص ٢٤٧.

103 – ناصر محمد الزمل،لماذا يكرهوننا، الطبعة الاولي، مكتبة العبيكان،رياض، ٢٠٠٤،ص٣٠٠.

104 - - أيان رتليدج ،العطش الى النفط ماذا تقعل اميركا بالعالم لضمان أمنها النفطي، مازن الجندلي ،دار العربية للعلوم،٢٠٠٦،ص ٢٤٩.

**105 - جان.اس.دافيلد، نفت و جنط عراق، (كامبیر ثارتازيان)،باشلاة انديشة ، ١٣٨٤،ص٥.**



جارێكى تر هەم عیراقى خستەوە ژێر پۆستاڵى بێگانەو هەمیش درێژەى دا بەو مێژووە رەشەى تالانكاریى نەوتى عیراق كە بەدرێژایى دەسەلاتى حزبى بەعس لەعیراقدا پەیرەو دەكرا. بەواتاى: نەوتى عیراق بۆ سەدام و دارو دەستە و بنەماڵە و موشەك و تانك و كیمیاوى و زرێپۆش .. هتد.

لێرەشەوە دەگەینە ئەو حەقیقەتەى كە عەقڵى سیاسى عیراقییەكان، سەربارى گۆڕانى رژێم لەو ولاتە گۆڕانى بەسەردا نەهاتووە و وەك چۆن لە سەردەمى دەسەلاتى سەدام حسێن دا ،كۆپۆنى نەوت دەدرایە حزب و گروپ‌و كۆمپانیاو نووسەرو عەشیرەتە پشتیوانەكانى سەدام حسێن، سیاسییە عیراقییەكانیش بەهەمان لۆژیك، نەوتى عیراقیان بەخشییە كۆمپانیا ئەمریكاییەكان بەو هیوایەى بتوانن لەلوتكەى نوێی دەسەلاتى سیاسى دا لەعیراق، كورسییان دەست بكەوێت. لەمبارەیەوە ئار. جیراڵد بایلى كە لەكۆبوونەوەكانى نێوان چەلەبى و چینى و كۆمپانیا نەوتییەكانى ئەمریكادا، وەك نوێنەرى كۆمپانیایەك ئامادەبوو، بێ شەرمانە ئاشكراى كردووە:

"عیراقییە دوورخراوەكان پێیان وتین، بمانگەڕێننەوە بۆ عیراق و نەوتەكە بۆخۆتان"[106] ، وەك ئەوەى نەوتى عیراق موڵكى تاكەكەس و تاكە حزب‌و تاك نەتەوەو تاكە مەزهەبێكى عیراق بێت.

106 - - أيان رتليدج ،العطش الى النفط ماذا تقعل اميركا بالعالم لضمان أمنها النفطي، مازن الجندلي ،دار العربية للعلوم،٢٠٠٦،ص ٢٤٧ .

ئەو سەرمایە گەورەیەش کە وەها بێ بایەخانەو لەچوارچێوەی بەرژەوەندی تەسکدا مامەڵەی لەگەڵدا کرا هەڵبەت بە زیانی گەلانی عیراق دەشکێتەوەو بەتاڵانکردنی سامانی وڵات کۆتایی دێت و لەم چوارچێوەیەدا[107] " کۆمەڵە ناوەندێکی توێژینەوە لە ئەمریکا و جیهان، عیراقیان بەئاگا هێنایەوە کە بەسەدان ملیار دۆلار لە کەرتی نەوتدا زیانی بەردەکەوێت، ئەویش لەڕێگەی ئەو گرێبەستانەی کە حکومەتە پشتوانلێکراوەکەی عیراق لەلایەن واشنتۆنەوە لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییە جیهانییەکاندا دەیبەستێت. ناوەندەکان دەڵێن زیانی عیراق دەگاتە ١٩٤ ملیار دۆلار بەشێوەی گەڕاوەی بەفیڕۆ چوو هەروەك دوو لەسەر سێی یەدەکی نەوتی عیراقیش لەم مامەڵانەدا دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی کۆمپانیا بیانییەکانەوە".

دواتریش کە بینرا "وەزارەتی بەرگری ئەمریکا ، ٢٦ گرێبەستی نوێکردنەوەی کۆمپانیای نەوتی عیراقی، بۆ ئەو وڵاتانە تەرخانکرد کە پشتیوانیان لەجەنگی عیراق کرد"[108] ، و هاواری جۆن برۆنی، سەرۆکی جێبەجێکاریی "بریتیش پترۆڵیۆم" زۆر بەرزبۆوە کە رایگەیاند:"پێداگری خۆمان دووپاتکردۆتەوە کە پێویستە یەکسانی هەبێت لەهەڵبژاردنی ئەو

---

[107] - http://www.asharqalawsat.com/details.asp?section=$&assue=9860&article=335306

[108] - دکتر عنایت ا..یزداني- مرتضي شجاع، نفت: ابزار قدرت در سدة بیست و یکم امریکا و خلیج فارس، اطلاعات سیاسي اقتصادي، شمارة ٢٢٤-٢٢٣، ص ١٦٢.



کۆمپانیا نەوتیانەی دەچنە عیراق"[109] ، دەرکەوت ئەمریکا زۆرباش لەو هاوکێشەیە گەیشتووە کە داگیرکردنی عیراق، کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر ژینگەی نێودەوڵەتیو هاوسەنگی هێزەکانی جیهانو، کۆنترۆڵکردنی نەوتی عیراق لەلایەن ئەمریکاوە، پێگەی ئەمریکا لەبەرامبەر دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوتدا، بەهێز دەکات[110] .

کاتێکیش ئیبراهیم بەحر ئەلعلوم،کوڕی گەورە پیاوی ناسراوی شیعە(محەمەد بەحر ئەلعلوم) و ئەندازیاری نەوتی ئەمریکا، سێ رۆژ پاش دەستنیشانکردنی بە وەزیری نەوتی عیراق ڕایگەیاند: "لەپێشی (ئەولەویەت) دەدرێت بە کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا لەڕێکخستنی کاروبارەکان لە کەرتی نەوتی عیراق دا"[111] ، هەم دەرکەوت کە ئەمریکا توانیویەتی پیاوەکانی بەباشی لەعیراقی نوێ دا بخاتە گەڕ و هەمیش دەرکەوت کە دۆکتۆرینی ئایزنهاوەر سەرباری تێپەڕینی زیاد لە ٥٠ ساڵ بەسەریدا، هێشتا پێگەی خۆی لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا لە دەست نەداوە. [112]"لە ٥ی ١ ی١٩٥٧ ئایزنهاوەر سەرۆکی ئەمریکا داوای لە

---

[109] - أیان رتلیدج ،العطش الی النفط ماذا تقعل امیرکا بالعالم لضمان أمنها النفطي، مازن الجندلي ،دار العربیة للعلوم،٢٠٠٦،ص ٢٥٠

[110] - دکتر عنایت ا..یزداني ـ مرتضي شجاع،نفت: ابزار قدرت در سدة بیست و یکم امریکا و خلیج فارس، اطلاعات سیاسي اقتصادي، شمارة ٢٢٤-٢٢٣، ص ١٦٤.

[111] - أیان رتلیدج ،العطش الی النفط ماذا تقعل امیرکا بالعالم لضمان أمنها النفطي، مازن الجندلي ،دار العربیة للعلوم،٢٠٠٦،ص.

[112] -**هنري کیسینجر،دیثلوماسي، محمد حسن کاووسي عراقي،جلد اول،ضاث دوم،** اطلاعات ، تهران، ١٣٨٣، ص١٨٣.

کۆنگرێس کرد ئەوەی پێی دەگوترا دۆکتۆرینی ئایزنهاوەر پەسەند بکرێ ــ بەرنامەیەکی سێ کۆڵەکەیی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، واتە کۆمەکی ئابووری، کۆمەکی سەربازیی و پارێزگاریکردن لەناوچەکە لە هەر هێرشێکی کۆمۆنیستەکان. لە ١٠ی ١ی ١٩٥٧ یش ئایزنهاوەر لەوتارێکدا وتی: یەکەم/ بەرژەوەندییە ژیارییەکانی ئەمریکا جیهانییەو، هەردوو نیوە گۆی زەوی و هەموو کیشوەرەکان دەگرێتەوە. دووەم / ئێمە لەتەك هەموو دەوڵەتە ئازادەکانی جیهاندا بەرژەوەندی هاوبەشمان هەیە".

بەم پێیە لە ٢٦ی فێبرایەری ٢٠٠٧، ڕەشنووسی یاسایەکی نوێی نەوت، داڕێژراوە کە زۆرترین بەرژەوەندیی کۆمپانیا بیانییەکانی پاراستووە، بەوتەی حسێن شەهرستانی"ئەنجومەنی وەزیران بەکۆی دەنگ ڕەزامەندیی لەسەر ئەو پرۆژە یاسایەی نەوت نیشان داوە"[١١٣]، ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەوەی بەرژەوەندیی باڵای عیراق بێت، لە دانیشتن و ڕێکەوتن و ململانێ سیاسییەکانی نێو عیراقدا ڕەچاو ناکرێت و تەنیا و تەنیا بەرژەوەندیی چەند کەسێك و کەمینەیەکی ئۆلیگارشیە کە دەپارێزرێت.

## توانای جیۆسیاسیی عیراق

بە بازدانێکی خێرا و تێپەڕینێکی ١٢ ساڵە بەسەر نەهامەتییەکانی عیراقدا، کە ئابلۆقەی نێودەوڵەتی و سیستمی تاکحزبی و فەسادی

113 - هەفتەنامەی هەواڵ،ژمارە ١٧،٢٢٢ی ئازاری ٢٠٠٧،لا٢.



کارگێڕیی و جیاوازی تایەفی و مەزهەبی، بەعیراقی کرد دەگەینە ئەو وەڵامەی کە ئەمریکا لەبەهاری ٢٠٠٣ دا عیراقی داگیر کرد:

یەکەم/ کۆتاییهێنانی یەکجارەکی بەو هەڕەشانەو گوشارانەی عیراق لەسەر بازاڕی نەوت و کێڵگە نەوتییەکانی کەنداوی فارس دروستی دەکرد.

دووەم/ بوار ڕەخساندن لەبەردەم حکومەتێکی نوێی (دۆستی ئەمریکا) لەعیراقدا کە بتوانێت سەرلەنوێ بیرەنەوتییەکانی عیراق بەگەڕبخاتەوەو سەرمایەگوزاریی بیانی بۆ دەستەبەر بکات و بەشوێن چاڵی نوێی نەوتدا بگەڕێت[١١٤] .

سێهەم/ پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە پیادە بکات.

چوارەم/ ئیسرائیل لە هەڕەشەکانی عەرەب بپارێزێت .

پێنجەم/ بواری جیۆسیاسیی و جیۆبازرگانیی خۆی فراوان بکات.

شەشەم/ شەڕی دژە تیرۆر بێنێتە نێوجەرگەی تیرۆریستانەوە کە کەنداو و جیهانی عەرەبییە.

حەوتەم/ کاربکات بۆ بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی دیموکراسی.

لێرەشەوە وڵاتێکی پڕ لە قەیرانی وەك عیراق، کە لەلایەك، مێژوویەکی سیاسیی خوێناوی هەیەو لەلایەکی تر لەبەر یەدەکە نەوتەکەی دەتوانێت ڕۆڵی کارا بگێڕێت لەسیاسەتی گشتی ناوچەکەو جیهاندا، و هەروەها

114 - أيان رتليدج ،العطش الى النفط ماذا تقعل اميركا بالعالم لضمان أمنها النفطي، مازن الجندلي ،دار العربية للعلوم،٢٠٠٦،ص

بەهۆی پێگە جیۆسیاسییەکەیەوە کە بەستەری نێوان ئەوروپاو نیمچە دوورگەی هیندە، یاریزانێکیشە لەنێوان تورکیاو ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداودا، و دەتوانێت دابڕێکیش لەنێوان هاوپەیمانێتی سوریا و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دروست بکات، ڕێگە لەهەڵکشانی شیعە بگرێت، و دەشکرێت لە دوور مەودا دا وەك هاوپەیمانێکی سیاسی ئوردەن‌و ئیسرائیل ڕۆڵ بگێڕێت و، کاریزمای سوننەی عەرەب لەناو بەرێت، دەتوانێت ببێتە ناوەندێك بۆ ساغکردنەوەی کالاو کەرەستە سەربازی‌و مەدەنییە ئەمریکی‌و تارادەیەك ئەورووپییەکان .. هەروەك پێگەی جیۆسیاسیی عیراق، دەتوانێت لە کۆنترۆڵکردنی جموجوڵی فەندەمێنتاڵەکانی کەنداو، سوریا، و ئوردەن، هەروەها چاودێری کردنی هەواڵگریی بەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، کەمکردنەوەی توانای بلۆفی ئەتۆمیی تاران، هاندانی ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە بۆ نغرۆکردنی سیستمی سیاسیی و تێکدانی شیرازەی ئیسلامیی ئێران، و دواتر کەمکردنەوەی هەژموونی دەیان ساڵەی سۆڤییەت و هەژموون و بەرژەوەندیی سەدان ساڵەی ئەورووپا لە کەنداو و بێ بایەخکردنی پێگەی جیۆسیاسیی تورکیا بۆ ناتۆ، و بەکارهێنانی عیراق وەك سەنگەری پشتیوان بۆ هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان، قەتەر، کوەیت، عەرەبستانی سعودی، بەحرەین .. کەواتە دەردەکەوێت عیراق دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لەناوچەکەدا، کە نەبوونی سەقامگیری سیاسی‌و بەردەوامیی قەیرانی ئاسایش لەم وڵاتە، دەبێت بە خاڵێکی کوشندە لەقولایی ستراتیژیی عیراقداو بە تەواوی پارسەنگی هێزی ئەم



پێگە جیۆسیاسیی و ئیکۆنۆمییە، لەسەر ئاستی ئیقلیمی و جیهانی لاواز دەکات‌و بۆشاییەك لەم وڵاتەدا دروست دەکات کە لاوازترین دەوڵەتانی خاوەن سەروەریی ناوچەکە و جیهان، دەتوانن لە بەرژەوەندی بالأی خۆیاندا بەکار بێنن.

دابەشبوونی تایەفی و مەزهەبی عیراق و مێژووی بەزۆر پێکەوەنانی ئەم وڵاتە و فرەیی لە مەزهەب و نەژادیش، ئەوەندەی دی، عیراقی لاواز کردووەو ژمارەیەکی لێ بەرهەم هێناوە کە ئامادەیە بەسەر بچوکترین کۆلکەی هاوبەشدا دابەش بێت و بەڕووی دۆست و دوژمندا کراوە بێت. لێرەشەوە قەیرانی سیاسی‌و قەیرانی سیکیوریتی سەرهەڵدەدات و پارادۆکسێك لەعیراقدا بەرهەم دێنێت کە چوار ساڵە بێ وەڵامەو بە سەدان هەزار کەسی کردۆتە قوربانی. بۆیەش لەخۆڕا نییە کە مادلین ئۆلبرایت دەڵێت: "جەنگی عیراق خراپترین ڕووداوە لەمێژووی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا "[115] و زبیگینیۆ بێرژنسکی یش دەڵێت " پرۆسەی خستنی ڕژێمی بەعس سەرەتا گەر سەرکەوتن بوو بێت، ئەمرۆ بۆتە شکست بۆ سیاسەتی دەرەوە و بەرگری ئەمریکا"[116] . بەتایبەت گەر ئەمریکا نەتوانێت پلانەکانی خۆی لەعیراقدا پیادە بکات.

---

115 - ڕۆژنامەی ئاسۆ،٢٧-٢-٢٠٠٦،ل٤.

116 - Four steps towards calming the chaos in Iraq/By Zbigniew Brzezinsky/FT.com site، Feb 01، 2007

## بەشی دووەم

# قەیرانی ئاسایش لە عێراق

عێراق، دەوڵەتێکی پەرلەمانیی فیدراڵیی دیموکراسییەو دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای ئاسیاوە. قەیرانی ئاسایش لەم وڵاتە بەتایبەت لەمێژووی نوێیدا، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی، کە بە خاڵێکی رەش دەژمێردرێت لە فەرهەنگە سیاسی و سیکیوریتییەکەیدا. بۆیە لەم بەشەدا، هەوڵدەدرێت، فاکتەرەکانی قەیرانی ئاسایش لەعێراق، فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی، سیاسی ـ مەزهەبی، نەژادی ـ نەتەوەیی، ئەمنی ـ میلیتاری .. لێکبدرێتەوەو بۆ ئەم مەبەستەش، ئەم بەشە دابەشدەکرێت بەسەر چەند بابەتێکدا:



**بابەتی یەکەم:**

## فاکتەری جیۆپۆلەتیکی

هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیکیی عێراق، کە وایکردووە لەگەڵ شەش دەوڵەتی نەیاردا، سنوری کراوەی هاوبەشی هەبێت، و هاوکات جیاوازیی قوڵی دیمۆگرافییو داتەپینی ژێرخانی ئابووریی، تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی، وێرانبوونی شارەکانو کوێربوونەوەی ژیانی دێهاتەکان، پەککەوتنی کارگە بەرهەمهێنەرەکان، زیادبوونی بێکاریو بەرزبوونەوەی هەڵاوسان، کاریگەریی خراپی سێ جەنگی وێرانکەر لەسەر دەروونی تاکی عێراقیو ململانێی خوێناویی سیاسیو هەوڵدان بۆ پەراوێزخستنو سڕینەوەی نەتەوەو مەزهەبی ترو نەبوونی کولتوری مەدەنییەتو تێنەگەیشتن لەدیموکراسیو کرانەوەی لەناکاوی سنورەکانی عێراق بەڕووی جیهانداو تێکەڵنەبوونی پێشتری عێراق لەگەڵ جیهانگیریو خاڵیکردنەوەی قەیرانی دەوڵەتانی ناوچەکە لەگەڵ ئەمریکا لەنێو عێراقدا .. بەشێکن لەو فاکتەرانەی لەعێراقی نوێدا، قەیرانی ئاسایش و، ناسەقامگیرییان لێکەوتۆتەوە.

## کێشەی سنور

عیراق، ١٦٢،٤٣٢ کیلۆمەتر چوارگۆشە رووبەریەتی، لەتەك ئێراندا (٤٥٨،١) کیلۆمەتر، و لەگەڵ ئوردەن (١٨١) کیلۆمەتر، و لەتەك کوەیت( ٢٤٠ )کیلۆمەتر، ولەگەڵ عەرەبستانی سعودیە ( ٨١٤) کیلۆمەتر، و لەتەك سوریا( ٦٠٥) کیلۆمەتر، و لەگەڵ تورکیا( ٣٢٥ )کیلۆمەتر، سنوری هاوبەشی هەیە[117] . ئەمەش بەشێکی گەورە لەقەیرانی ئاسایشی عیراق پێکدەهێنێت، چونکە لەبەر لاوازیی پێکهاتەی دەزگای ئاسایشی عیراق(ئیستخبارات و موخابەرات)، سوپا و پۆلیس و پاسەوانانی سنور، لەماوەی ٤ ساڵی رابردووی داگیرکردنی عیراقدا نەتوانراوە، بەتەواویی کۆنترۆڵی هێڵە سنورییەکانی نێوان عیراق و دراوسێکانی بکرێتو لێرەشەوە، دزەکردنی تیرۆریستان، چەك و یارمەتی دارایی‌و کیمیاوی بۆ باندو گروپە یاخییەکانی نێو عیراق .. بەئاسانی دەچێتە پێش بەتایبەت کە پاش پەرەسەندنی تەقینەوەی ئوتومبیلی پڕ لە"کلۆر" دەرکەوتووە، کە ئەو مادە کیمیاوییە لەئوردەنەوە بۆ عیراق ـــ پارێزگاکانی ئەنبار و سەلاحەدین ـ دەگوازرێتەوەو تیرۆریستان بەهیوای زیادکردنی ژمارەی قوربانیەکان لەتیرۆرکارییاندا بەکاری دێنن[118]. ئەمە

_ 117 https://www.cia.gov/cia/publications/factbook/geos/iz.html

118 ـجريدة الصباح،٢٩-٣-٢٠٠٧،ص١.



جگە لەوەی عەرەبستانی سعودی، کوەیتو سوریاو کۆماری ئیسلامیی ئێران بە نەپاراستنی سنورەکانیان لەگەڵ عیراقدا، و یارمەتیدانی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆی تیرۆریستان، دزە پێکردنی پارە و چەك و تەقەمەنی و خۆکوژ بۆ نێو عیراق تۆمەتبارکراون و تورکیاش لەسەر لەشکرکێشییە بەردەوامەکانی بۆ سەر سنورەکانی هەرێمی کوردستان و بۆردومانکردنی بەرزاییەکانی قەندیل، رەخنەی توندی لێگیراوە، بەڵام هێشتا عیراق نەیتوانیوە وەکو دەوڵەت، سنورەکانی خۆی بپارێزێت و دراوسێکانیشی وەك پێویست یارمەتیی پاراستنی ئەو سنورانە نادەن کە بوونەتە رێڕەوی گواستنەوەی تیرۆریستی.

## کێشەی دیمۆگرافی

عیراق کە لە ١٨ پارێزگا پێکهاتووە، بەپێی زانیارییەکانی (سی ئای ئەی) تا مانگی فێبرایەری ٢٠٠٧، ژمارەی دانیشتوانی ٢٦ ملیۆن و ٧٨٣ هەزار و ٣٨٣ کەس بووە، کە ٧٥٪ -٨٠٪ ی عەرەب، ١٥٪ تا ٢٠٪ ی کوردو ئەوانی دی، ئاشوریو تورکمانن. هەروەك لەڕووی دابەشبوونی دینیشەوە (٩٧٪ ی عیراق موسوڵمانن کە ٦٠٪ ی ئەو رێژەیە شیعەو ئەوی تری سوننە مەزهەبن)، و (٣٪ ی عیراقیش لەڕووی دینییەوە بریتین لەمەسیحی و ئەوانی دی). ئەمەش فاکتەرێکی دیکەی قەیرانی سیاسیو قەیرانی ئاسایشە لەعیراق، بەتایبەت کە لەلایەك جیاوازی مەزهەبی پەرەیسەندوەو لەلایەك جیاوازی نەتەوەییش لەئێستادا کە بەرجەستە

دەبێت، ئاگری ژێر خۆڵەمێشە، چونکە دەوڵەتی بەزۆر دروستکراوی عیراق، لەسالآنی رابردوو، نەك تەنیا هەر خۆی سوتاند، بەڵکو ئاگرێکی سوتێنەریشی بۆ هەموو عیراقییەك جێهێشت کە بیەوێت بیر لە ناسنامەی خۆی بکاتەوە. گەر تەماشاش بکرێت، هەڵبژاردنە سەرتاسەرییەکانی عیراق، کە بە بڕوای کۆشکی سپی، هەنگاوێکی گەورەی بەدیموکراسیکردن بووە، بەڵام راستییەکەی ئەوە بوو کە هەڵبژاردنەکان، هەنگاوێك بوو بۆ دابەشکردنی سیاسیی نەتەوەو ئیتنیك و مەزهەبەکانو کۆتاییشی هێنا بەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە سەدان ساڵەیەی مێژووی کۆنی عیراق کە شیعەو سوننە، کوردو مەسیحیو تورکمان، تێیدا پێکەوە گوزەرانیان بردبووە سەر. گەر ئەوەشمان لەیاد بێت کە " ئەزموونی دیموکراسی بڕیار نییە تا بڕیار بدەین دیموکراسی بێن، بەڵکو دیموکراسی پرۆسەو کولتورە"[119] ، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە قەیرانی ئاسایشی عیراق، بەشێکی بۆ کولتوری سیاسیو کۆمەڵایەتی ناوچەکە، دەگەڕێتەوە .

## کێشەی ئیتنی- مەزهەبی

بەم پێودانگە کە قەیرانی سیاسی و کێشەی قۆرخکردنی دەسەڵات لە نێوان شیعەو سوونەدا کێشەیەکی ئەزەلییە!، دەبینرێت ئێستا کە شیعە دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست ناتوانن پێویستییەکانی سوننەو کورد جێبەجێ

119 - ضاوثيكةوتنيك لةتةك د.ئةلبيرت عيسي ،كوردستاني نوي،٩-٤-٢٠٠٧،لا١٠.



بکەن، سوننەش هەرچەندە لەڕووی واقیعەوە دەزانن لەلوتکەی دەسەڵاتدا نەماون، بەڵام لەڕووی هەست و سۆزەوە درك بەو حەقیقەتە ناکەن کە کەمینەی ئەوان، مافی نییە حوکمی رەهای خۆی بەسەر کورد و شیعەدا بسەپێنێت.

کێشەی ئێستای عیراق، ململانێی نێوان سێ کۆمەڵگەی سەرەکیی شیعەو سوننەو کورد دروستی کردووە، کە هیچ کامیان توانای پێکەوە گونجانیان نییە لەگەڵ یەکدی دا، سوننەکان لە هەژموونی حکومەتی شیعەی سەرکوتکاردا، خوراون و حکومەتیش بۆ فراوانکردنی بنکەی جەماوەریی دامەزراوەی شیعە .. کەسانی وەك موقتەدا سەدر بەکار دێنێتو ئۆپۆزسیۆنی هەژاریو بێخزمەتیی وڵات، لەڕەوتێکی وەك رەوتی سەدردا دەتوێنێتەوەو تێکەڵاوی دەریای شیعەگەراییان دەکات. کورد دەیەوێت زوڵمە مێژووییەکانی سەر پێکهاتەی فیزیکیو کەسێتی خۆی، لابەرێت و سوننەکانیش بە پشت بەستن بە هەستی ناسیۆنالیزمی عەرەبی کەنداو، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریکا، هەم سەرچاوەی دارایی کۆدەکەنەوە و هەم کار بۆ دزەپێکردنی موجاهید دەکەن بۆ نێو خاکی عیراق، نمونەکانی ئەم چوار ساڵەی سەردانەکانی حارس زاری سەرۆکی هەیئەی عولەمای موسلیمین بۆ هەریەکە لە ئوردەن، سعودیە، یەمەن، قەتەر، لیبیا، جەزائیرو میسرو ئەردەنو عەرەبستانی سعودی، دۆزینەوەی چەكو تەقەمەنیش لەماڵی ئەندام پەرلەمان و سیاسەتمەدارە گەورەکانی سوننەی عەرەبدا، ئەوە دەسەلمێنن کە دەسەڵاتدارانی سوننەی عەرەب

نەیانتوانیووە هێشتا باوەڕ بەخۆیان بهێنن کە لەعیراقێکی نوێ دا ژیانی سیاسی دەگوزەرێنن. وەك چۆن نەشیانتوانیووە بڕوا بەو حەقیقەتە بهێنن کە سالآنی بالآدەستیی رەهای سوننەی (١٥٪ - ٢٠٪)ی کەمینە لەعیراقو سالآنی کاریزمایی سەدام حسێنو سالآنی بەسەنگەربوونی عیراق لەبەردەم هەژموونی ئێرانی شیعەو تورکی عوسمانی دا کۆتایی هاتووەو پێویستە ئەوانیش لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەنەوە. بەتایبەت کە لەنێو ئوتومبیلەکانی عەدنان دلێمی دا لەناوچەی سەوز، تی ئێن تی دۆزرایەوە، لە ماڵی زافر عانی دا دەیان پارچە چەك دەستی بەسەردا گیرا، پاسەوانێکی سەلام زەوبەعی جێگری سەرۆك وەزیری عیراق بۆ کاروباری ئاسایش، خۆکوژ دەرچوو[120] و لە مزگەوت و لەنیوەڕۆیەکی پیرۆزی هەینی دا خۆی پێدا تەقاندەوە، وەك چۆن لەبەرواری ١٢/٤/٢٠٠٧ دا تەقینەوەیەك لەنێو کافتریاکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا دەیان کوژراو بریندراری لێکەوتەوە[121]، ئەمەش بێشك هۆکارەکەی بۆ دزەکردنی سوننەی عەرەبی توندڕەو بۆ نێو ریزەکانی پاسەوانانی ئەندام پەرلەمانە سوننەکانی عیراق دەگەڕێتەوە، ئەو سوننانەی هێشتا نەیانتوانیووە ستراتیژی گشتی خۆیان بەرامبەر دۆخی سیاسی عیراق دیاری بکەن.

---

120 - راديؤ دةنطي خاك ،سةعات ١٠ سةر لةبةياني٢٠٠٧/٣/٣٠، دؤسيةي سياسي،

121 - http://arabic.cnn.com/2007/middle_east/4/12/baghdad.bridge/index.html



ئەمە جگە لە تورکمانو کەمینەکانی دی کە لەسەردەمی دەسەڵاتەکانی پێشوودا، هیچ مافێکیان پێنەدراوەو ئێستا ڕەنگە بیانەوێت هەموو شتێك لەپڕێکدا بەدەستبێنن.

## بابەتی دووەم

# ڕۆڵی ئەمریکا

عیراق کە لەرۆژی لەدایکبوونیەوە بەشێوای لەدایکبووە، دوچاری ئاستەنگێکی خوێناوی بووە. لەو چوارچێوەیەدا کە عیراق جەنگێکی دوورە لەناوچەیەکی دوورترەوە لەئەمریکا، دۆڕاندنی پشتیوانەکانی ئەمریکاش (ناتۆ و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی) لەجەنگی گۆڕینی رژێمدا وەك چۆن ئەمریکای ناچار کرد بەتەنیا، نرخێکی بەرز ببژێرێت بۆ دامالینی چەکی کۆکوژ لەعیراق، ئاوەهاش ئەمریکا ناتوانێت بەرگەی شکست بگرێت، چونکە دۆڕان لەعیراق ئاسایشی ناوچەکەی لێدەشێوێنێت، پەیوەندیی نێوان ئەمریکاو جیهانی ئیسلامی دوچاری ئاستەنگ دەکاتەوەو ئەو بوارەی بۆ نزیکبوونەوەی گەنجی کوردو عەرەب لەئەمریکا

دروســـتبووە، لـــەناو دەچـــێت[122] ، لێرەشـــەوە هاوكارییـــە ســـەربازییەكانی ئەمریكا بۆ عیراق دەستی پێكرد. بۆ نمونە عـەلی عـەلاوی لـە ١٨ی٤ ی ٢٠٠٤ ســێ لیــوای لەســوپای عیراقــدا دامەزرانــد، لــەكۆتایی هــەمان ساڵیشدا، هێزە چەكدارەكانی عیراق، ٢٩٠ هەزار پارچە چەك، ٢٤ هــەزار ئۆتومبیل ،٧٥ هەزار بێ سیم و ١٩٠ هــەزار گوللەنــەبڕیان لــەهێزەكانی ئەمریكاو هاوپەیمانان وەرگــرت[123].. وەرگرتنێــك كــە نــەیتوانی قــەیرانی ئاسایشی عیراق چارەسەر بكات.

## دروشمی درۆی سێ

لێرەشەوە كە ئەمریكا لەهەر چوار بواری سیاسیو سەربازیی، ئابووریی ـ تێكنۆلۆژی، و فەرهەنگی ـ كۆمیونیكەیشن، پێگـەی هــەژموونی بـۆ خۆی دابینكردووە[124] و لەسەدەی بیستیشدا، ئاسایشی ئەمریكا پەیوەســت بوو بە كۆنترۆڵكردنی ئۆرۆئاسیاوە[125].. ئیدی كاتی ئەوە هات كە ئەمریكا

[122] - http://www.wilsoncnter.org/index.cfm?fuseaction=news.item&news_id=202732

[123] - http://www.globalsecurity.org/wmd/library/news/iraq/2006/06/iraq-060624-rferl02.htm

[124]- سید حسین سیف زادة،معماي امنیت و **ضالشهاي** جدید غرب، دفتر مطالعات سیاسي و بین المللي، تهران،١٣٨٣،ص٢٥.

[125] - دكتر عنایت ا..یزداني-مرتضي شجاع،نفت: ابزار قدرت در سدة بیست و یكم امریكا و خلیج فارس، اطلاعات سیاسي اقتصادي، شمارة ٢٢٤-٢٢٣، ص١٦٢.



ڕاسپاردەكەی "هانس جی مۆرگنتاو" بەهەند وەربگرێت كە دەیگوت:" لە دونیای بەئەتۆمی بوو دا، ناتوانیت ئاسایشی خۆت لەڕێگـەی شـێواندنی ئاسایشی ئـەوانیترەوە، دابینبكـەیت .. بـەهۆی ئەمەشـە كـە دەوڵـەتانی خۆرئــاوا لــە سیاســەتی ئــەتۆمیی دەوڵــەتانی دیكــە نیگــەرانن"[126]. نیگەرانییەك كە بەڕای گشتی جیهان و ئەمریكای ڕاگەیانـد لەبەرئـەوەی عیراق خاوەنی چەكی كۆكوژە و لەگـەڵ تیرۆریـستاندا پەیوەنـدیی هەیـە، كەواتە عیراق مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئـەمریكاو پێویـستە بەرلەوەی ئـەو زەبرمـان لێبوەشـێنێت، ئێمـە گـورزی لێبوەشـێنین. پـۆل وڵفۆیتز، جێگری وەزیری بەرگری ئەمریكا لەكاتی جەنگی عیراقـدا ، بـە توندی جەختی دەكردەوە لەسەر بوونی "چەكی كۆكـوژ" لەلایـەن ڕژێمـی سەدام حسێنەوە، ئەمەش بەمەبەستی ئامادەكردنی ڕای گشتی بۆ لێدرانی وڵاتی عیراقو بوونی پاساوێك بۆ ئەو هێرشە نایاساییە لەسیـستمی نـوێی جیهانی دا[127] . لەكاتێكیشدا كـە سـوپای ئـەمریكا سـەرقاڵی داڕشـتی ستراتیژی سەربازیی بوو بۆ خـستنی ڕژێمـی بـەعس، سـەرۆكی ئـەمریكا ڕژێمی سەدام حسێنی وەك "تەوەری شەڕ ـ خراپەكاریی" ناسـاند لەسـاڵی ٢٠٠٢ دا. لەبەرئەوەی بـەبڕوای "رایـس" ئـەمریكا بـەهێزترین دەوڵەتـە

[126] - سید حسین سیف زادة،معماي امنیت و ضالشهاي جدید غرب، دفتر مطالعات سیاسي و بین المللي، تهران،١٣٨٣،ص**٢٥**.

[127] - http://www.isn.ethz.ch/pubs/ph/details.cfm?lng=en&id=16883
THE THIRD GULF WAR(2003-20??)/Kenneth W. Estes

لەدونیادا، کەواتە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەئەستۆیدایە جیهان پارێزراوتر بکات[١٢٨] . و بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەن ئەمریکاوە لەجەنگی عێراقدا بە وردی سودی گەورە لەتوانای سیستمی مانگی دەستکردو تێکنۆلۆجیی ئیستخبارات بینراو لەکۆتایی ٢٠٠٢ تا بەهاری ٢٠٠٣ کۆشکی سپی، وەزارەتی بەرگریو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا زیاد لە ٧٠ وێنەی گیراویان لەلایەن مانگی دەستکردەوە، بڵاوکردەوە کە وردەکاری لەسەر عێراق نیشاندەدەنو وایان دەسەلماند کە عێراق پابەندبوونی بەبڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.. بڕیارگەلێکی پەیوەست بە وازهێنان لەچەکی کۆمەڵکوژ لەدەستداوەو لەم چوارچێوەیەشدا کۆلن پاوڵ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ٥ی فێبرایەری ٢٠٠٣ دا لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە لەتەك ڕای گشتی جیهاندا سەبارەت بەمەترسییەکانی رژێمی بەعس لەسەر دۆسییەی ئاسایشی نێودەوڵەتی دوا [١٢٩] . دووانێك کە دواتر کۆڵن پاوڵ لێی پاشگەزبۆوەو بەدەستلەکارکێشانەوەی لەپۆستەکەی لە خولی دووەمی سەرۆکایەتی سەرۆك بوش دا، ئەو بەرپرسیارێتیە مێژووییەی لەسەر شانی خۆی لابرد.

گەر لە دوان و ئاراستەکردنە سیاسییەکانی "وۆڵفۆیتز، رایس، رامسفیلڵد، پاوڵ وبوش" بڕوانین لە پاش ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١وە

[128] - اروێن سلزر ،المحافظون الجدد، فازل جتكر،مكتبة العبيكان، الطبعة الاولى، الرياض، ٢٠٠٥، ص١٢٧.

[129] THE THIRD GULF WAR(2003-20??)/Kenneth W. Estes/p2- http://www.isn.ethz.ch/pubs/ph/details.cfm?lng=en&id=16883



دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە ئەمانیش، باوەڕیان بە "درۆی سپی" هەبووە وەك لیو شتراوس(١٨٩٩ـ ١٩٧٣) مامۆستای زانستی سیاسی کە لەزانکۆی شیکاگۆ وانەی فەلسەفەی سیاسی دەگوتەوە. بەم پێیەو وەك ماری واکیفیلڵد لەدەیلی تەلەگراف( ٩-١-٢٠٠٤ )دا نووسیویەتی: "شتراوس یەکێکە لەپاڵەوانەکانی دروشمی درۆی سپی، ئەو بیردۆزەی کە دەڵێت پێویستە بە پراکتیکیی درۆ لەگەڵ جەماوەردا بکرێت، چونکە تەنیا نوخبەیەکی کەمن کە توانای زەینیان هێند بەهێزە لەحەقیقەت بگەن"[١٣٠] سەرانی کۆشکی سپی کەوتنە درۆ بۆ بڵاوکردنەوەی حەقیقەت. بەڵام کام حەقیقەت، ئەوەی کە عێراق پاش تێپەڕبوونی ٤ ساڵ بەسەر داگیرکردنیدا، نەچەکی کۆکوژی تیا دۆزرایەوە و نەپەیوەندیی سەرانی رژێمە لەناوچووەکەی لەتەك ئەلقاعیدەدا، خرایەڕوو [١٣١] . یاخود حەقیقەتی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان، و ئەوەی ئایزنهاوەر لە دۆکتۆرینەکەیدا، نزیکەی ٥٠ ساڵ بەر لەئێستا باسی کردووە "چەمکی بەرژەوەندیی هاوبەش" یان ئەو حەقیقەتەی کە بەپێی راپۆرتێکی یونسکۆ "عێراق خاوەنی ٥ ملیۆن منالی هەتیووە"[١٣٢] ، یان[١٣٣] " لە کۆی هەر چوار

[130] - اروێن سلزر ،المحافظون الجدد، فازل جتكر،مكتبة العبيكان، الطبعة الاولى، الرياض، ٢٠٠٥، ص ٢٩٩.

[131] - http://www.aawsat.com/details.asp?section=4&issue=10357&article=413990

[132] - http://www.dorbeen.com

یەك شەممە ١٤٢٨/٣/٢١ك_٢٠٠٧/٤/٨

سەربازێکی ئەمریکا، لەعیراق و ئەفغانستان، سەربازێك دوچاری نەخۆشی دەروونی بۆتەوە. بەپێی لێکۆڵینەوەیەك کە "جۆرناڵ ئۆف ئەمریکان میدیکال ئەسۆشیەیشن" (١٢-٣) لە ئەمریکا بڵاویکردۆتەوە، لە هەر چوار سەربازێکی گەڕاوەی ئەمریکا لەعیراق و ئەفغانستان، سەربازێك تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە و (٥٦٪)ی تووشبوانیش زیاد لەنەخۆشیەکیان هەیە. هاوکات رۆژنامەی "ئەلشەرق ئەلئەوسەت" (٩-٣) لە راپۆرتە هەواڵێکدا ئاشکرای کرد "چواریەکی عیراقییەکان دووچاری نەخۆشیی دەروونی بوون" .. نەخۆشییەك کە قەیرانی ئاسایشی عیراق، هاندەرە بۆ پەرەسەندنی.

لێرەشەوە کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەلایەن گروپێکی سەربازی ـ پیشەسازییەوە کۆنترۆڵ کراوەو بەوتەی ئایزەنهاوەر لە ١٧/١/١٩٦١ "پەیوەندی نێوان پێکهاتەی بەرفراوانی سەربازیو پیشەسازیی گەورەی چەك دروستکردن شتێکی نوێیە لەئەمریکا"[١٣٤] و بەو پێیەش کە "موحافزکارە نوێیەکان دزەیان کردۆتە نێو دنیای رۆشنبیرییەوە لە هەموو ئاستەکاندا، دنیایەك کە لەهۆڵە ئەکادیمییەکانەوە دەست پێدەکاتو بەهۆڵەکانی پێنتاگۆن کۆتایی دێت"[١٣٥]، پلانی داگیرکردنی عیراق،

---

[133] -فرزةند شيركۆ،هةفتةي سياسي،رۆذنامةي ئاسۆ،١٥-٣-٢٠٠٦،لا٢

[134] -ضارلز دبليو كطلي.اوجين ار ويتكف،سياست خارجي امريكا ، ترجمه اصغر دستمالضي،دفتر مطالعات سياسي و بين المللي، ران:١٣٨٢،ص٤٢٩.

[135] - ارؤن سلزر ،المحافظون الجدد، فازل جتكر،مكتبة العبيكان، الطبعة الاولى، الرياض، ٢٠٠٥، ص ١٣٥ .



بەناوی "ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عیراق"ەوە پشتیوانی زۆری دەبێت.

## چوار هەڵەی ستراتیژی

بەشێوەکی تایبەت حکومەتی ئەمریکا کە هاتە عیراقەوە، چوار هەڵەی ستراتیژیی لەعیراقدا ئەنجامدا:

یەکەم/ نەیتوانی لەداگیرکردنی عیراقدا پشتیوانییەکی نێودەوڵەتیو ئیقلیمی کارا بەدەست بهێنێت، بۆیە ئێستا ٩٠٪ ی هێزە فرەنەتەوەکانی نێو عیراق، سەربازی ئەمریکان کەچی لەگەردەلولی بیابان و جەنگی بۆسنێ دا، ئەمریکا تەنیا ٥٠٪ ی سەربازانی لەخۆی، پێکهێنابوو.

دووەم/ لەکاتی داگیرکردنی بەغدادا، حکومەتی ئەمریکا هێندەی پێویست، سەربازی رەوانەی پایەتەخت نەکردو تالآنی و راوڕوت پەرەیسەند، سوپای عیراق تێکشکاو یاخی بوون سەریهەڵدا.

سێهەم/ ئیدارەی مەدەنیی کاتیی ئەمریکا لەعیراق، سوپای عیراقو هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشی عیراقی هەڵوەشاندو کارمەندانی چەندین دەزگای ڕەوانەی ماڵەوە کرد، لەئاکامی ئەمەدا نزیکەی ٥٠٠ هەزار کەس بێکاربوون. (٥٠٠) هەزار چەکداری بێکاری تورە بەعیراقدا بڵاوبوونەوەو بنەماکانی قەیرانی ئاسایشیان لەعیراقدا دارشت.

چوارەم/ پەلەکردن لەپێکهێنانی حکومەتی گواستنەوەو دواتر دارشتنی بەپەلەتری دەستوری هەمیشەیی عیراق، گرنگترین هۆکاری

پەراوێزخستنی بەشێکی عیراقیان لێکەوتـەوە .. بەشـێك کـە دەیـان سـاڵ لەترۆپکی دەسەڵاتی سیاسی عیراقدا ئەکتەری ژمارە یەك بوون[١٣٦].

دوای تێپەڕبوونی ١٠٠ رۆژ بەسـەر ئـازادبوونی عیراقـدا، لـی هـاملتن لەسەردانێکدا بۆ عیراق ئەوەی بەدیکرد هەرچەندە عیراقییەکان ئازادییـان هەیە ،بنکەی دەسەڵاتی سیاسی لەعیراقـدا فـراوان بـووە، پـۆلیس‌و هێـزە چەکدارەکان لەمەشقدان، پرۆسەی بیناتنانـەوە دەسـتی پێکـردووە، بـەڵام ئەمـە نـەبووە هـۆی فەرامۆشـکردنی ئـەو فاکتـەی کـە تـیرۆر لـە بەرزبوونەوەدایە ،هێرشکردنە سەر هێزە بیانییەکان بەردەوامە، تاوانکـاریی پەرەیسەندوە، گاپی نێـوان هێزەکـانی هاوپـەیمانان و عیراقییـەکان بـەدی دەکرێـت و چـۆنایەتی ژیـانی زۆربـەی عیراقییـەکانیش بـاش نـەبووە[١٣٧]. ئەمەش سەرەتای خوێندنەوەیە بۆ قەیرانی ئاسایش لەعیراق.

سەرەڕای ئـەوەی کـە لـە ١ی ٥ی ٢٠٠٣ سـەرۆکی ئـەمریکا کۆتـایی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عیراقی بەڕەسمیی ڕاگەیاند، بەڵام پێکدادانـەکان

---

_ 136

http://armedservices.senate.gov/statemnt/2007/January/Perry%2001-25-07.pdf

Testimony to the Senate Committee on ، William J. Perry
 2007،January 25،Armed Services

_ 137

http://www.wilsoncnter.org/index.cfm?fuseaction=news.item&news_id=202732
The Cost of Action in Iraq
A Commentary by Lee H. Hamilton



لە دەوربـەری بەغـداو فەللوجـە بـەردەوام بـوون‌و لەنیـسانی ٢٠٠٤ تـا سێپتمبەری هەمان ساڵ ئەمریکای رووبەڕوی جـەنگێکی کـراوە کـردەوەو ئەمریکا هەم لەتەك سونییە ئوسوڵییەکانی ناوەڕاستی عیراق‌و هەم لەتەك شیعە ئوسوڵییەکانی باشوردا[١٣٨] ، کەوتە دۆخێکـی نوێـوە کـە پێویـستی بەگۆڕانی سیاسی هەبوو. گۆڕان لە هاوکێشەو باڵانسی هێزو دەسەڵاتدا.

ئـەوەبوو لـە ٢٨ی حـوزەیرانی ٢٠٠٤ (CPA) سـەروەریی کـاتیی گواستەوە بۆ حکومەتی گواسـتراوەی عـیراق، لـەو ماوەیەشـدا دەسـتوری هەمیـشەیی پەسـەند کـراو یەکـەمین هەڵبـژاردنی سەرتاسـەرییش بـۆ پێکهێنانی حکومـەتێکی کـاتیی یەکساڵە ئەنجامـدرا، دواتـر لـە ١٥ی دیـسەمبەری ٢٠٠٥دا ئەنـدامانی ئەنجومـەنی نوێنـەران بـۆ چـوار سـاڵ هەڵبـژێردران و لـە ١٠ی فێبرایـەری سـاڵی ٢٠٠٦یـشدا ئاکـامی هەڵبژاردنەکـە پەسـەندکرا، حکومـەتی یـەکێتیی نیـشتمانیی عـیراق بەسەرۆکایەتی نـوری مـالیکی لـە٨ی حـوزەیرانی ٢٠٠٦ دا کابینەکـەی کاملکرا (وەك سێمبوڵ سـازییش) هـەمان رۆژ هـەواڵی تیاچـوونی ئـەبو موسعەب زەرقاوی لەهەڵمەتێکی هەوایی ئیستخباراتی دا بڵاوکرایەوە[١٣٩].

قەیرانی ئاسایش کە مێژوویەکی سەدان ساڵەی لەگەڵ عیراقدا بردۆتـە سەر، دووبارە دوای روخانی سەدام حسێن نەبڕایـەوەو بـەردەوام بـوو. دوای رووخانی سەدام بەبڕیارێکی هەڵەی "پۆڵ بریمەر" حاکمی کاتیی ئیـدارەی

---

http://www.isn.ethz.ch/pubs/ph/details.cfm?lng=en&id=16883- 138
THE THIRD GULF WAR(2003-20??)/Kenneth W. Estes/p5
http://www.globalsecurity.org/military/ops/iraq_recon_intro.htm- 139

مەدەنیی ئەمریکا، بەسەدان هەزار ئەندامی سوپاو دەزگای سەربازیی سەدام بێ کاربوون کە لەسەرەتادا تەنیا ٣٠ هەزار کەسیان وەرگیرانەوەو لەمەفرەزەی پاسەوانانی سنورو هاوشانی سوپای ئەمریکا دەستبەکار بوون، ئەوکاتە پلانی ئەمریکا وابوو ڕێبگرێت لەوەی عێراق ببێتەوە بەخاوەنی سوپایەکی بەهێز، چونکە هێشتا ئاسەواری دوو جەنگی کاولکەر بە روخساری سیاسیو ژێرخانی ئابووریی عیراقەوە بەدی دەکرێت کە گەورەیی سوپا، هۆکاری بوو[١٤٠].

بە ئاوەڕدانەوە لەمێژووی نزیکی ناوچەکەش دەبینرێ لەجەنگی کەنداو دا بوشی باوك و جەیمس بیکەری وەزیری دەرەوە (١٥) ساڵ لەمەوبەر ویستیان ئاشتی (عەرەب ــ ئیسرائیل) لەسەر حسابی سەرکەوتنیان لەجەنگی کەنداوی فارس دا بەدەستبهێنن، کە دەرکەوت، سەرکەوتنی سەربازیی لە کەنداودا ناکاتە سەرکەوتنی دیپلۆماسی لەناوچەکەدا و هەروەك ڕووداوەکانی کەنداو کاریگەری گەورەیان نابێت لەسەر تێکڕای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست[١٤١].

---

140 - هەمان سەرضاوەي ثيشوو.

141 -

Forget the Domino Theories
Robert SatloffBy
2006، December 19، *Washington Post*

http://www.washingtoninstitute.org/templateC06.php?CID=1011



## دەزگای موخابەرات بۆ کام لا

ئاستەنگێکی تر کە لە بەردەم چارەسەر بوونی قەیرانی ئاسایشی عیراقدا بەدی دەکرێت، بەرجەستەبوونی ناکۆکیی نێوان دەسەڵاتی عیراقییەکانو دەسەڵاتی ئەمریکایە سەبارەت بە بەڕێوەبردنی دەزگای موخابەراتی عیراق. وەك زانیارییش دەزگای موخابەراتی عیراق کە دوای پرۆسەی رزگاریی، بە بودجەی راستەوخۆی "سی ئای ئەی" دامەزرا و تا ئەمڕۆکە حکومەتی عیراقی هیچ تێچوونێکی لەئەستۆ نەگرتووە .. ئەو کاتە "سی ئای ئەی" بە ٥٠٠ کارمەندی کارامەی خۆی لەعیراقدا بنیادی ناوە. بنیادێك کە محەمەد شەهوانی بەڕێوەبەری ئاژانسەکەش لەو چوارچێوەیەدا دامەزرێنرا. بەڵام ئێستا پێدەچێت ئەو هاوکێشەیە گۆڕابێت، چونکە حکومەتی عیراق بەرنامەیەکی کاری نوێی بۆ ئاژانسەکە داڕشتووە کە بەپێی ئەو بەرنامە نوێیە،(پێویستە زانیارییەکانی موخابەراتی عیراقی لەبری ئەوەی بدرێتە ئەمریکا، پێشکەش بە حکومەتی عیراق بکرێت). ئەم ململانێیەش لەکاتێکدایە کە هاوشانی ئەو ئاژانسە، حکومەتی مالیکی وەزارەتی "ئاسایشی نیشتمانیی" عیراقی چالاککردووە بەجۆرێك کە تا سەرەتای مانگی مارسی ٢٠٠٧، ٣٠٠٠ ئەندامی کارای ئیستخبارات کاریان تێدا کردووە[١٤٢].

---

142 -

## بابەتی سێیەم

# جەنگی سیاسی - مەزهەبی

قەیرانی ئاسایشی عیراق چارەسەر نەکرا، چونکە جگە لەوەی فاکتەری سیاسی و نەتەوەیی، مەزهەبی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی، کولتوری لەعیراقدا ڕێگرن لەلێکترگەیشتنی کورد و عەرەب، شیعە و سوننە.. ئاوەهاش کێشەی عیراق بە پلەی یەکەم کێشەیەکی سیاسییە، کێشەیەك کە مەلای دوانزە عیلمی هێناوەتە نێو پرۆسە سیاسییەکانەوە، عەشیرەتگەرێتی زیندووکردۆتەوە، عەلامەی کردۆتە ئەندام پەرلەمان، پێش نوێژی کردۆتە وەزیر، مامۆستای کردۆتە سەفیر، و گەلێ جاریش دەست پیس و داوێن پیس و تاوانباری لە سێبەری حزبێکی تازە دروستبوودا کۆکردۆتەوە.

ئەم قەیرانەش کۆمەڵێك هۆکار پشتیوانیی لێدەکەن:

## ڕۆڵی موخابەراتی بەعس

ئەیجێنت لە موخابەراتیی بەعسدا بەدبەختییەکی نوێی بۆ عیراقییەکان دارشتبوو. گۆڤاری نیوزویك لە ٢١ی تەمموزی ٢٠٠٣ بڵاوی کردەوە، دوو مانگ پێش روخانی رژێم، موخابەراتی عیراق فەرمانی ئەوەی

http://arabic.cnn.com/2007/middle_east/3/7/iraq.intelligence/index.html



دەرکرد کە "ئەگەر سەرکردایەتی عیراق رووخا، چیتان پێکرا لە دژی هێزەکانی ئەمریکا و بریتانیا و ئیسرائیل ئەنجامی بدەن" بۆ ئەو مەبەستەش ١١ تاکتیکی بۆ دەستنیشان کردبوون کە یەکێکیان بریتییە لە تالانکردن و سوتاندنی دامەزراوە حکومییەکان، (بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە، ئەمریکا بۆ رێگەی دا بە بەرچاوی خۆیەوە، جگە لە وەزارەتی نەوت، تەواوی ژێرخانی ئابووری و سەربازیی عیراق تالان بکرێت)، هەمان گۆڤار لە ١٢ ئابی ٢٠٠٣ بڵاویکردەوە کە ١٠٠ هەزار ئەندامی جیهازی ئەمنی عیراق کە لەناوچەی سێگۆشەی سوننەدا نیشتەجێن، دوای روخانی رژێم بەبێکاری ماونەتەوە[١٤٣]. ناوچەیەك کە سەرەتای قەیرانی ئاسایشی عیراق لەوێوە دەستی پێکرد.

لە پاڵ ئەمانەشدا ئازادکردنی ٣٠ هەزار تاوانبار لە زیندانەکان لە پاییزی ٢٠٠٢ لەلایەن رژێمی بەعسەوە، هۆکارێکی گەورەی نائارامیی عیراق بووە و هاوکات شکاندنی گەنجینەکانی چەك و تەقەمەنی و بڵاوبوونەوەی نزیکەی ٥ ملیۆن پارچە چەك و کەرەستەی سەربازی بە نێو عیراقییەکاندا، دووبارە قەیرانی ئاسایشی لەوڵاتدا بەدواوە بووە[١٤٤].

143 - http://www.globalsecurity.org/wmd/library/news/iraq/2006/06/iraq-060624-rferl02.htm

144 - http://www.globalsecurity.org/military/ops/iraq_recon_intro.htm

## گرووپە شیعە مەزهەبەكان، ڕەوتی سەدر وەك نموونە:

هەڵبژاردنەكەی ١٥ی دیسەمبەری ٢٠٠٥ بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٧٥ ئەندام)، كە دواتر ئەنجومەنی سەرۆكایەتی و ئەنجومەنی وەزیرانیان پێكهێنا، بەم شێوەیە نەخشەی سیاسی عیراقی دارشت: هاوپەیمانیی كوردستان ٥٣ كورسی، بەرەی تەوافوق ٤٤ كورسی، لیستی ئیئتلاف ١٢٨، لیستی نیشتمانیی عیراقی ٢٥، بەرەی گفتوگۆی نیشتمانی ١١ كورسی، و ئەوانی دی ١٤ كورسییان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا بەدەست هێنا[١٤٥]، بەڵام ئایا ئەم دابەشبوونە سیاسی و مەزهەبییەش، هۆكارێكی تر نییە بۆ قەیرانی ئاسایش؟

لیستی ئیئتلافی شیعە لە حزب و گروپەكانی وەك ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی لەعیراق، حزبی دەعوە، ڕەوتی سەدر، فەزیلە(كە دواتر جیابۆوە)، و رسالیون .. پێكهات. تیكڕا لەژێر چەتری ئایەتوڵڵا سەید عەلی سیستانی دا كۆبوونەوە. سەرەتای ئەم پێكهاتنەش گەرچی بۆ هەڵبژاردنەكەی ٣١ی یەنایەری ٢٠٠٥ دەگەڕایەوە، بووە ستراتیژێكی شیعەكانی نێو عیراق بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی سوننەی

145- https://www.cia.gov/cia/publications/factbook/geos/iz.html



عەرەب لەلایەك و شیعە عەلمانییەكان و كۆنە بەعسییەكان و كوردیش لەلایەكی تر.

ئاكامی هەڵبژاردنەكەی (١٥/١٢/٢٠٠٥) كە لە ١٠ی٢ی٢٠٠٦ پەسەندكرا، وزەیەكی زیاتری بە ڕەوتی سەدر بەخشی و جارێكی تر بەهێزێكی گەورەوە، سەدری بۆ نێو پرۆسەی سیاسیی عیراق گەڕاندەوە. ئەمەش كاریگەریی خۆی هەبوو لەسەر ئەو هاوكێشانەی دواتر سەبارەت بەو هێزە لەوڵاتدا ڕوویاندا.

ڕووخانی عیراق، و نەمانی سەدام حسێن، هەم شیعەكانی لە نێوخۆی عیراقدا زیندووكردەوە و هەم باڵانسی تایەفیی لەعیراق و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا گۆڕی، هەروەك ئەو بوارەشی ڕەخساند كە بەسەدان هەزار شیعە مەزهەب لەئێرانەوە بۆ پاكستان تا لوبنان، بتوانن سەردانی نەجەف و كەربەلا، دوو شارە پیرۆزەكەی عیراق بكەن، لەڕووی سیاسییشەوە روخانی سەدام حسێن و باڵا دەستبوونی شیعەكانی عیراق، ئەو هیوایەی لەبەرنامەی شیعەكانی كەنداو و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا زیندووكردەوە كە ئەوانیش بتوانن لەدەسەڵاتدا بەشدار بن، ئێرانیش لەم ئاڵوگۆڕەدا ڕەنگە زۆرترین دەسكەوتی بەدیهێنابێت، لەساڵی رابردوودا بایی ١ ملیار دۆلار پەیوەندیی بازرگانیی لەعیراقدا گرێداوە، بازاڕەكانی ئەم وڵاتەی بۆ كاڵاكانی خۆی خستۆتە سەر پشت، لەبواری كارەبا و رێگەوبان و بنیادناندا پشكی بەرچاوی هەیەو لە كەرتی نەوت و هاریكاریی ئاسایش ـ یشدا سودمەندبووە، لێرەشەوە توانیوویەتی بەناوی هاوكاریی مادی و

کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆڕی تواناکانی ئاسایش و گۆڕینەوەی زانیاریو پاراستنی سنورەکان، لەعیراقدا چەندین گەرای سیخوڕیکردن دابنێت و بەناوی جیاوازەوە پەیوەندییان لەگەڵدا ببەستێتو بەرژەوەندییەکانی خۆی لەرێگەیانەوە بپارێزێت، وەك چۆن لەشەڕی نەجەفی ٢٠٠٤ دا کە لەنێوان هێزەکانی موقتەدا سەدرو ئەمریکادا روویدا، بە سوپای قودس یارمەتی سوپای مەهدی داوە و لەو مێژووەوە میلیشیاکانی سەدر لەئێراندا مەشقیان پێکراوە، لەکاتی هەڵبژاردنە سەرتاسەرییەکانیشدا، کەناڵی (العالم)ی ئێرانی بۆ پروپاگەندەکردن بۆ شیعەکانی عیراق بەکارهات و تاران رۆڵیشی هەبووە لە نزیکخستنەوەی کوردو شیعەکانی عیراق لەیەکتر[١٤٦].

لەکاتێکدا شیعە تواناکانی خۆی لەعیراقدا بەکار هێنا و لەبەر ئەو بۆشاییە گەورەیەی دوای رووخانی سەدام حسێن دروستبوو، بوار رەخسا بۆ هاتنە پێشەوەی ئەو کەسانەش کە لەگەڵ سیاسەتدا ئەزموونیان نەبوو. یەکێك لەو کەسانەش، کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سیاسەت و ئاسایشی عیراق جێهێشت و لەکەمترین ماوەدا، وەك گەورەترین سەرکردەی

---

146 - When the Shiites Rise
July/August 2006،By Vali Nasr From *Foreign Affairs*
http://www.foreignaffairs.org/20060701faessay85405/vali-nasr/when-the-shiites-rise.html?mode=print



گەنجی عیراق ناسرا و هەژارانی تایەفەکەی، لێکۆبوونەوەو بەسەختی چوو بەگژ ئەمریکادا، و لەگەڵ سوریاو ئێرانو سعودی دا پەیوەندی بەست.. موقتەدا سەدر بوو. سەرۆکی رەوتی سەدرو سەرکردەی سوپای مەهدی، ئەو میلیشیا چەکدارە توندڕەوە بەرگ رەشەی بۆ پارێزگاریکردن لەشیعەکانو خۆشکردنی رێگەی هاتنەوەی ئیمامی مەهدی، لەعیراقدا دامەزراوە. سوپایەك کە پاش هێرشە تیرۆریستییەکانی (٢٢/٢/٢٠٠٦) وەك نمونەی تاوان ناسرا و ئۆباڵی سەدان لاشەی فڕێدراوی لە ئەستۆ نرا.

کەواتە .. موقتەدا سەدر کێیە.

موقتەدا سەدر، کوڕی "محەمەد سادق ئەلسەدر" گەورەترین پیاوی شیعەی نێو عیراقە کە دواتر ئەیجێنتەکانی سەدام حسێن لەساڵی ١٩٩٩ دا لە گەڵ چەند کوڕێکیدا کوشتیان. موقتەدا پاش باوکی تۆڕێکی فراوان لە مزگەوت و خوێندنگە و سەنتەری کۆمەڵایەتی بەسەردا کەوت. مامیشی "محەمەد باقر سەدر" لە ١٩٨٠ لەلایەن رژێمی بەعسەوە کوژرا.

سەدر لەپلەی مەزهەبی دا، ئێستا نازناوی "حوجەتولئیسلام"ی وەرگرتووە و بەمەش پلەیکی ماوە بگاتە پلەی "ئایەتوڵڵا" و بەکورتی موقتەدا سەدر، گەنجێکی دوژمنی سەرسەختی ئەمریکا و سەرکردەی سوپای مەهدی یە.

بنکەی چالاکی و پشتیوانی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەدر، لەمەدینەی سەدری بەغدا و نەجەفی ئەشرەف و لە کەربەلا، بەسرە، کوت، کوفە و ناسریەش ئەندام و شوێنکەوتووی هەیە، لە ١٠ی نیسانی ٢٠٠٣ دا لە

نەجەف، دەگوترێت  دەستی هەبووە لە کوشتنی عەبدولمەجید ئەلخوئی، پیاوی ئەمریکا،و شکی ئەوەشی لێدەکرێت کە دەستی لە تیرۆرکردنی محەمەد  باقر حەکیم ی سەرۆکی ئەنجومەنی بالآی شۆڕشی ئیسلامی عیراقیشدا هەبووبێت.[147].

موقتەدا شیعەیەکی نەتەوەیی رادیکالّی ئیسلامییە، بە خۆمانەترین زمانی شیعەکانی عیراق قسە دەکات و شیعە هەژارەکان شوێنی کەوتوون چونکە باوەڕیان بە میلیشیاکانی سوپای مەهدی زیاترە کە پیانپارێزێت وەك لە هێزەکانی ئاسایشی عیراق. بەمەش سەدر هەرچەندە شوێنکەوتووانی لەسیستانی کەمترن، بەلاّم توندڕەوترن و ئامادەن لەپێناوی دا خۆیان بە کوشتبدەن. کەسایەتی موقتەدا سەدریش وایە کە بەشوێن رێزدا دەگەڕێت و ئامادەیە لەو پێناوەدا خەلّك بکوژێت. هەروەك کەسایەتییەکی خۆڕاگریشی هەیە، بۆ نمونە، دوای ئەوەی بەعس باوکیان کوشت، پیاوانی موخابەراتی عیراق پارەیان بۆ بردە مزگەوتی سافی، بەلاّم ئەو نەك پارەی لێوەرنەگرتن بەلّکو لەمزگەوتەکەشدا دەریکردن[148] .

_ 147 http://www.cfr.org/publication/7637/

IRAQ: Muqtada al-Sadr \September 1، 2004\Sharon Otterman

_ 148 How Al-Sadr May Control U.S. Fate in Iraq By Jeffrey Newsweek\Bartholet



موقتەدا لە هەلّبژاردنەکەی یەنایەری ٢٠٠٥ دا **٢٣** کورسی و لەهەلّبژاردنەکەی دیسەمبەری هەمان ساڵیشدا ٣٠ کورسیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی بردەوە، بەلاّم خۆی لە حکومەت بەدوور گرت و تەنیا یاریکردن بە چارەنووسی ئیبراهیم جەعفەری و نوری مالیکی و عادل عەبدولمەهدیی بە پێویست زانی و جلّەوی شەش وەزارەتیشی گرتە دەست، کە دواتر لە هەلّەیەکی ستراتیژیدا وازی لێهێنان.

گەر لەپێکهاتەی سوپای مەهدی ـ یش بڕوانرێت، دەردەکەوێت سوپای مەهدی سوپایەکی ئایدیۆلۆژییە، کار دەکات لەپێناو هێنانەدی ئامانجە دینی و سیاسییەکاندا، لە هەزاران گەنجی بێکار، ناسیۆنالیست، عیراقچیو سەدان شیعەی کۆنەبەعسی  پێکهاتووە کە دوای روخانی سەدام حسێن، هەندێکیان لە بێکاری دا و هەندێکیشیان لەترسی تۆلّەسەندنەوە روویان لەو سوپایەکرد. سوپایەك کە بەپێی لێدوانەکانی سوپای ئەمریکا، هاوکاریی لۆجیستی و دارایی لەئێران وەردەگرێت.

بەم پێیە، بۆ یەکەمجار یەکەیەکی سوپای مەهدی لە سێپتەمبەری ٢٠٠٣ لە کوفە بینران کە جلی رەشیان لەبەردابوو کە دواتر پەرەیان سەند و دەیان هەزار چەکداریان پێکێنها، سوپای مەهدی لە ٤ئەپریل تا

http://www.msnbc.msn.com/id/15898064/site/newsweek/print/1/displaymode/1098

١٦يۆنيۆی ٢٠٠٤ دا له نەجەف و کەربەلا و له ئۆگەستی هەمان ساڵیشدا له نەجەف، لەتەك سوپای ئەمریکا و حکومەتی عیراقدا کەوتە شەڕەوە و دواتر سەید عەلی سیستانی توانی ناوبژیی نێوان دوو لایەنەکە بکات و کۆتایی بە جەنگەکە بهێنێت[١٤٩].

له وەها دۆخێکیشدا کە گەشەکردنی میلیشیا شیعەکان لە دەرەوەی چوارچێوە یاساییەکاندا دەبێتە خۆراك بۆ ئاگری شەڕی تایەفی و قەیرانیشە بۆ حکومەتی عیراق، و لەکاتێکدا میلیشیا شیعەکان لەڕووی پێکهاتە و سنوری چالاکییەوە لەگەڕەکێکەوە دەست پێدەکەن و تەواوی عیراق دەگرنەوە، و لەبەرامبەریشدا سوننەکان میلیشیای تایبەت بەخۆیان پێکهێناوە و زۆربەی پیاوانی ئایینی داوا لە شوێنکەوتووەکانیان دەکەن خۆیان چەکدرا بکەن، میلیشیاکان بوونەتە هۆکاری پلەیەکی قەیرانی ئاسایش لەوڵاتدا و ئەم قەیرانەش دوای تەقینەوەکەی سامەڕا، پەرەیسەند.

بۆ نمونە لە پاش هێرشە تیرۆریستییەکان بۆ سەر مەزاری ئیمامانی عەسکەریی لە سامەڕا(٢٢-٢-٢٠٠٦)، و تۆڵەسەندنەوەی میلیشیا شیعەکان لەسوننە مەزهەبەکان و "پەلاماردانی ٢٠٠ مزگەوتی سوننە و کوشتنی ٢٦٠ ئیمام و سەدان پێشنوێژ و وتارخوێن"، ئیدی میلیشیا

---

149 http://www.msnbc.msn.com/id/15898064/site/newsweek/print/1/displaymode/1098
How Al-Sadr May Control U.S. Fate in Iraq By Jeffrey Newsweek\Bartholet



شیعەکان وەك گەورەترین مەترسی بۆ سەر ئاسایش لەعیراقدا تەماشا کران و هەرچەندە لەو رۆژەوە بالانسی هێز بە بەرژەوەندیی شیعەکان شکایەوە لەبەغدادا، بەڵام شیعەکان یاری بە ژیانیان دەکەن کاتێك لەڕێگە سەرەکییەکانەوە بیانەوێت بەغدا بەجێبێڵن، چونکە بەبڕوای پاتریك کۆکبورن لەرۆژنامەی ئینیدپێندنت (١-١١-٢٠٠٦) رێژەی کوشتن لەعیراق لەو رۆژەوە چۆتە هاوئاستی کوشتارەکانی بۆسنیٰ و بەلقان[١٥٠].

تەقینەوەکانی سامەڕا، بازێکی گەورەی بەتەواوی ئاماری قوربانی و توانای پێکەوە ژیانی نێوان شیعە و سوننەدا کە چەتری نیشتمان کۆی کردبوونەوە.

بەم پێیە لەبەرواری "٢٢-٢"، کە رۆژی چڕبوونەوەی هەوری ناکۆکیە "ئیتنیکی ـ سیاسی ـ مەزهەبی "یەکانی عیراق و بارینی خوێنی بێ پاساوە بەسەر خاکی بەزۆر پێکەوە لکێنراوی خاوەن نەوتی عیراقدا، ئەوەی مایەی تێڕامانە .. گۆڕانی ئاراستەی یاخی بوونە لەوڵاتدا. وڵاتێك کە پێشتر سوننەی عەرەب جڵەوی یاخی بوونێکی چەکداریی تێدا گرتبووە دەست و بەهۆیەوە داوای هەژموونی سوننەی کەمینەیان لەکایەی سیاسی عیراقدا دەکرد، ئیدی ئەمڕۆ میلیشیا چەکدارە شیعەکان ئاراستەی یاخبوونەکەیان کۆنترۆڵ کردووە و هەژموونی زۆرینەیان پیٰ پاراستووە.

---

150 http://news.bbc.co.uk/hi/arabic/press/newsid_6104000/6104794.stm

لەم سەروبەندەدا، کە بەشێك لە فەرماندە سەربازییەکانی وەك جۆن ئەبی زەید، ئەم نائارامییەی دوایی، بە سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی تایەفی ـ مەزهەبی عیراق نازانن، سیاسەتمەدارانی وەك جێرمی گرینستۆك، عیراق لەسەر لێواری جەنگی ناوخۆ دەبینن و سەنتەری لێکۆڵینەوە و شیکاری نێودەوڵەتیش لە بەلژیك رای وایە کە "عیراق لەسەر لێواری جەنگی تایەفی ـ مەزهەبییە".سەنتەری بەلژیك، لە راپۆرتێکی شیکاریدا ئەوەی خستۆتەڕوو کە گەر ئارامیی عیراق مەبەستە، پێویستە دەستبەجێ میلیشیا چەکدارەکانی نێو عیراق چەك بکرێن و هەڵبوەشێنرێنەوە[١٥١].

ئەو دەمە کە پرۆسەی سیاسی عیراق گەیشتە بن بەست، بەپێی ئامارێکی ڕەسمیی رۆژنامەی گاردیەن، لەماوەی یەك هەفتەدا(٢٢-٢٨/٢) زیاد لە ١٠٢٠ کەس لەعیراق و لەجەنگی مەزهەبی ـ ئیتنیکی دا کوژراون و بەپێی راپرسییەکی واشنتۆن پۆستیش، لە ٨٠٪ ی ئەمریکییەکان باوەڕیان وایە کە عیراق لەجەنگی مەزهەبی ـ ئیتنیکییەوە گلاوە .. جەنگێك کەلێکترازانی شیرازەی سیاسی ـ سیکیوریتی عیراقی لێدەکەوێتەوە[١٥٢].

کەواتە نەك تەقاندنەوەی گومەزی مەزارگەی ئیمامانی پیرۆزی شیعە لەعیراق بە تەنها، بەڵکو ئەوەی تارماریی هەڵایسانی جەنگی تایەفی

151 - فرزةند شيركؤ،هةفتةي سياسي،رؤذنامةي ئاسؤ،٢-٣-٢٠٠،لا٣.

152 - فرزةند شيركؤ،هةفتةي سياسي،رؤذنامةي ئاسؤ،٩-٣-٢٠٠،لا٣.



ئەهلیی لێ بەدی دەکرێت، کاردانەوەی توندی میلیشیا شیعەکانی نێو عیراقە لە ماوەی رابردوودا.

بەم دەرئەنجامەش، موقتەدا سەدر کە وەرچەرخێنەری پێشبینیەکان بوو، هەم پرۆسەی سیاسی وڵاتی شێواند، و هەم لەپێکهێانی گروپی مەرگدا، سوپای مەهدی رۆڵی هەبوو. موقتەدا کە پێشتر یاخی و دواتر سەرکردەی دوو یاخیبوونی چەکداری بوو، بۆتە کاریزما و، نوکی رمی ستراتیژی هاوبەشی سوریا و ئێران بوو لەعیراقدا. موقتەدا سەدر پردی پەیوەندی سیاسی نێوان عیراق و ئێران، عیراق و سوریا، و جەمسەری خاڵیکردنەوەی تاکتیکی هاوبەشی "سوریا ـ ئێران ـ فەلەستین" و قەڵغانی پاراستنی سەرانی دۆگمی سیاسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش بوو بەرامبەر شەپۆلی گۆڕانکاریی ئەمریکا لە ناوچەکە و ئامادەش بوو گۆشاوگۆش سەربازانی سوپای مەهدی، نەك بۆ دەرکەوتنی ئیمام مەهدی بەڵکو بۆ مانەوەی سەروەری دیمەشق و تاران و حزبوللا سەربرێت. ئەمەش خۆبەختکردنێکی بێ وێنەیە کە ئیدی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیو حزبی دەعوە لە عیراق ئامادە نین، لەبەر پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیان، پێشکەش بە بەرهەڵستکارانی کۆشکی سپی بکەن.

لێرەشەوە هەڕەشەکان بۆسەر پێکهاتەی فیزیکی سوپای مەهدی دەستی پێکرد و ئەمریکا چەند هەڵمەتێکی جیاوازی بۆ قەلاچۆکردنی تیرۆریستانی نێو ئەو رەوتە ئەنجامدا و مەرجەعی باڵای شیعەکانیش لە عیراق لە کۆتایی ٢٠٠٦ دا ڕایگەیاند پێویستە میلیشیاکان

هەڵبوەشێنرێن لەعیراقداو چەك تەنیا لە دەستی حکومەتدا بمێنێتەوە. تەنیا یەك رۆژیش بەر لەتەقینەوەکەی سامەرا، زاڵمای خەلیلزاد داوای لەعیراقییەکان کرد رێوشوێنی توند و کاریگەر بگرنە بەر بەمەبەستی قەلاچۆکردنی میلیشیا شیعەکان[١٥٣].

بەو پێیە ئەمریکا لە ١٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٦وە هەڵمەتی قەڵاچۆکردنی میلیشیاکانی دەستپێکردووە، کە تا ئەمڕۆ بەردەوامە و لەکاتێکدا سوپای ئەمریکا هێزی تەواوی لەبەردەستدایە کە روبەڕووی سوپای مەهدی بێتەوە، بەڵام نەیتوانیوە کێشەکە بە یەکجاریی چارەسەر بکات، چونکە ئاستەنگەکە لەوەدایە کە ململانێکە بەر لەوەی سەربازیی بێت ململانێیەکی سیاسییە، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك لە فەرماندەکانی سوپای مەهدی لەژێر کۆنترۆڵی موقتەدا سەدردا نەماوەن، بۆنمونە، ئەبودرع کە بە "زەرقاویی شیعە" ناونراوە، یەکێکە لەو سەرکردانەی سوپای مەهدی کە بە سەدان چەکداری لەگەڕەکی سەدردا هەیە و لەبەرئەوەی موقتەدا لە سەرەتای ٢٠٠٥ دا هاتە ناو پرۆسەی سیاسی عیراق، بە "ترسنۆك" ناویبردووە[١٥٤]. بۆیە پێدەچێت موقتەدا سەدر دەسەڵاتی بەسەر هەزاران چەکداری سوپای مەهدی دا لەدەست دابێت،و

---

153 - فرزةند شيركؤ،هةفتةي سياسي، رؤذنامةي ئاسؤ،2-3-2006،لا37.

154 - http://www.msnbc.msn.com/id/15898064/site/newsweek/print/1/displaymode/1098
How Al-Sadr May Control U.S. Fate in Iraq By Jeffrey Newsweek\Bartholet



لەمبارەیەوە زاڵمای خەلیلزاد بە گۆڤاری نیوزویك (٢١-٢٨ ئۆگەست)ی راگەیاندووە "موقتەدا سەدر بەشێك لە سوپاکەی لە بن دەستدا ماوە، و بەشێکیشی لەدەستداوە، گروپی مەرگ هەن کە لەژێر دەستی موقتەدا دا نەماون" و بەگوێرەی سەرچاوە ئیستخباراتییەکانی سوپای ئەمریکاش، سوپای مەهدی لانی کەم بەسەر چوار باڵ دا دابەش بوون[١٥٥].

گەر ئەو حەقیقەتەش بەهەند وەربگیرێت کە لە هێرشکردنە سەر مەزارگەی ئیمامانی عەسکەری لە سامەڕاوە، میلیشیاکان تایبەتمەندیی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشیان بەزاندووەو دزەیان کردۆتە ناوی و یاخی بووانیش توانیوویانە بچنە دەزگاکانی ئیستخباراتی عیراقەوە، رێژەی هێرشەکان لەسەر هێزە چەکدارەکان و مەدەنییە عیراقییەکان و پیاوان و ناوەندە دینییەکان زیادی کردووە[١٥٦] دەبینرێت کێشەی سەرەکیی عیراق،

---

155 - http://www.msnbc.msn.com/id/14322951/ site/newsweek
Iraq: War Within a War: Who Runs the Mahdi Army

156 - Michael Eisenstadt Iraq's Sunni Arab Insurgency Assessing May-June 2006T h e Wa sh i ng t on In s t i t u t e f ،*Military Review* or N e a r E a s t P ol icy
http://www.washingtoninstitute.org/templateC04.php?CID=228

یاخی بوون نییه بەڵکو کێشەی پێکدادانی نێوان ئەندامانی گروپە مەزهەبی و ئیتنیکییەکانە[157].

لێرەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هاوینی ٢٠٠٦وە هەڵمەتێکی قەڵاچۆکردنی گروپی مەرگی لەبەغدادا دەست پێکردووە، وەك نمونە لە (٢٣ی یەنایەری٢٠٠٧) رایگەیاند ٦٠٠ چەکداری سوپای مەهدی و ١٦ ئەندامی کارای رەوتی سەدری دەستگیر کردووە[158].

رەوتی سەدر، کە پێکهاتەیی ستراتیژیی نەبووە و ناتوانێت لە نێوخۆدا، پلانی درێژخایەنی هەبێت، لە هەندێك باری تایبەتدا، وەك ململانێی نێوان مالیکی و عەبدولمەهدی بۆ پڕکردنەوەی کورسییە چۆڵەکەی جەعفەریی لە زستانی ٢٠٠٦دا، رۆڵی بینیووە، بەڵام بەگشتی بەهۆی ناکۆکیی سیاسەتی مالیکی و ستراتیژی سەدرەوە، ململانێی نێوان ئەو دوو کەسە پەرەیسەند، مالیکی لە سەرکوتکردنە یەك لە دوا یەکەکانی رەوتی سەدر دا بێدەنگ بوو کە لە هاوینی ٢٠٠٦ وە دەستی پێکردو موقتەدا سەدریش سوور بوو لە دەرکردنی هێزەکانی هاوپەیمانان لەعیراق.. ئەمەش واتە پێکدادانێکی توندی سیاسیی ناڕاستەوخۆ کە دواتر رێپێوانە

---

[157] http://www.globalsecurity.org/wmd/library/news/iraq/2006/06/iraq-060624-rferl02.htm

[158] **http://news.bbc.co.uk/hi/arabic/middle_east_news/newsid_6290000/6290515.stm**



فراوانەکەی ٩ی٤ی٢٠٠٧ی نەجەفی لێکەوتەوە. بەم پێیە موقتەدا سەدر"٨ی ئەپرێل" هێزەکانی پۆلیس و سوپای عیراقی هاندا هاوکاریی سوپای ئەمریکا نەکەن و داواشی کرد چەکدارە شەڕکەرەکانی ناو عیراق بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق، هێرشەکانیان چڕ بکەنەوە[159] و بە دەیان هەزار کەس لە ساڵیادی رووخانی بەغدادا، (٩-٤-٢٠٠٧) ،لەسەر داوای موقتەدا سەدر، لە نەجەف کۆبوونەوە و داوای رۆیشتی ئەمریکایان کرد، کە دواتر نوری مالیکی سەرۆك وەزیری عیراق رەتیکردنەوە و ئاشکرای کرد هێزە بیانییەکان ئەو کاتە لە عیراق پاشەکشێ دەکەن کە هێزەکانی ئاسایشی عیراق بتوانن دۆخی ئاسایشی وڵات کۆنترۆڵ بکەن[160]. هێندەش بەس بوو کە دوو هێزە گەورەکەی لیستی ئیئتلاف بەیەکدا بدەنو قوڵایی ناکۆکییە ناوەکییەکانی رەوتی سەدریش بخەنەڕوو. لێرەشەوە رەوتی سەدر لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا کە ناوەڕاستی مانگی ئەپریلی ٢٠٠٧، کشانەوەی وەزیرەکانیان لە کابینەکەی مالیکی راگەیاندو لەپەرلەماندا مانەوە. مانەوەیەك کە رەهەندی ستراتیژیی لێ بەدی ناکرێت و نەبوونی بەرنامە و توندڕەویی لەهەڵسوکەوتدا ئەو شکستەی بۆ رەوتی سەدر لێکەوتۆتەوە.

---

[159] **http://news.yahoo.com/s/ap/20070408/ap_on_re_mi_ea/iraq-**

[160] **http://news.yahoo.com/s/nm/20070409/ts_nm/iraq_dc_31-**

پاشەکشێی سەدر لە حکومەتی عیراق لەو کاتەدایە کە سەدر بێ ئەوەی دەسکەوتێکی تایبەت لە حکومەتی نوری مالیکی بەدەست بێنێت، بێ بەرنامە ٦ وەزیری لەکابینەی مالیکی کشاندەوە، کە ئەمە لە دیدی بەرژەوەندیخوازانی شیعەوە، زیانێکە لەبونیادی ستراتیژیی ئەو هێزەی عیراق دراوە. گەرچی پێشتر رەوتی سەدر لەیەکلاییکردنەوەی ململانێکانی نێوان عادل عەبدولمەهدیو نوری مالیکی دا، بالانسەکەی بە بەرژەوەندیی مالیکی شکاندەوە، ئێستا پێدەچێت جیابوونەوەی سەدر لە مالیکی بۆ ئەو ناکۆکییە سیاسییە بگەڕێتەوە کە وەکو خۆرە بەربۆتە کرۆکی رەوتی سەدرو رەوتەکەی بەسەر دوو دەستەدا دابەش کردووە، دەستەیەك کە دەیانەوێت لەحکومەتدا کارابن و دەستەیەك کە بەنیازن ئۆپۆزسیۆن بن لەم عیراقە شێواوەدا.

ئێستاش کە موقتەدا سەدر، ئەندامەکانی رەوتی سەدری لە حکومەت کشاندۆتەوەو داواشی لەمالیکی کردووە بۆ پڕکردنەوەی شوێنی ئەو ٦ وەزیرەی، کەسانی تەکنۆکرات دابنێت، شیعەکان بەگشتی ترسی ئەوەیان لا پەیدا بووە کە بالانسی هێزی شیعەکان لە ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقدا بە زیانی شیعە بشکێتەوە.

لەم سەروبەندەشدا هەندێك لە ئەندام پەرلەمانەکانی سەر بە رەوتی سەدر قایل نەبوون بە کشانەوەی وەزیرەکانیان، بەلام دەگوترێت لە ترسی



رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سوپای مەهدی دا، نەیانتوانیووە ئەو رایەیان بە دەنگی بەرز بۆ موقتەدا سەدر، بخەنەڕوو[161].

لەکۆتاییدا ئەم گەمەیەی سەدر، ئاماژەیەك بوو بە ناکامڵی و توندڕەویی لەسیاسەتدا، چونکە هەرچەندە موقتەدا سەدر زۆربەی گەنج و هەژارەکانی شیعەی لەگەڵدا بوو، بەلام نەیتووانی ئەو پشتیوانییە بۆ بەرژەوەندیی شیعەکانی عیراق، یاخود تەنانەت داهاتووی رەوتەکەی وەك کارتێکی فشار بەکاربێنێت .. فشارێك کە ئێران ویستی لەرووی سیاسی و سەربازییەوە بە بەرژەوەندیی کەوانەی شیعە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بیخاتەگەڕ.

لەم کاتەشدا کە ئاسۆی داهاتووی رەوتی سەدر لەعیراقدا روون، نییە، بەلام گەڕانەوەی بەشێك لە سوننەی عەرەب بۆ نێو پرۆسەی سیاسی و دابەشبوونی سوننە توندڕەوە چەکدارەکانیش لەگەڵ یەکدا و بە بەرژەوەندیی ئەمریکا، ئەوە دەخاتەڕوو کە هێدی هێدی ئەگەری ئەوە هەیە توانای شیعەکان لەعیراقدا بەرەو کاڵبوونەوە بچێت بەتایبەت کە پاڵپشتی سەرەکیی ئەو هێزە، ئێرانە کە خۆی لە دوو دۆسییەی ئەتۆمی و دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عیراقدا، تێوەگلاوە و ناتوانێت چیتر بەو زەقییە لە شەترەنجی عیراقدا یاری بەسەربازەکانی بکات، بەڵکو ئەوەی

161 - http://www.baztab.com/news/65026.php

رووده‌دات قومارێکه کـه هـه‌م ئێـران به‌فێڵـه‌وه تێیـدا ده‌جولێـت‌و هـه‌م ئه‌مریکاش به‌رقه‌وه وه‌ره‌قه‌کانی تێدا فرێ ده‌دات.



## گروپه سوننه مه‌زهه‌به‌کان

### وه‌ک نمونه: لایه‌نگرانی (نیشتمانپه‌روه‌ری و پابه‌ندبوون به شه‌رعه‌وه)

### "یاخی بوون له ره‌گی سوننه‌ی عه‌ره‌بدایه"[162]

گۆڕانی سیستمی سیاسی عیراق، گۆڕانی ئه‌و نا هاوسه‌نگییه سیاسییه بوو که ده‌یان ساڵ، له عیراقدا په‌یڕه‌و کرا. پێشتر سوننه‌ی عـه‌ره‌ب بـالاّ ده‌ست و کوردو شیعه پله دوو بوون. ئه‌م گۆڕانه‌ش که هاوکات بوو له‌گـه‌ڵ توانه‌وه‌ی عروبه‌و که‌وتنی سه‌نگه‌ری یه‌که‌می جیهـانی عـه‌ره‌ب به‌رامبـه‌ر ئێران‌و تورك و خۆرئاوا، که سه‌دام حـسێن له‌سـالآنی دوایـی ده‌سـه‌لاّتیدا، نوێنه‌رایه‌تیی ده‌کرد. سه‌نگه‌رێك که له‌میـسره‌وه تـا یه‌مـه‌ن پێـشوازی و پشتیوانیی لێده‌کرا.

---

[162] Iraq’s Future: A Concept Paper
June ، *Middle East Review of International Affairs*/
Patrick Clawson2006
http://www.washingtoninstitute.org/templateC06.php?CID=937

لە سایەی ئەو دەسەڵاتە تۆتالیتاریزمییەی لەعیراقدا پەیڕەو کرا، کوردو شیعە بە پلەی یەك،ڕووبەڕوی جینۆسساید بوونەوە و قڕکردنی بەکۆمەڵ رووی تێکردن، بۆیە بە کەوتنی سەدام حسێن ، ئەو رەقە زیندووبۆوە کە شیعەو کورد دەیان ساڵە لە رژێمە فاشیستەکەی بەعسیان هەڵگرتبوو.

گەر ئاوڕێکی خێراش لە چوار ساڵی رابردوودی ئەزموونی سیاسی و دۆخی ئاسایشی پڕ لە قەیرانی عیراق بدرێتەوە، ئەو ناکۆکی و ململانێ و نەگونجاندنە، بەڕوونی دەبینرێت، هەروەك هاوکاریی دەوڵەتانی وەك عەرەبستانی سعودی بۆ گروپە چەکدارە سوننە مەزهەبە یاخییەکانی نێو عیراق، داڵدەدانی ئوردەن و یەمەن بۆ کۆنە بەعسییەکانی راکردوو لەعیراق و پێشوازیی میسر و قەتەر و مەغریب و لیبیاش لە باڵە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنە توندڕەوەکەی نێو عیراق کە کەسانی وەك حارس زاری نوێنەرایەتییان کردووە، بە ئاشکرا بەدی دەکرێت.

بۆیە ناتوانرێت بێ گرێدانی یاخی بوون لەعیراقدا بە گۆڕانە سیاسی و ئابوورییەکانی جیهان و ناوچەکە، لە هۆکارەکانی هەڵایسانی یاخی بوونی سوننەی چەکدار لەعیراقدا، بڕوانین، چونکە ئەوانەی بۆشایی عیراقییان بۆ ململانێی خۆیان لەگەڵ خۆرئاوادا قۆستەوە، لە دەوڵەتێك و دووان زیاترن.

لێرەشەوە، جگە لەلایەنە رەسمیی و نارەسمییەکانی دەوڵەتانی عەرەب، تێوەگلانی رێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە لەعیراقدا و دروستبوونی دەیان باندی تیرۆر و کوشتن کە لەبنەڕەتدا بچوککراوەی ئەلقاعیدە بوون و



هەندێکیان بەناوی جیهادەوە و هەندێکیان لەژێر تەوژمی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دا بانگەشەی خێریان بۆ کردەوە تیرۆریستیەکانیان دەکرد، پاڵنەربوون بۆ خوێنڕشتن لەم وڵاتەدا.

ئەمە جگە لەوەی دەوڵەتانی وەك عەرەبستانی سعودی، ئوردەن، ئیمارات و میسر لەسەر ئاستی سیاسی سوودی گەورەیان لە قەیرانی ئاسایشی عیراق بینیوە و ٤ دانیشتنی یەك لەدوا یەکی رایس لە سەرەتای ئەمساڵەوە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا، بەتایبەت لەسەر چارەسەرکردنی قەیرانی سیاسی و قەیرانی ئاسایشی عیراق، نیشانەی ئەو دەرئەنجامەن.

لەمبارەیەوە گەر لە دۆخی ئاسایشی عیراق و رۆڵی گروپە سوننە تیرۆریست و چەکدارەکان بڕوانرێت، پێویستە ئەو لێدوانەی بەڕێوەبەری موخابەراتی گشتیی عیراق، محەمەد عەبدوڵلا شەهوانی، بەهەند وەربگیرێت کە لەمانگی یەکی ساڵی ٢٠٠٥ دا وتی[١٦٣]" یاخی بووان لەعیراقدا ٤٠ هەزار شەڕکەرن کە ٢٠٠ هەزار پشتیوان و شەڕکەریان لەپشتەو بە زانیاری ئیستخباراتی و دابینکردنی حەشارگە، پشتیوانی دەکرێن. راشیگەیاند حزبی بەعس کە ٢٠ هەزار شەڕکەری ئامادەی هەیە، بەسەر سێ باڵ دا هەڵوەشاوە، باڵێك لە سوریاوە لەلایەن سەبعاوی ئیبراهیم حەسەن و محەمەد یونس ئەحمەدەوە سەرپەرشتی دەکرێن و

_ 163 http://www.globalsecurity.org/wmd/library/news/iraq/2006/06/iraq-060624-rferl02.htm

پەیوەندییان بە موسڵ و سامەڕا و بەعقوبە و کەرکوك و تکریتەوە هەیە. باڵی دووەمیان عیزەت دوری سەرپەرشتی دەکات و باڵی سێهەمیش تا ئێستا هیچ کردەوەیەکی سەربازیی ئەنجام نەداوە".

لەلێدوانێکیشدا ژەنراڵی مارێنز،(ڤۆڵتەر ئەی گاسکن) فەرمانـدەی سوپای ئەمریکا لە ئەنبار سەبارەت بە دۆخی ئاسایش و توانای یاخیبووان لەو ناوچەیە ڕایگەیاند[164] "هەرچەندە دزەکردنی چەك و شەڕکەر لەسوریاوە بۆ عیراق کەمی کردووە، بەڵام توانای ئەلقاعیدە لەعیراقدا کەم نەبۆتەوە ئەمەش واتە ئەلقاعیدە پێویستیان بەهاوکاری دەرەکی نەماوە.. ئەلقاعیدە ئێستا خۆیان بەڕاوو ڕوت دەژێنن، بۆ نمونە ڕفاندنی هەر تانکەرێکی سوتەمەنی نزیکەی ٦٤٠٠٠ دۆلار بۆ ئەلقاعیدە سودی مادی لێدەکەوێتەوە .. لەکاتی ئێستاشدا کە سنوری عیراق لەگەڵ سوریا لەناوچەی (روتبە) تەنراوە بەسوپا، دزەکردنی شەڕکەرە بێگانەکان بۆ نێو عیراق کەمبۆتەوە".

گەر ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە ٨٠٪ هێرشەکان لەناوەڕاستی عیراقدا ئەنجام دەدرێت و لەکۆی گشت هێرشەکانیش لەناوەڕۆکدا ٨٠٪ ی بریتین لەتاوانو ئەوەی تری هێرشن کە لەقاڵبی ئامانجی سیاسیدا ئەنجام

164 - http://kurdpress.org/news/2002.htm



دەدرێن[165]، بە بڕوای سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی، سەرباری دەستگیرکردن و کوشتنی سەرانی ئەلقاعیدە لە عیراق، بەڵام ئامارەکان وانیشان دەدەن کە ژمارەی ئەو هێرشانەی ئەندامانی ئەلقاعیدە لەعیراقدا ئەنجامی دەدەن، روو لە زیادبوونە بە تایبەت لە چەند مانگی رابردوودا. بەگوێرەی ئەو راپۆرتە ئەلقاعیدە ٦٠ هەزار شەڕکەری توندڕەوی لەعیراقدا هەبووە لە(یەنایەری ٢٠٠٧)دا، هەروەك بەکارهێنانی دەیان تەن کلۆر لە کردەوەی تیرۆریستی دا لەلایەن ئەلقاعیدەوە لەعیراق (لە مارسی ٢٠٠٧)، نیشانەی بەهێزبوونی ئەو رێکخراوە توندڕەوەیە. بەڵام نابێت ئەوە لەیادبچێت کە سوننە عەشایەرە عەرەبەکان کەوتوونەتە ململانێیەکی توندەوە لەگەڵ ئەو رێکخراوە تیرۆریستییەدا[166]. کە بە وتەی "ڤۆڵتەر ئەی گاسکن" ،"(راوو ڕوت) لای هەندێك سەرۆك عەشیرەتی ئەنبار کردەوەیەکی فەخر هەڵگرەو هۆکاری سەرەکی شەڕی نێوان ئەلقاعیدەو عەشیرەتەکانی ئەنبار لەسەر ڕاوو ڕوتە، چونکە ئەلقاعیدە لەتاڵانی دا دەست لەشێخەکانیش ناپارێزن"[167].

165 - http://www.globalsecurity.org/wmd/library/news/iraq/2006/06/iraq-060624-rferl02.htm

166 - Al-Qaeda in Iraq Gains Strength http://www.cfr.org/publication/12988/alqaeda_in_iraq_gains_strength.html?breadcrumb=%2Fissue%2F135%2Fterrorism

167 - http://kurdpress.org/news/2002.htm

ناکۆکیی نێوان سوننە جیهادییە جیهانییەکانی سەر بە ئەلقاعیدە لەتەك ئەو باند و تاقمە سوننە عیراقیانەی لەلایەك هەستی ناسیۆنالیزمی عیراقیو عەرەبییان بەسەردا زاڵە و دوژمنایەتیان لە دەرەوەی سنوری وڵاتەکەیان لەگەڵ ئەمریکادا نییە، پردێکە کە حکومەتی نوری مالیکی، و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هیوای خۆیانیان بۆ عیراقی نوێ پێدا پەڕاندۆتەوە. چونکە ناکۆکیی نێوان سوننەکان لەگەڵ یەکتر، دەتوانێت پشتی "مقاوەمە" بشکێنێت و لەلایەك گەڕانەوە بۆ نێو پرۆسەی سیاسی ئاسانتر دەکات.

لەم کاتەشدا کە " پێویستە سوننە وەها بهێنرێتە ناو پرۆسەی سیاسی عیراقەوە کە شیعە نیگەران نەکات"[١٦٨] سەرۆك مام جەلال رایگەیاند کە لەگەڵ ٥ گروپی چەکداری عیراق گەیشتوونەتە رێکەوتن بۆ وازهێنانیان لەکاری چەکداری و هاتنەناو کایەی سیاسی لەعیراقدا و پشتگیری دەوڵەتی عیراقیشی دەرخست بۆ هەموو ئەو لایەنانەی کە بەشێوەی سیاسی و دیپلۆماسی دەیانەوێ لەعیراقدا بەشداربن[١٦٩] ، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ لێدوانێکی تارق ئەلهاشمی جێگری سوننە مەزهەبی سەرۆکی عیراق کە وتبووی حکومەتی عیراق لە گفتوگۆی بەردەوامدایە لەگەڵ

How to Prevent a Civil War- [168]
2006، August 21، *Weekly Standard* Michael Eisenstadt
- [169]
http://kurdpress.org/news/2010.htm



گروپە یاخی بووەکاندا، بەتایبەت لەگەڵ ئەو گروپانەی پەیوەندییان لەتەك ئەلقاعیدەدا خراپەو جگە لە ئەلقاعیدە کە مەیلی گفتوگۆی نییە، پێویستە تەواوی حزبەکان بانگبکرێنە پشت مێزی گفتوگۆ تا نیگەرانییەکانی خۆیان و داواکارییەکانیان بخەنەڕوو[١٧٠] .

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بە هەمان شێوە پلانی پەرتکە و زاڵبەی بەسەر باندە سوننەکانی عیراقدا سەپاند، لەلایەك لە ماوەی ٣ ساڵی خزمەتکردنی زاڵمای خەلیلزاد باڵیۆزی ئەمریکا لە عیراق، دەیان گفتوگۆی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ناوخۆ و دەرەوەی عیراقدا ئەنجامدرا لەگەڵ ئەو باند و تاقمە سوننە مەزهەبانەی ناکۆکیی ستراتیژییان لەگەڵ ئەلقاعیدەدا بۆ پەیدا بوو بوو هەروەك لە ستراتیژە نوێیەکەی سەرۆکی ئەمریکاشدا بۆ عیراق، ئەوە خرابووە روو کە پێویستە لەگەڵ باشتر کردنی دۆخی ئاسایشی عیراقدا، دۆخی ئابووریی وڵاتیش باش بکرێت کە لەمبارەیەوە رۆژنامەی الشرق الاوسط لە رۆژی ٢٥ی١٢ی ٢٠٠٦ ئاشکرای کرد ئەمریکا پلانی داناوە بۆ رووبەڕوبونەوەی چەکدارە یاخییەکانی نێو عیراق، بێکاران بەکار بێنێت[١٧١] . ئەو بێکارانەی لەماوەی دەسەڵاتی ئیدارەی مەدەنی، ئەنجومەنی حکوم، حکومەتی گواستراوە،

- [170]
http://www.bbc.co.uk/persian/worldnews/story/2007/03/070321_si-iraq-insurgents.shtml
- [171]
www.asharqalawsat.com/print/default.asp?did=398533

حکومەتی کاتیی و حکومەتی هەمیشەیی عیراقدا نەیانتوانیی سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان بدۆزنەوە، ئەمەش ئەو پارادۆکسەیە کە لەنێوان قەیرانی ئاسایش و قەیرانی ژیانی ئاسوودەدا لەعیراق، بەدی دەکرێت. چونکە بەشێکی بەرچاو لەو کەسانەی لەعیراقدا کردەوەی تیرۆریستیی ئەنجام دەدەن، خەڵك دەرفێنن، بۆمب دەچێنن و هاوەنبارانی ناوچەکان دەکەن، دەسڕێژ دەکەن و .. هەر تاوانێك کە بە خەیاڵدانی پۆخڵیاندا بێت ئەنجامی دەدەن، هۆکارەکەی بۆ هەژاریی، برسێتی،بێ کاری و پەراوێزکەوتن و نەبوونی متمانە دەگەڕێتەوە. گەڕانەوەیەك کە نەبوونی ئارامیی سیاسی و قەیرانی ئاسایش لەوڵاتدا بەواتای گرفتی ئابووریی دێت و گرفتی ئابوورییش واتە قەیرانی سیاسی و قەیرانی ئاسایش.پارادۆکسێك کە پێویستە چارەسەر بکرێت.

لەمە بترازێت، لە چوار ساڵی رابردووی عیراقدا، بە دەیان رێکخراو، باند و تاقمی توندڕەو و تیرۆریست لەعیراقدا کاریان کردووە کە هەندێکیان لەژێر چەتری ئیمان و جیهاددا خوێنیان رشتووە و هەندێکیان بەناوی دەرکردنی بێگانەوە دەستیان داوەتە سەربڕین. وەك نمونەی ئەو رێکخراو و باندە تیرۆریستیانەش، (کەتیبەکانی شۆڕشی بیست، کەتیبەی ئەبووبەکری سدیق، رێکخراوی ئەبوو نیزال، کەتیبەکانی ئەهوال، لیوای ئیبن مەلیك، لیوای فاروق، لیوای فرسان، ئەنسار ئەلدین، ئەنسار ئەلئیسلام، ئەنسار ئەلجیهاد، جەیشی ئەنسار ئەلسوننە، جەبهەی تەحریری عەرەبی، جەیشی شوێنەکەوتووانی سوننەی ئیسلام، لیوای



شۆڕشی عەرەبی، لیوای ئەنسار ئەلتەوحید وەلسوننە، لیوای شەهید ئەحمەد یاسین، لیوای شێری مونتەسیر لله، گروپی مەرگی موجاهیدینی عیراق، رێکخراوی زیقار، لیوای رقی پیرۆز، لیوای باز، مقاوەمەی شەرعیی عیراقی، سوپای رزگاریی عیراق، لیوای تۆڵەسەندنەوەی عیراق، لیوای وەقاسی ئیسلامی، جەیشی ئیسلامیی لەعیراق، لیوای سەلاحەدین، لیوای جیهادی ئیسلامیی، بزوتنەوەی ئیسلامیی جەنگاوەرە پیرۆزەکان، لیوای غەزەبی ئیسلامیی، لیوای مقاوەمەی ئیسلامی، کەتیبەکانی ئەبوو حەفسی میسری و مەجلیسی شورای موجاهیدین لە عیراق و رێکخراوی ئەلقاعیدە لە بیلادی رافدەین..)[172]، کە ئەم رێکخراو و باند و گروپە تیرۆریستانە، تێکڕا سوننە مەزهەبن و دابەش دەبن بەسەر دوو ئاراستە و رەوتی کارکردندا، کە هەندێکیان لە ژێر بەیداخی جیهادی ئیسلامیی دا چالاکیی دەکەن و هەڵگری ئایدیۆلۆژیای سەلەفیین وەك:" کەتیبەکانی ئەبوو حەفسی میسری و مەجلیسی شورای موجاهیدین لەعیراق و رێکخراوی ئەلقاعیدە لە بیلادی رافدەین و ئەنساری سوننە"[173] و بەشێکیشیان لەژێر ناوی "نیشتمان پەروەری و پابەندبوون بە شەرعەوە" پاساو بۆ تاوانەکانیان دێننەوە،کە وردتر لێیان دەدوێین.

---

172 - http://www.tkb.org/Category.jsp?catID=189&contentType=1&sortBy=0&sortOrder=0&pageIndex=1

173 - http://arabic.cnn.com/iraq.groups

بەگشتی لایەنگرانی "نیشتمان پەروەری و پابەندبوون بە شەرعەوە"، کۆمەڵێك گروپی چەکداری نێو عیراقن، کە پاش رووخانی رژێمی بەعس، لە هەناوی خۆبەختکارانی سەدام حسێن، گاردی کۆماری، دەزگاکانی ئاسایش و موخابەراتی عیراق هاتنە دەرێ و قەیرانێکی سیاسییان بۆ عیراق دروست کردووە و بەرپرسیشن بەرامبەر شێواندنی پەیوەندییە کولتورییەکانی نێوان کورد و شیعە و سوننە و بەپێی تاکتیکێکی ئیقلیمی کار بۆ لێدانی بەرژەوەندییەکانی گەلانی عیراقی نوێ دەکەن.. عیراقێك کە گەر ئەمانە لێگەڕێن دەیەوێت بە ئارامیی بژی. نمونەی ئەم تاقمانەش:

**یەکەم/گروپی سەلەفیە موجاهیدەکان:** یەکێکە لە گروپە پابەندەکان بە رەوتی سەلەفی ـ جیهادی لەعیراقدا، بەبڕوای چاودێران، ئەم گروپە، لەگەڵ پەرەسەندنی ئایدیۆلۆژیای سەلەفییەتدا لەعیراق پەیدا بووە، بەڵام بەجیاوازی لەو ئایدیۆلۆژیایەی رێکخراوی ئەلقاعیدە، پەیڕەوی لێدەکات، بۆیە لەڕووی رێکخستنەوە، پەیوەندییەکی بەتین لەنێوانیاندا بەدی ناکرێتو لە ئامانجە سیاسییەکان: بوونی بێگانە لەسەر خاکی عیراق رەتدەکەنەوە، لێرەشەوە باوەڕیان بە چالاکیی سیاسی نییە لە سایەی دەسەڵاتی بێگانەدا، داوای جێبەجێکردنی یاساکانی شەریعەت دەکەن و بەگشتی دەیانەوێت لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامیی کۆمەڵە پرۆژەیەك پیادە بکەنو چالاکییە سەربازییەکانی گروپی سەلەفییە عیراقییەکان لە سێگۆشەی سوننەدا چڕ بۆتەوە. لە فەللوجە و تەلەعفەر چەند



کردەوەیەکی چەکدارییان ئەنجامداوە، بەکۆمەڵێك بەیاننامەش، چالاکییەکانیان بڵاو کردۆتەوە. لەوانەش: هاوەنبارانکردن، دانانی کەمین و شەڕی قەناسە، هێرشی کتوپڕ[١٧٤] .

**دووەم/ سوپای ئیسلامیی لە عیراق:** گروپێکی سوننە مەزهەبی خاوەن مەرجەعیەتێکی سەلەفین، پاش رووخانی بەغداد دروست بوون، لەئەندامان و ئەفسەرانی سوپای بەعس پێکهاتوون، پسپۆڕن لە کاروباری بەرهەمهێنانی سەربازیدا. لەڕیزەکانی سوپای ئیسلامیی لەعیراق، کوڕانی عەشایەر و پیاوانی سەلەفی مەزهەب دەبینرێن: ئەم گروپە، بەگەورەترین رێکخراوە چەکدارەکانی نێو عیراق دادەنرێت. ئامانجە سیاسییەکانیان لە سنوری ناوخۆی عیراقدا کورتبۆتەوە. ئایدۆلۆژیایەکی ناوخۆییان هەیەو مەبەستیانە کۆنترۆڵی عیراق بگرنە دەست، هەروەك لە دوور مەوداشدا کار بۆ دارشتن و پیادەکردنی حوکمی ئیسلامیی دەکەن لە وڵات. لەکردەوە چەکدارییەکاندا رووی هێرشەکانیان لە هێزە فرە نەتەوەکانی نێو عیراقەو چەند کردەوەیەکی چەپەڵیشیان بەرامبەر هێزەکانی گاردی نیشتمانی عیراق ئەنجامداوە. سوپای ئیسلامیی لە عیراق لەڕێگەی رفاندن و بەبارمتەگرتنەوە، ناوبانگێکی دەرەکی پەیدا کردووە بەتایبەت دوای ئەوەی لەڕێگەی بەبارمتەگرتنەوە توانیان فیلیپین ناچار بکەن هێزەکانیان لەعیراق بکشێننەوە کە لە ٥٠ سەرباز پێکهاتبوون، ئەمە جگە لەوەی

[174] - http://arabic.cnn.com/iraq.groups/salafeah.html

رفێنراوەکانیشیان زۆرجار بەرامبەر وەرگرتنی پارەی خەیاڵی، ئازاد کردووە، بۆ نمونە سوپای ئیسلامیی لەعیراق پاش رفاندنی دوو رۆژنامەنوسە فەرەنسییەکە، شینۆ و جۆرج مالبرۆنۆ، لە ٢٠ی ئابی ساڵی ٢٠٠٤ دا توانییان ١٠ تا ٢٠ ملیۆن دۆلار لەوڵاتی فەرەنسا لەبەرامبەر ئازادکردنی بارمتەکاندا وەربگرن، هەروەك لە رفاندنی سێگریناى رۆژنامەنووسی ئیتالیشدا نزیکەی ١٠ تا ١٥ ملیۆن دۆلاریان چنگ کەوتووە، ئەمە جگە لەو دەستکەوتانەی پاش ئازادکردنی کونسولی ئێران لە عیراق، فەرەیدونی جیهانیی، لەساڵی ٢٠٠٤ بەدەستیان هێنا[١٧٥].

**سێ هەم/ کەتیبەکانی شۆڕشی بیست**: بزوتنەوەی بەرەنگاری ئیسلامیی"، بریتین لە گروپێکی سوننە مەزهەب کە مەرجەعێکی ئیسلامیی میانڕەویان هەیە،ئەم گروپە لە هەڵوێست و بیری سیاسی دا لە هەیئەی عولەمای موسلیمینی عیراق "دەستەی زانایانی موسوڵمانی عیراق" نزیکن. دەستەیەك کە حارس زاری رابەرایەتیی دەکات. کەتیبەکانی شۆڕشی بیست، لە ١٠ی تەموزی ساڵی ٢٠٠٣، یەکەمین بەیاننامەیان بڵاوکردەوەو یەکەمین گروپیش بوون کە بەڵگەنامەو پرۆگرامی خۆیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکردەوەو ئامانجەکانیان ئاشکرا کردو ناوی مەرجەعەکانی خۆیان ڕاگەیاند. ئامانجە سیاسییەکانیان بریتین لەکۆمەڵێك ئامانجی ناوچەیی و نیشتمانی،

[175] http://arabic.cnn.com/iraq.groups/islam_army.html



بەگوێرەی دەستورەکەیان، ئەم گروپە بریتیە لە "بزوتنەوەیەکی جیهادکاری نیشتمانی و کار دەکات بۆ رزگار کردنی خاکی عیراق لە داگیرکاریی سەربازی و سیاسی بێگانەکان، بۆئەوەی کوڕانی عیراق خۆیان خۆیان بەڕێوە ببەن". کردەوە سەربازییەکانیان دژ بە هێزە فرە نەژادەکان ئەنجام داوە، دەشگوترێت دەستیان لە لێدانی هێزەکانی پۆلیس و سوپای عیراق و ژێرخانی ئابوریی وڵات و شوێنە خزمەتگوزارییە گشتییەکان پاراستووە. ئەمەشیان لەبەیاننامەیەکدا لە ١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٥ دا بە "پابەندبوونە جیهادییەکان" لەقەڵەم داوە. تاکتیکی سەربازیی ئەم گروپەش بریتییە لە بۆردومان بە هاوەن و لێدان بە مۆرتەرو کاتیۆشا، دانانی کەمین بە چەکی سوك، و قەنناسە، و بەکارهێنانی بۆمبی چێنراو. بە گەڕانەوەش بۆ بەیاننامە بڵاوکراوەکانی سەر ئینتەرنێت،"هیچ رۆژێك تێپەڕنابێت کە کەتیبەکانی شۆڕشی بیست کردەوەیەکی سەربازییان تێدا ئەنجام نەدابێت"[١٧٦].

**چوارهەم/ سوپای راشیدین**: گروپێکی ئیسلامیی سوننە مەزهەبن، بەیاننامەکانیان لەلایەن "ئەبو ئەلوەلید ئەلعراقیەوە"، کە بەرپرسی بەشی راگەیاندنی سوپاکەیە، واژۆ کراون، چالاکییە سیاسی و سەربازییەکانیشیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، بڵاودەکەنەوە. ئامانجە سیاسییەکانیان هاوشێوەی کەتیبەکانی شۆڕشی بیستن لەعیراق و کردەوە

[176] - HTTP://ARABIC.CNN.COM/IRAQ.GROUPS/20.HTML

سەربازییەکان: لەبەڵگەنامەیەکی سوپای راشیدین دا کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت و لە بەرواری ۲۸ی ئایاری ۲۰۰٦ دا بڵاویان کردەوە، حوکمی شەرعی خۆیان سەبارەت بە جیهاد کردن و پەیوەستەکانی لەعیراقدا، خستەڕوو و ئاشکرایان کرد کە "کوشتنی شیعە و کوردەکان بە گشتی جایز نییە" بەڵکو شەڕ و کوشتار پێویستە رووبەڕوی ئەو کەسانە بکرێتەوە کە "داگیرکارن یاخود یارمەتی داگیرکاران دەدەن ئەویش تەنیا ئەو کەس و گروپانەی لە هاوکاریکردنەکەدا تێوەگلاون". لێرەشەوە، دەردەکەوێت تەواوی ئەو کردەوە سەربازیانەی سوپای راشیدین گرتویەتیە ئەستۆ، بریتین لە کۆمەڵێك کردەوەی چەکداریی دژ بە "داگیرکاران"[177].

**پێنجەم/ جامیع، بەرەی ئیسلامیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی عیراقی:**

لەکۆمەڵێك گروپی سوننە مەزهەبی جیاواز پێکهاتوون، و لە ۲۸ی ئایاری ۲۰۰٤ دا بە بەیاننامەیەك، خۆیان راگەیاند. بەگشتی بەیاننامەکانیان لەژێر ناوی مەکتەبی سیاسی دا بڵاودەکرێتەوە و باڵی سەربازیی ئەم بەرەیەش بە "کەتیبەکانی سەلاحەدینی ئەیووبی" ناسراون. ئامانجی سیاسییان بەگوێرەی یەکەمین بەیاننامەیان، ئامانجی ئەمان بە دەرکردنی داگیرکار، دێتە دی[178].

177- HTTP://ARABIC.CNN.COM/IRAQ.GROUPS/RASHIDIEN.HTML

178- HTTP://ARABIC.CNN.COM/IRAQ.GROUPS/JAME3.HTML



بەگشتی، ئەم پێنج بەرە و رێکخراوە لەژێر دروشمی "نیشتمان پەروەری و پابەندبوون بە شەرعەوە"، پاساو بۆ کردەوەکانیان دێننەوە. دواترین پەیوەندیشیان لەگەڵ "دەوڵەتی عیراقی ئیسلامیی" کە لەناوەڕاستی ئۆکتۆبەری ۲۰۰٦ دا لە لایەن مەجلیسی شورای موجاهیدینی عیراقەوە پێکهێنراوە، زۆر خراپە بەتایبەت کە بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامەی الشرق الاوسط (۱۷-٤-۲۰۰۷) سوپای ئیسلامیی لەعیراق لەنامەیەکدا داوایان لە بن لادن کردووە رێگە لە هێرشەکانی مەجلیسی شورای موجاهیدین بگرێت بۆسەر لایەنەکانی تری مقاوەمە.. مەجلیسێك کە لەیەنایەری ۲۰۰٦ دا لە(رێکخراوی قاعیدە لە بیلادی رافیدەین، جەیشی تایەفەی مەنسورە، سەرایای ئەنساری تەوحید، سەرایای جیهادی ئیسلامی، سەرایای غورەبا، کەتیبەکانی ئەهوال، و جەیشی ئەهلی سوننە و جەماعەت) پێکهات[179]، و لە ۲۰-٤-۲۰۰۷دا کابینەی حکومەتیان لە وەزارەتەکانی جەنگو نەوتو کاروباری ئیسلامییو تەندروستی و راگەیاندییان، راگەیاندو بەکۆی دەنگ رازی بوون ئەبو حەمزەی موهاجیر بە وەزیری جەنگ دەست نیشان بکرێت، هەروەك عەبدولڕەحمانی فەلاحی

179- http://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%85%D8%AC%D9%84%D8%B3_%D8%B4%D9%88%D8%B1%D9%89_%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%AC%D8%A7%D9%87%D8%AF%D9%8A%D9%86_%D9%81%D9%8A_%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82

شیان به سەرۆك وەزیر دەست نیشان كردووە و ئەبو عومەری بەغدادیشیان وەك سەرۆكی دەوڵەتی عیراقی ئیسلامی بەڕای گشتی ناساند[180].

ئەگەر مێژووی قەیرانی ئاسایشی عیراق لە (مارسی ٢٠٠٣- ئەپرێلی ٢٠٠٧) یش لێكبدەینەوە، تێبینی ئەوە دەكەین كە نائارامییە هەستیارو مەترسیدارەكان بۆ سەر ژیانی هاوڵاتییە عیراقییەكان، كارمەندە بیانییەكان، و توانا سەربازییە نێودەوڵەتییەكانی نێو عیراق و ژێرخانی سیاسی و ئابووریی ئەم وڵاتە، بە توندی لەلایەن ئەم گروپە سوننە توندڕەوانەوە، كەوتوونەتە بەر هەڕەشەو زۆرجار لەماوەی ٤ساڵ تەقینەوە و تیرۆركردنی بەردەوام دا لەعیراق، ئەوە تۆماركراوە كە زۆربەی قوربانییەكان ژنو منالّ بوون. بەلّام چ یاساو بەرنامەیەكی زەمینی یان ئاسمانیی هەیە كە بتوانێت پاساوی خوێنی رژاوی منالّانی بێ گوناحی عیراق بداتەوە. كێ دەتوانێت قەرەبووی ئەو باوكە بكاتەوە كە كوڕەكەی لەبازاڕێكی هەژارنشیناندا بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت عەرەبانە دەستییەكەی پڕكراوە لە تەقەمەنی و بە خۆی و دەیان بێ تاوانی تردا تەقێنراوەتەوە. ئەمانەن نمونەی ئەو "مقاوەمە" ساختەیەی كە سوننەی عەرەب، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیڕەوی لێدەكەن و پشتیوانیشن بۆی .. پشتیوانییەك كە بەشێك لە ئەندام پەرلەمانەكانی سوننەی عیراق و سیاسەتمەدارە بەرجەستەكانیان تێوەی گلاون. كە دواترینیان پاش

---

180 - http://kurdpress.org/news/2042.htm



تێوەگلانی زافر عانی و دۆزینەوەی دەیان پارچە چەك لەماڵەكەیدا و كۆنترۆڵكردنی هاوەنی تەوقیتكراو لەنێو ماڵی خەلەف عەلیان دا، تێوەگلانی عەدنان دلێمی یە لە دەیان كردەوەی تیرۆریستی و كۆچپێكردنی زۆرەملێ . لەمبارەیەوە ئەنجومەنی باڵای دادی عیراق، لە دۆسییەیەكی تایبەتدا ٥٠ تۆمەتی ئاراستەی عەدنان دلێمی سەرۆكی لیستی تەوافوق كردووە و بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆكی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عیراق داوای كردووە ئەنجومەنی نوێنەران حەسانە لە دلێمی وەربگرێتەوە[181].. پیرەمێردێك كە بەپێی زانیارییە هەواڵگرییەكانی ئەمریكا، خاوەنی میلیشیای سوننەی تایبەتە.

ئەمانەش كە نمونەی خەرواریكن لەو تۆمەتانەی لە چوار ساڵی رابردوودا رووبەڕوی سەرانی سوننەی عەرەب كراونەتەوە، نەك هەموو سوننەی عەرەب چونكە هەن ئەو عەرەبە سوننانەی هیوا بە رۆژێكی گەش بۆ عیراق و عیراقییەكان دەخوازن و ساڵانێك دژ بە رژێمی تۆتالیتاریزمی بەعس سیاسییانە جەنگاون، ئاماژەیەكی قوڵن بەو قەیرانەی لە هەناوی عیراقدا هەن.

لێرەشەوە كە كۆمەڵگەی عیراقی، هێشتا كۆمەڵگەیەكە لە مینبەرەكانی مزگەوتەوە زۆرجار بەڕێوە دەبرێت، بەتایبەت لەناوەڕاست و خوارووددا و پیاوانی ئایینی لە مەزهەبی سوننەدا، پاش كەوتنی بەغدا،

---

181 - http://www.aawsat.com/print/default.asp?did=415415

توانیان جڵەوی کەوتنی شیرازەی کۆمەڵگە بگرن و ئەمر و نەهی بۆ شوێنکەوتووانیان دەرکەن.. پێویستە ئاماژە بە رۆڵی گرنگترین ناوەندی بڕیاردانی سوننە مەزهەبەکانی عیراق بکەین لە رووی دینییەوە کە زۆر بە چڕی تێکەڵاوی قەیرانی سیاسی عیراق بوو.. ئەویش "هەیئەی عولەمای موسلیمینی عیراق"ن. هەیئەیەك کە رۆڵی کارایان گێڕا لە پارچە پارچە کردنی سوننەی عەرەب لەلایەك و عەرەبی عیراقیش لەلایەکی دی. بەگشتی "هەیئەی عولەمای موسلمین" دەستەی زانایانی موسوڵمان، رەوتێکی سەلەفیی توندڕەوە، دوای رووخانی سەدام بە ماوەیەکی کەم پێکهات، کاریگەرترین رێکخراوی سوننەی نێو عیراقە کە نوێنەرایەتی ٣٠٠٠ مزگەوت دەکات و خۆی بە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی سوننە لەقەڵەم دەدات، کورد و سوننەی تێدا ئەندامن، هەرچەندە پارتی سیاسی نییە بەڵام کاریگەریی گەورەی لەسەر رەوتی سیاسی عیراق جێهێشتوە، پەیوەندی لەگەڵ حزبی ئیسلامیی عیراقدا بەهێزە، هەروەك پەیوەندی لەگەڵ مقاوەمەی سەلەفیشدا هەیەو پشتیوانی سیاسییان دەکات بە سەرچاوەی لۆجیستیو دارایی، لەکۆتایی ٢٠٠٣ حارس زاری وەك گەورەترین کەسایەتی سوننەکانی عیراق دەرکەوت کە دواتر بووە ئەمینداری گشتی، زاری رۆڵی خراپی بینی لە ناکۆکی تایەفی و قەیرانی سیاسیو نا ئارامیی وڵاتدا بەتایبەت کە یەکەمین هەڵبژاردنە سەرتاسەرییەکەی عیراقی رەتکردەوەو لەراپرسیە دەستورییەکەی ١٥ی ١٠ی ٢٠٠٥یشدا بە "نەخێر" پیشوازیی لە رەشنووسی دەستوری عیراق



کردو دواتر شەرعییەتی حکومەتی عیراقیشی لەسایەی "داگیرکەر"دا رەتکردەوە، لە ١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦ دا چووە سعودیە و لە ٢٧ی نۆڤەمبەری هەمان ساڵیشدا لە ئوردەن بینرا، کە لە هەردوو سەردانەکەدا، داوای لە وڵاتانی عەرەبی کرد پشتیوانی لە حکومەتی عیراق نەکەن، داواشی لە پارتە سیاسییەکانی عیراق کرد لە حکومەت و پەرلەمانی وڵاتەکە بکشێنەوە چونکە نیشتمانی نییە .. ئەمانە و چەندین هەوڵی تر بۆ پەکخستنی بوژانەوەی عیراق و هاندان بۆ شەڕی تایەفی و دووبەرەکی و پێکدادانی نێوان سوننە و شیعە و کۆکردنەوەی یارمەتی دارایی و لۆجیستی لە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبەوە تا مەغریب، ئەو فەرمانی دەسگیرکردنەی لێکەوتەوە کە جەواد پۆلانی وەزیری ناوخۆی عیراق لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ دا لە دژی دەرکرد[١٨٢] .

لە کۆتاییدا وەك دەردەکەوێت، بەهەمان ئەو نەشارەزاییەی کە موقتەدا سەدر لە سیاسەتدا لە عیراق پەیڕەوی کرد، حارس زاری و دەستەی زانایانی موسڵمانی سوننەی عیراقیش بە هەمان چارەنووسەوە گلان، بەتایبەت کە بایکۆتکردنی هەڵبژاردنە سەرتاسەرییەکان لە لایەن هەیئەو بەشێك لە گروپە چەکدارە سوننە یاخیەکانی ناو عیراق، بە زیانی

[182] - The Muslim Scholars Association:A Key Actor in Iraq/By Daniel Fink and Steven Leibowit/T h e Wa sh i ng t on In s t i t u t e f or N e a r E a s t P ol i c y
http://www.washingtoninstitute.org/templateC04.php?CID=259

یەکڕیزی سوننەی عەرەب و دابەزینی تواناکـانی ئـەو پێکهاتـە گرنگـەی عیراق شکاندیەوە لەپرۆسەی سیاسی و ئاسایشدا .. پێکهاتەیـەکی سـوننەی بەهێز کە دەیان ساڵ بە تەنیا جڵەوی عیراقیان گرتبووە دەست.

ئەوەی لێرەشدا بۆمان دەردەکـەوێت، پێویـستە پیـاوانی سیاسـەت لـە پیاوانی دینی ـ کۆمەڵایـەتی ـ بازرگـانی، بەتایبـەت لـەعیراقی نوێـدا جیابکرێنـەوە، چـونکە جگـە لـەوەی نـەبوونی ئـەزموون و دڵـسۆزی و نەشارەزاییان، دەیـان هەڵـدێر دێنێتـە سـەر ڕێـی خۆیـان و مەزهـەب و تایەفەو نەتەوەکەشیان، بەڵکو زۆرجار دەشیانکاتە پیاوی پیاوێکی خـاوەن هەژموونتر لە کایە دینی و کۆمەڵایەتی و بازرگانییەکاندا.

وەك دەبینرێت، عیراقی نوێ، کە تا سەر ئێسك تیرۆر و شپرژەیی ئـازاری دەدات و خوێنی دەمژێت، چیتر بەرگەی ئەو کارەساتە ناگرێـت کـە ئێـستا بەناوی پرۆسەی سیاسییەوە لە ئارادایـە چـونکە زۆربـەی ئـەو کەسـانەی ئێستا لە دەسەڵاتدان، هەم لـەتاوانی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و فەسـادی ماڵی دا تێوەگلاون و هەم ئەزموونی سـاڵانێکی دووروودرێـژیان هەیـە لـە کلکگرێدان لەتەك زلهێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانـدا کـە هیـچی بـە بەرژەوەندیی هاوڵاتییەکی ئاسایی ئەم وڵاتە ناشکێتەوە.



# دەرئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، بەر لەوەی بـۆ چارەسـەرکردنی قـەیرانی ئاسایش و ستراتیژی بنیادنانەوەی عیراق چەند پێشنیارێك بخرێتەڕوو، باشتر وایە بە هۆشیارییەوە لە ئامانجی ئەمریکا بڕوانرێت، کە ئایـا ئـەمریکای خاوەن دەسەڵات لەعیراقدا، چ جۆرە عیراقێکی دەوێـت، چـونکە بـە بـڕوای "هێنری کیسینجەر"[183] :

*"ئابێت عیراقی دوای سەدام هێندە بەهێز بێت کە هاوسەنگیی هێزەکان لە ناوچەکەدا بشێوێنێت و پێویـستە عـیراق هێنـدە لاواز بێـت، کـە بـۆ پاراستنی سـەربەخۆیی خـۆی لـە بەرامبـەر دراوسـێ چاوبرسـییەکانیدا، ڕووبەڕووی کێشە بێتەوە".*

ئـەو دەرئەنجامـەی کـە توێـژەر لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا وەك سـتراتیژی بنیادنانەوەی ئاسایشی عیراق پێی گەیشتووە:

١- پێگـەی جیۆسـتراتیژی و توانـا نەوتییـەکانی عـیراق، عیراقـی کردۆتـە ئامـانج بـۆ دەوڵەتـە زلهێزەکـان کـە ویـستوویانەو دەیانـەوێت لەخوێناوی عیراقدا، ماسی بەرژەوەندییەکانیان بگـرن. کەواتـە هەمیـشە

183 -هنري کیسینجر،دیپلوماسي امریکا در قرن ٢١،ابوالقاسم راة ضمني، ابرا معاصر ران، ضاث دوم، ران، ١٣٨٣،ص٣٢١.

هەوڵێکی بەردەوامی دەرەکی هەیە بۆ دروستکردنی ئاژاوەی ناوخۆیی بە مەبەستی لاوازکردنی عیراق. بۆیە پێویستە کار بکرێت بۆ:

- پاراستنی یەکڕیزیی وڵات.
- ئینتیمابوون بۆ نیشتمان.
- برەودان بەچەمکی سەروەری بۆ دەوڵەت.

٢- قەیرانی سیاسی عیراق و کورسیی خوێناوی مەلیك و سەرۆکەکانی ئەم دەوڵەتە، ئەوە لە مێژووی سیاسیی ئەم وڵاتە دەخاتە ڕوو کە لە دروستبوونی دەوڵەتی عیراقەوە، قەیرانی سیاسی هەبووە و ئەمەش فاکتەر بووە بۆ پەرەسەندنی تیرۆر و پیلان و سەرکوتکردنی نەتەوە ناباڵادەستەکان و شەڕ و شۆڕش و بەکارهێنانی توانا زەبەلاحە ئابوورییەکانی عیراق بۆ کەرتی سەربازیی و چارەسەرکردنی قەیرانی ئاسایش .. کە پێویستە لە عیراقی نوێ دا:

- پیادەکردنی ستراتیژی "یاری هەمووان لەگەڵ هەمووان" بە واتای پاراستنی مافی کەمینەکان و بەشداری پێکردنیان لە کایە سیاسی و ئەمنییەکانداو دابەشکردنی داهاتی وڵات بە یەکسانی بەسەر پێکهاتەکانی عیراقدا، بکرێتە بەرنامەی کار.

- بەکارهێنانی توانای ئابووریی وڵات بۆخزمەتکردنی تاك وکۆمەڵگەو بنیادنانەوەی نیشتمان، قەلاچۆکردنی بێکاریو گەندەڵی لەدامودەزگاکانداو باڵادەستبوون بۆ دەستور و یاسا بکرێتە بنەما.



٣- ستراتیژی "پەڵەی نەوت" لەعیراقدا پیادە بکرێت. بەو واتایەی لە هەموو پارێزگاکانی عیراقدا، پلانی سەپاندنی ئاسایش هاوکات لەگەڵ پلانی بوژانەوەی کەرتی ئابووریی، بەگەڕخستنی بێکاران، بەدەستهێنانی سۆز و ئەقڵی دانیشتوان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، و وەك بڵاوبوونەوەی پەڵەی نەوت بەسەر پارچە قوماشێکدا، پلانەکەش، گەڕەك گەڕەك پیادە بکرێت و بڵاوبکرێتەوە.

٤- هەمووارکردنی دەستور و هەڵبژاردنی پێشوەخت لەسەر ئاستی پارێزگاکان، بۆ ڕەنگڕێژکردنەوەی سیمای سیاسیی وڵات.

٥- برەودان بە بەستنی کۆنگرە و کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی لەسەر عیراق و هاندانی کۆبوونەوەی لایەنە ناکۆکە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ یەکتر و کارکردن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە سیاسیو سیکیوریتییە هەڵپەسێردراوانەی ساڵانی ڕابردووی نێوان دەوڵەتان، کە کاریگەریی لەسەر دۆخی ئاسایش و باری سیاسیی عیراق جێهێشتووە. بەمەرجێك بەرژەوەندییە باڵاکانی عیراق فەرامۆشنەکرێت و هیچ نەتەوە و مەزهەب و کەمینەیەك نەکرێنە قوربانیی کۆندەنگیی.

٦- کارکردن بۆ قەلاچۆکردنی "میلیشیا" چەکدارەکان، کۆکردنەوەی چەك، بەگەڕخستنی لاوان لە سایەی حکومەتی ناوەندیی و دەسەڵاتی پارێزگاکان و هەرێمەکاندا و ڕاکێشانی موقتەدا سەدر و حارس زاری، بۆ نێو پرۆسەی سیاسیی وڵات.

٧-     چالاککردنی توانا ئیستخباراتییەکانی عێراق و چاندنی ئیستخباراتی لەنێو گروپ و باندە تیرۆریستەکاندا، دانانی ئەچێنێت لە هەموو بنکەو کەرتێکی پۆلیسی شار و شارۆچکەکاندا .. ئەمەش بەکۆکردنەوەی توانای مرۆیی و بەدەسخستنی توانای تێکنۆلۆژی لە بواری ئیستخباراتی دا بەدی دێت، و گۆڕینی ئاراستەی کارکردنیان بەتایبەت کە ئەو دەزگایە پێویستە پەیوەستیی بۆ دەوڵەتی عیراق هەبێت.

٨-     دروستکردنی متمانە لەنێو پۆلیس و کۆمەڵانی خەڵکدا. گۆڕینی شێوازی مەشقی سوپای عیراق بەوەی تایبەتبکرێن و پسپۆڕییان پیێ بدرێت لە بواری قەڵاچۆکردنی تیرۆریستان و جەنگی نێو شەقامەکاندا. دانانی کەسانی عەلمانیی لە لوتکەی دەسەڵاتە سەربازی و ئەمنی و دەزگاکانی پۆلیس، بۆ دوور خستنەوەی ناکۆکییە تایەفی و مەزهەبییەکان لە دەزگاکانی ئاسایشی عیراق.

٩-     زیادکردنی ژمارەی راوێژکارە بیانییەکان لە دامودەزگاکانی حکومەتدا بۆ رێگرتن لە گەندەڵی و ململانێی تایەفی ـ مەزهەبی و راهێنانی تاکی عیراقیی بۆ ژیان لەنێو کۆمەڵگەی مەدەنی.



١٠-   مامەڵەی توند و تێکشکاندنی ئەو کەس و لایەن و پارتانەی، رۆڵیان لە تێکدانی ئاسایشی سیاسی و سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی عیراقدا هەیە.

# سەرچاوەکان

## کتێب

### کوردی

* تۆمی فرانکس ،سەربازێکی ئەمریکایی، و.باست حەمە غەریب، سلێمانی، ٢٠٠٦.

### فارسی

* اصغر افتخاری، مراحل بنياددين انديشه در مطالعات امنيت ملی، پژوهشكده مطالعات راهبردی، تهران، ١٣٨١.

* ترنس بال ـ ريچارد داگر ، ايدەالوژی های سياسی و ايدەال دمكراتيك، (دكتر رويا منتقمی)، پيك بهار ١٣٨٤.

* چارلز دبليو.كگلی ـ اوجين ار. ويتكيف، سياست خارجی امريكا الگو و روند ، (ترجمه: علی دستمالچی)، چاپ دوم ، دفتر مطالعات سياسی و بين المللی ، تهران ، ١٣٨٤.

* سيد حسين سيف زاده، معمای امنيت و چالشهای جديد غرب، تهران، دفتر مطالعات سياسی و بين المللی، ١٣٨٣ .



* سيمور مارتين ليپست، دائره المعارف دموكراسی، (م.كامران فانی ـ نورالله مرادی و) ،جلد سوم ،چاپ دوم، وزارت امور خارجه ، تهران، ١٣٨٣.

* كوميسيون تدوين استراتيژی امنيت ملی امريكا،استراتيژی امنيت ملی امريكا در قرن ٢١ ،جلال دهمشگی-بابك فرهنگی و، چاپ سوم، ابرار، تهران، ١٣٨٢.

* هنری كيسينجر، ديپلوماسی،محمد حسن كاووسی عراقی،جلداول،جلد دوم چاپ دوم، اگلاعات ، تهران، ١٣٨٣.

* هنری كيسينجر، ديپلوماسی امريكا در قرن ٢١،ا بوالقاسم راه چمنی، چاپ دوم، ابرار، تهران،١٣٨٣.

### عربی

* ارون سلزر، المحافظون الجدد ، فازل جتكر، مكتبة العبيكان، الطبعة الاولى، رياض، ٢٠٠٥.

* أيان رتليدج ، العطش الى النفط ماذا تفعل اميركا بالعالم لضمان أمنها النفطي، مازن الجندلي ، دار العربية للعلوم، لبنان، ٢٠٠٦.

* ناصر محمد الزمل، لماذا يكرهوننا، الطبعة الاولى، مكتبة العبيكان، رياض، ٢٠٠٤

* العبيكان،رياض، ٢٠٠٤.

# گۆڤار

## فارسی

* اطلاعات سياسي اقتصادي

دكتر عنايت ا..يزداني- مرتضي شجاع، نفت: ابزار قدرت در سده بيست و يكم امريكا و خليج فارس، اطلاعات سياسی اقتصادی، شماره ٢٢٤-٢٢٣

## ئینگلیزی

- Newsweek
- Newsweek

http://www.msnbc.msn.com/id/15898064/site/newsweek/print/1/displaymode/1098
How Al-Sadr May Control U.S. Fate in Iraq By Jeffrey Newsweek\Bartholet

http://www.msnbc.msn.com/id/14322951/ site/newsweek
Iraq: War Within a War: Who Runs the Mahdi Army

- http://www.foreignaffairs.org



Jr. From ،How to Win in IraqBy Andrew F. Krepinevich
September/October 2005،*Foreign Affairs*
http://www.foreignaffairs.org

When the Shiites Rise
July/August ،By Vali Nasr From *Foreign Affairs*
2006
http://www.foreignaffairs.org/20060701faessay85405/vali-nasr/when-the-shiites-rise.html?mode=print

## كوردی

- گۆڤاری خاك:

دەیڤید كۆرن، ئەو دوو پیاوەی كوردیان فڕێدایە ناو عیراقەوە، (و:ئاوات عەبدوڵلا)گۆڤاری خاك ـ ژمارە (١١٦).

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# رۆژنامە

## عەرەبی

www.asharqalawsat.com

http://www.aawsat.com/detailes.asp?section=4issue=10085&article=372289

http://www.aawsat.com/default.asp?myday=17&mymonth=4&myyear=2007&goSearch2.x=8&goSearch2.y=6

http://www.asharqalawsat.com/details.asp?section=$&assue=9860&article=335306

http://www.aawsat.com/details.asp?section=4&issue=10357&article=413990

www.asharqalawsat.com/print/default.asp?did=398533

http://www.alsabaah.com

جريده الصباح، ٢٩-٣-٢٠٠٧،

http://www.daralhayat.com



مەکتەبی بیروهۆشیاری

سقوط بغداد في نيسان ٢٠٠٣ :..مشرق عباس، الحياة، ٩ \٤ \ ٢٠٠٧

## کوردی

- **ئاسۆ**

هەفتەی سیاسی،رۆژنامەی ئاسۆ، ٢-٣-٢٠٠٠،لا٣.

هەفتەی سیاسی،رۆژنامەی ئاسۆ، ٩-٣-٢٠٠٠،لا٣.

هەفتەی سیاسی،رۆژنامەی ئاسۆ، ١٦-٣-٢٠٠٦،لا٢.

ئاسۆ،٢٧-٢-٢٠٠٦، لا٤

- **چاودێر**

http://www.cawder.org/Chawder/Chawder/118/02.pdf

- **کوردستانی نوێ**

چاوپێکەوتنێك لەتەك د. ئەلبێرت عیسی ، کوردستانی نوێ، ٩-٤-٢٠٠٧، لا١٠.

- **هەواڵ**

هەفتەنامەی هەواڵ،ژمارە ٢٢٢،١٧ی ئازاری ٢٠٠٧،لا٢.

## ئینگلیزی

http://www.washingtonpost.com/wpdyn/content/article/2007/01/28/AR2007012800922.html

LATIMES

HTTP:\\WWW.LATIMES.COM\NEWS\NATIONWORLD\IRAQ-4-10-2006

- the Human Cost of the War in Iraq/Blooberg School of Public Health،JoHns Hopkings **University،Al** Mustansiriya University

http://www.wilsoncnter.org

- جان. اس. دافيلـد، نفـت و جـنگ عـراق، (كـامبير پارتازيـان)، باشـگاه انديشه، ١٣٨٤.

صفحات من تاريخ العراق الحديث من الأحتلال البريطاني للعراق عام ١٩١٥ وحتى ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨/ حامد ألحمداني

http://www.hamidalhamdany.com/side/al_kotob/tarikh_01/Chapter2.htm

نورى سعيد، رجل المهمات البريطانية الكبرى ، حامد الحمدانى.

http://www.hamidalhamdany.com/side/al_kotob/nory_alsaid/Chapter1.htm
http://www.iraqirectory.com/DisplayNewsAr.aspx?id=3389



FT
Four steps towards calming the chaos in Iraq/By 2007، Feb 01،Zbigniew Brzezinsky/FT.com site
http://www.ft.com/home

*Weekly Standard*
Michael Eisenstadt
2006، August 21،
How to Prevent a Civil War

**ئينتەرنێت:**

سەنتەرەكانی لێكۆڵینەوەی سیاسی و ستراتیجی و هەواڵگری

سەنتەری هەواڵەكان

**هی تر**

- رادیۆ دەنگی خاك

رادیۆ دەنگی خاك ،سەعات ١٠ سەر لەبەیانی٢٠٠٧/٣/٣٠، دۆسییەی سیاسی

- رێبـوار كـەریم ، جیهـانی سـێیەم، قـەیرانی ئـارامیی سیاسـی زانكـۆی سلێمانی،كۆلێژی زانستە رامیارییەكان ٢٠٠٦-٢٠٠٧، چاپ نەكراو.

http://bigpicture.typepad.com/photos/uncategorized/oil2_map416.gif

http://armedservices.senate.gov/statemnt/2007/January/Perry%2001-25-07.pdf



مەكتەبی بیروهزر

مەكتەبی بیروهۆشیاری

# بڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)

| ژ | ناوی بڵاوكراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| ١. | التقرير العام الى المؤتمر الثاني للأتحاد الوطني لكوردستاني (الطبعة الأولى) | مام جلال | شباط-٢٠٠١ |
| ٢. | وتەی هەڤاڵ مام جلال لە كۆبوونەوەی كادیراندا | | ٢٠٠٢ |
| ٣. | هەڵۆی سوور | فازیل كەریم ئەحمەد | ٢٠٠٢ |
| ٤. | لمحات من تأريخ إذاعة صوت شعب كوردستان | ئامانج كاكە سور | ٢٠٠٢ |
| ٥. | ئیسلامی سیاسی | فەرید ئەسەسەرد، عەباس خۆشناو وهی تر | ٢٠٠٢ |
| ٦. | ئایینو تایفە ئایینییەكان لەكوردستان | ن: میهرداد ئیزەدی<br>و: كامەران فەهمی | ٢٠٠٢ |
| ٧. | سروشتی یاسایی بریاری ٦٨٨و چۆنێتیی كاراكردنی | شەماڵ عەبدوڵلا | ٢٠٠٢ |
| ٨. | سەید قوتب و تیۆریی<br>تەكفیر كردنی كۆمەڵ و دەوڵەت | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٢ |
| ٩. | سەرەتایەك بۆ تێگەیشتن لەچەمكی هاوڵاتیبوون | یوسف گۆران | ٢٠٠٢ |
| ١٠. | چەمكی بیرۆكەی دەوڵەت لەجوگرافیای سیاسیدا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٢ |
| ١١. | ناسیونالیزم وكەمینەكان لەسیاسەتی نێودەوڵەتاندا | جەودەت ئیسماعیل لوتفی، سیروان عارف | ٢٠٠٢ |
| ١٢. | بەراورد لەنێوان رژێمە فیدرالەكاندا | سەیوان كاكە رەش | ٢٠٠٢ |
| ١٣. | لەپێناوی دیموكراتیزەكردنی حوكم لەعیراقدا | مەحمود رەزا | ٢٠٠٢ |
| ١٤. | فیدرالیزم وئۆتۆنۆمی | دیلمان محەمەد | ٢٠٠٢ |
| ١٥. | شۆڕشی ئۆكتۆبەرو چارەنووسی چەند گەلێكی خۆرهەڵات | محمود رەزا ئەمین | ٢٠٠٢ |
| ١٦. | پشتیوانانی ئیسلام لەكوردستاندا | نیاز سەعید | ٢٠٠٢ |
| ١٧. | ئیسلامی سیاسیی لەزەبروزەنگەوە بۆ بەخۆدا چوونەوە | ن: سەعد مەولا<br>و: جەمال غەمبار | ٢٠٠٢ |
| ١٨. | ئێزدیەكان لەمێژووی نەتەوەكەیاندا | سەربەست حسێن | ٢٠٠٢ |
| ١٩. | پوكانەوەی دەوڵەتی كەمایەتی | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٢ |
| ٢٠. | پۆلێنكردنی تاوانەكانی ئەنفال بەپێی جۆرەكانی جینۆساید | د. مارف عومەرگوڵ | ٢٠٠٢ |
| ٢١. | رێكخستن یەكێكە لەبنەما سەرەكیەكانی چالاكی حزب | محەمەد مەنگوری | ٢٠٠٢ |
| ٢٢. | كركوك مدينة الضاحكة بالنار والنور | عوني الداودي | ٢٠٠٢ |
| ٢٣. | الأيزيدية تأريخها وطقوسها | د. خليل جندي<br>هوشنگ بروكا | ٢٠٠٢ |
| ٢٤. | كوردوتوركمان، تیڕوانینێك بۆ میكانزمەكانی پێكەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان | یوسف گۆران | ٢٠٠٢ |
| ٢٥. | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە ١ | | ٢٠٠٢ |
| ٢٦. | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە ٢ | | ٢٠٠٢ |
| ٢٧. | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە ٣ | | ٢٠٠٢ |
| ٢٨. | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە ٤ و ٥ | | ٢٠٠٢ |
| ٢٩. | جیهانی روناكبیری ژمارە ١ | | ٢٠٠٢ |
| ٣٠. | جیهانی روناكبیری ژمارە ٢ | | ٢٠٠٣ |
| ٣١. | التقرير العام الى المؤتمر الثاني للأتحاد | مام جلال | ٢٠٠٣ |

مەكتەبی بیروهۆشیاری

| ژ | ناونیشان | نووسەر / وەرگێڕ | ساڵ |
|---|---|---|---|
| | الوطني لكوردستاني(الطبعة الثانية) | | |
| ٣٢. | المناهج والنظام الداخلي للأتحاد الوطني الكردساني | | ٢٠٠٣ |
| ٣٣. | پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | | ٣٠٠٣ |
| ٣٤. | تیۆری فیدرالیزم | ن: فرانتس نیومان<br>و: کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٣ |
| ٣٥. | نەتەوایەتی و دەوڵەتی نەتەوەیی | ن: مۆنتسرات گیبرنا<br>و: کەمال رەشید شریف | ٢٠٠٣ |
| ٣٦. | چەمك وپرنسیپەکانی دیموکراسی | بەکر صدیق | ٢٠٠٣ |
| ٣٧. | نەوت و سیاسەتی نێودەوڵەتان لەخۆرهەلاتی ناوەڕاستدا | ن: دانیاڵ یەرگین<br>و: کەمال رەشید شریف | ٢٠٠٣ |
| ٣٨. | سۆسیالیستەکانی پێش مارکس | ن: د.مستەفا رەحیمی<br>و: کەمال رەشید شەریف | ٢٠٠٣ |
| ٣٩. | خوێندنەوەیەك بۆ مەسەلەی گۆڕانی سیاسی لەعیراقدا | ئەنوەر حسێن | ٢٠٠٣ |
| ٤٠. | تیرۆریزمی نێودەوڵەتی وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی | تۆفیق عومەرمحەمەد و هی تر | ٢٠٠٣ |
| ٤١. | ئابوری کوردستان | ن: مهیرداد ئیزدەی<br>و: کامەران فەهمی | ٢٠٠٣ |
| ٤٢. | عیراق ومەسەلەی کورد | *کۆمەڵێ نوسەر* | ٢٠٠٣ |
| ٤٣. | ئاین و مەسەلەکانی دیموکراسی و ئینتەرناسیونالیزم | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٣ |
| ٤٤. | ئاناریشزم و دەوڵەت | زاهیر شکور | ٢٠٠٣ |
| ٤٥. | ئوسوڵیەت: چەمك، میتۆد، سەرچاوەو ئاسۆ | عەبدوڵلا قەرەداغی | ٢٠٠٣ |
| ٤٦. | شیعەکانی عیراق | ن: د. عەبدوڵلا فەهد نفیسی<br>و: عەبدوڵلا قەرەداغی | ٢٠٠٣ |



| ژ | ناونیشان | نووسەر / وەرگێڕ | ساڵ |
|---|---|---|---|
| ٤٧. | دەوڵەتی یاسا | سەید تایەر حەمە ئەمین | ٢٠٠٣ |
| ٤٨. | شێوەی ئاسیایی بەرهەمهێنان لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٣ |
| ٤٩. | کورتەی مێژووی فەلسەفە | مەحمود مەلا عیززەت | ٢٠٠٣ |
| ٥٠. | ناسیونالیزمی کوردی(١٨٨٠-١٩٣٩) | هیوا عزیز سەعید | ٢٠٠٣ |
| ٥١. | نرکەی قەرەداغ | ئەکرەم حەمە ئەحمەد | ٢٠٠٣ |
| ٥٢. | شەڕی ئابوری و ململاتی جیهان ل سەر دەریا قەزوین | هاشم زێباری | ٢٠٠٣ |
| ٥٣. | سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوك | ن: د. نوری تاڵەبانی<br>و: مەریوان حوسێن چیمەنی | ٢٠٠٣ |
| ٥٤. | انتهاكات حقوق الأنسان والجرائم | د. منذر الفضل | ٢٠٠٣ |
| ٥٥. | مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كوردستان العراق | الدكتور خليل إسماعيل محمد | ٢٠٠٣ |
| ٥٦. | المسلمون يحتاجون لأجابات أفضل | توماس فريدمان | ٢٠٠٣ |
| ٥٧. | الكرد الفيليون وحزب البعث | سعد بشير أسكندر | ٢٠٠٣ |
| ٥٨. | فیدرالیزم و سیستەمەکانی یەکێتیی فیدرالی | ن: عەلی ئەلشەمەری<br>و: حەسەن یاسێن | ٢٠٠٤ |
| ٥٩. | ئەرکەکانی رێکخستن لەقۆناغی نوێی خەباتدا | شەماڵ عەبدوڵلا | ٢٠٠٤ |
| ٦٠. | لێکۆڵینەوە لەئیسلامی سیاسی | نیاز سەعید علی | ٢٠٠٤ |
| ٦١. | تیرۆریستان لەئاوا بوونن | شەهید خەسرەو عوسمان<br>ئا: ئازاد هەینی | ٢٠٠٤ |
| ٦٢. | بیری ناسیونالیزمی تورکمان | یوسف گۆران | ٢٠٠٤ |
| ٦٣. | جەنگی ئاو | ن: جون بولوك و عادل دەروێش<br>و: شەماڵ عەبدوڵلا | ٢٠٠٤ |
| ٦٤. | کورد لەجەنگی روسیا لەگەڵ ئێران وتورکیادا | ن: پ. ی. ئەڤێر یانۆڤ<br>و: د. ئەفراسیاو هەورامی | ٢٠٠٤ |

مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٦٥ | پرنسیبی دەستێوەرنەدان لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دا | خەلیل عبدوڵڵا | ٢٠٠٤ |
| .٦٦ | شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری لەبەڵگەنامەکانی فەرەنسیدا | نەجات عەبدوڵڵا | ٢٠٠٤ |
| .٦٧ | ئاو لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا | ئەندەش یاگ سکوك | ٢٠٠٤ |
| .٦٨ | تراژیدیای کوردەکانی سۆڤیەت | د. ئەفراسیاو هەورامی | ٢٠٠٤ |
| .٦٩ | تەعریبو راگواستن لەبەڵگەنامەکانی بەعس دا | لەتیف فاتیح فەرەج | ٢٠٠٤ |
| .٧٠ | کۆماری کوردستان- مەهاباد ١٩٤٦ لەرووی یاسای گشتی نێودەوڵەتییەوە | نەوزاد مەجید خدر سەرموردی | ٢٠٠٤ |
| .٧١ | شەهیدانی ١ی شوبات | | ٢٠٠٤ |
| .٧٢ | رێگای ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکان | شەماڵ عبداللە | ٢٠٠٤ |
| .٧٣ | کاریگەری ئاو | کاروان ئەحمەد | ٢٠٠٤ |
| .٧٤ | کورتە باسێکی پیرۆیستریکاو چەند بابەتێکی تر | د. ئەرسەلان بایز | ٢٠٠٤ |
| .٧٥ | ئەوروپا لەهەردوو سەردەمی بوژاندنەوەو رۆشنگەریدا | کەیوان ئازاد | ٢٠٠٤ |
| .٧٦ | الأسلام السياسي والأرهاب الدولي | د. منذر الفضل | ٢٠٠٤ |
| .٧٧ | المجتمع المدني ومستقبل الأثنيات في العراق | الدكتور خليل إسماعيل محمد | ٢٠٠٤ |
| .٧٨ | مندلي في التأريخ | محمد جميل بندي الروژبياني | ٢٠٠٤ |
| .٧٩ | تحديد حدود إقليم كوردستان العراق | جزا توفيق طالب | ٢٠٠٤ |
| .٨٠ | حق تقرير مصير | سعد بشير | ٢٠٠٤ |
| .٨١ | التهجير والتعريب من وجهة النظر القانونية | د. احمد موسوي | ٢٠٠٤ |
| .٨٢ | کوردەکانی ئێران و هێرشی عوسمانی | ن: گیلان | |



مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | و/ نەجاتی عەبدوڵڵا | ٢٠٠٤ |
| .٨٣ | کاریگەری بەجیهانی بوون لەسەر سەرداریەتی دەوڵەتاندا | ئاوات شێخ جەناب بەکر صدیق | ٢٠٠٤ |
| .٨٤ | پاراستنی مافی کەمینەکان | خليل عبدالله | ٢٠٠٤ |
| .٨٥ | خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی | د. البرت عیسا | ٢٠٠٤ |
| .٨٦ | حاجی قادری کۆیی | فازیل کەریم ئەحمەد | ٢٠٠٤ |
| .٨٧ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ١ | | ٢٠٠٤ |
| .٨٨ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٢ | | ٢٠٠٤ |
| .٨٩ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٣ | | ٢٠٠٥ |
| .٩٠ | سیستمی سیاسی چین | خليل عبدالله | ٢٠٠٥ |
| .٩١ | پێگەو دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکان | خليل عبدالله | ٢٠٠٥ |
| .٩٢ | چەمکی ئازادی سیاسی | ن: فرانتس نیومان و: کاوسین بابکر | ٢٠٠٥ |
| .٩٣ | سیستمەکانی هەڵبژاردن و پرنسیپەکانی دەنگدان | ڤیان مەجید | ٢٠٠٥ |
| .٩٤ | سیستمی فەرمانڕەوایی لەئیسرائیل | روستم محمود کۆکۆیی | ٢٠٠٥ |
| .٩٥ | پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە | مەجید صالح | ٢٠٠٥ |
| .٩٦ | ئەمریکاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست | عەباسی ئەحمەدی | ٢٠٠٥ |
| .٩٧ | مێژووی بیری کوردی | فازیل کەریم ئەحمەد | ٢٠٠٥ |
| .٩٨ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٤ | | ٢٠٠٥ |
| .٩٩ | ژان ژاك رۆسۆ | کاوە جەلال | ٢٠٠٥ |
| ١٠٠ | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەرهەڵدان و نوێبوونەوە | مەکتەبی بیروهۆشیاری | ٢٠٠٥ |
| ١٠١ | عیراقی نوێ | شەماڵ عەبدوڵڵا | ٢٠٠٥ |
| ١٠٢ | کوردو عروبە | بابەکر درەیی | ٢٠٠٥ |
| ١٠٣ | ئایین و دەسەلات | هاشم کەریمی | ٢٠٠٥ |
| ١٠٤ | سیستمی فیدراڵی ئەڵمان | ئا: محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠٠٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٠٥ | دەربارەی دیموکراسی | ن/ رۆبەرت کابلان<br>و/ عبدالرزاق خەیلانی | ٢٠٠٥ |
| ٠٦ | عیراق: دیموکراتیزەکردن یان هەڵوەشاندنەوە | رەفیق سابیر | ٢٠٠٥ |
| ٠٧ | کۆمەڵو سیستەمی دیموکراسی | حەمە دۆستان | ٢٠٠٥ |
| ٠٨ | زمانە فەرمیەکان لەدەستوری عیراقدا | تارق جامباز | ٢٠٠٥ |
| ٠٩ | پێکدادانی شارستانیەکان | ن: سامۆیل پ. هانتینگتۆن<br>و: مامەند رۆژە | ٢٠٠٥ |
| ١٠ | دیموکراسی دیدێکی فەلسەفی | ن: د. امام عبدالفتاح امام<br>و: حەسەن یاسین | ٢٠٠٥ |
| ١١ | لە پەراوێزی چاکسازیدا | هەڵکەوت عەبدوڵلا | ٢٠٠٥ |
| ١٢ | لودڤیگ فۆیەرباخو کۆتایی<br>فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی | ن: فردریك ئەنگلس<br>و: سالار رەشید | ٢٠٠٥ |
| ١٣ | فیدرالیزم و ئەزمونە جیاوازەکانی | ئا: و: ئیسماعیل حەمە ئەمین | ٢٠٠٥ |
| ١٤ | لیبرالیزم، چەمك و مێژوو | ن: جان سالوین شاپیرۆ<br>و/ عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠٠٥ |
| ١٥ | عیراق لە دیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | خلیل عبدالله | ٢٠٠٥ |
| ١٦ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە (٥ ــ ٦) | | ٢٠٠٥ |
| ١٧ | البحث عن الأسلام السياسي | نياز سعيد | ٢٠٠٥ |
| ١٨ | الواقع الأقتصادي ـ الأجتماعي لمحافظة السليمانية | د. كمال الخياط | ٢٠٠٥ |
| ١٩ | الصقر الأحمر | فاضل كريم احمد | ٢٠٠٥ |
| ٢٠ | الزعيم الوطني الكردستاني جلال الطالباني قائد وفكر وعصر (الطبعة الأولى) | د. خالد يونس خالد | ٢٠٠٥ |
| ٢١ | مقالات الشهيد غاندى(مجيد كريم احمد) | الشهيد مجيد كريم احمد | ٢٠٠٥ |
| ٢٢ | خانقين خلال ربع قرن | فاضل كريم احمد | ٢٠٠٥ |
| ٢٣ | عن الدولة الحديثة والأمة والنزعة القومية في العراق العربي وكوردستان | سعد بشير أسكندر | ٢٠٠٥ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٤ | رؤية كوردستانية لشؤون ومواقف عراقية | جرجيس كوليزاده | ٢٠٠٥ |
| ٢٥ | التسامح الديني العراقي لمجابهة الأرهاب والعنف | جرجيس كوليزاده | ٢٠٠٥ |
| ٢٦ | الآخر ـ الأمة ـ الأقليات الأخرى | سامي داوود | ٢٠٠٥ |
| ٢٧ | الفيدرالية ـ دراسة في إطار مفاهيمي والنظري | د. إحسان عبدالهادي سلمان | ٢٠٠٥ |
| ٢٨ | الدستور العراقي المرتقب ـ حقائق وآراء ومقترحات | المحامي: كريكار عبدالله | ٢٠٠٥ |
| ٢٩ | نقد ذهنية التغيب والتزييف ـ الأعلام العربي المعاصر نموذجا | د. عبدالباسط سيدا | ٢٠٠٥ |
| ٣٠ | التركمان في العراق (الطبعة الأولى) | د. عمر ابراهيم توفيق | ٢٠٠٥ |
| ٣١ | الزعيم الوطني الكردستاني جلال الطالباني قائد وفكر وعصر (الطبعة الثانية) | د. خالد يونس خالد | ٢٠٠٥ |
| ٣٢ | كركوك والتطهير العرقي ـ من وثائق النظام البعثي | عارف قورباني | ٢٠٠٥ |
| ٣٣ | کەلار لە لادێوە بۆ شار | جاسم محەمەد | ٢٠٠٥ |
| ٣٤ | هەڵوێست لە بەرامبەر گەندەڵی | نیاز سەعید عەلی | ٢٠٠٥ |
| ٣٥ | داڕشتنی دەستوری نوێ هێلکاری | ن: ماریۆج، ر. ئاوریانی<br>ئامبرۆس، پاول ئالیڤێرز<br>و: ئاوات محەمەد | ٢٠٠٥ |
| ٣٦ | ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان | ئەمیر نامیق | ٢٠٠٥ |
| ٣٧ | من بڕوام بە دیموکراسی کوردی نییە! | (فازیل کەریم)<br>مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٥ |
| ٣٨ | کاری دیپلۆماسی لەنێوان تیۆرو پراکتیکدا | کوردۆ ڕەحمان | ٢٠٠٥ |
| ٣٩ | بەکارهێنانی دەسەڵات لە جیهانی عەرەبیدا | محەمەد فاتح | ٢٠٠٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٠ | عەقڵی سەلیم | ن: توماس پین<br>و: پێشرەو حسێن | ٢٠٠٥ |
| ٤١ | تیرۆریزم و مافی مرۆڤ | عەدالەت عەبدوڵڵا | ٢٠٠٥ |
| ٤٢ | ڕۆڵی کەسایەتی لەمێژوودا | ن: بلیخانوف<br>و: سەلام مارف | ٢٠٠٥ |
| ٤٣ | کاتالۆگی بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری | | ٢٠٠٥ |
| ٤٤ | کۆمەڵناسی شەڕ | ن: گاستۆن بوتول، د. حسین بشیریە، ئانتۆنی کدنیز<br>و: عومەر باڵەکی | ٢٠٠٦ |
| ٤٥ | بژی گەندەڵی | ن: عەلی ڕەبیعی<br>و: ڕەفعەت مورادی | |
| ٤٦ | مێژووی پەروەردەو فێرکردن | ن: علی اکبر میهرئارا، محمد عباس، علی فرزفر<br>و: قادر وریا | ٢٠٠٦ |
| ٤٧ | فاشیزم چییە؟ | ن: هێنری میشێل<br>و: سمکۆ ناکام | ٢٠٠٦ |
| ٤٨ | ئیسلام و مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا | و. عوسمان حسەن شاکر | ٢٠٠٦ |
| ٤٩ | خوێندنەوەیەك بۆ فیکری حسەن بەننا | عادل عەلی | ٢٠٠٦ |
| ٥٠ | چاوپێکەوتنی ڕادیۆی نەوا لەگەڵ هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسوڵ | ئا: سەرتیپ جەوهەر | ٢٠٠٦ |
| ٥١ | شۆڕشی پەنجە مۆرەکان | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| ٥٢ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٧ | | ٢٠٠٦ |
| ٥٣ | ئیسلامی سیاسی ـ چاپی سێیەم | شوان ئەحمەد | ٢٠٠٦ |
| ٥٤ | فەرهەنگی قانونی | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠٠٦ |
| ٥٥ | کۆمەڵناسی گەنج | کارزان کاوسین | ٢٠٠٦ |

مەکتەبی بیروهۆشیاری



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥٦ | تاڵەبانی و خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی(چاپی یەکەم) | یەتانا دیوخ نەوشا | ٢٠٠٦ |
| ٥٧ | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان<br>ئاسۆیەك بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە | شەماڵ عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| ٥٨ | چەند بابەتێکی فیکری | شوان ئەحمەد | ٢٠٠٦ |
| ٥٩ | کۆمەڵی مەدەنیو سەرلەنوێ بیناکردنەوەی کۆمەڵگا | ن: جۆرج ف. ماکلین<br>و: شاخەوان منصور | ٢٠٠٦ |
| ٦٠ | ئایین، فاشیزم ، مەرگ | ن: هاشم صالح<br>و: هەورامان وریا قانع | ٢٠٠٦ |
| ٦١ | کارل فۆن کلاوزە ڤتز | ن: میکل هۆوارد<br>و: کەماڵ ڕەشید شەریف | ٢٠٠٦ |
| ٦٢ | گەشەسەندنی ئابووری چین | پ. د. محەمەد رەئوف سەعید | ٢٠٠٦ |
| ٦٣ | مانیفێستی مەکتەبی بیروهۆشیاری<br>بۆ مۆدێرن کردنەوەی ی. ن. ك | مامۆستا جەعفەر<br>(فازیل کەریم ئەحمەد) | ٢٠٠٦ |
| ٦٤ | هەواڵی تەلەفزیۆنی | جوان بەهادین | ٢٠٠٦ |
| ٦٥ | لەتەك فینۆمینە ئەدەبییەکاندا | کاوە جەلال | ٢٠٠٦ |
| ٦٦ | هەمیشە دڵڕەق و بێدەنگین | نەجات نوری | ٢٠٠٦ |
| ٦٧ | کۆیە، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتیە | جەمال فەتحوڵڵا تەیب | ٢٠٠٦ |
| ٦٨ | فەیلەسوفە مەزنەکان | ن: براین ماگی<br>و/ محەمەد کەریم | ٢٠٠٦ |
| ٦٩ | جەمهوریەتی کوردستان ـ شاکارێکی مەزن | خوێندنەوەی/ عەبدوڵڵا کەریم مەحموود | ٢٠٠٦ |
| ٧٠ | سەرمایە | ن: کارل مارکس<br>و/ سەلام عەبدوڵڵا ـ کەژاڵ ئەحمەد ـ شلێر عزیز | ٢٠٠٦ |

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٧١ | پرسی کورد گۆڕاوە، تورکیا هێشتا لەرابردوودایە | ن: کۆمەڵێك رۆژنامەنوس<br>و/ مامەند رۆژە | ٢٠٠٦ |
| ١٧٢ | خۆیبوون ـ هیوا | هیوا عەزیز سەعید | ٢٠٠٦ |
| ١٧٣ | حزب لەبازنەی دەستەگەریدا | شەماڵ عەبدوڵلا | ٢٠٠٦ |
| ١٧٤ | پرۆفیشینالّی لەرۆژنامەنووسی کوردیدا | مەریوان مەسعود | ٢٠٠٦ |
| ١٧٥ | گەنج ـ سیاسەت ـ مەعریفە | د. بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠٠٦ |
| ١٧٦ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ـ ٨ـ | | ٢٠٠٦ |
| ١٧٧ | ناسیۆنالیزم (چاپی یەکەم) | ئەکرەمی میهرداد | ٢٠٠٦ |
| ١٧٨ | سایکۆلۆژیای جەماوەر (چاپی یەکەم) | ن: گۆستاف لۆبۆن<br>و: ئارام جەمال سابیر | ٢٠٠٦ |
| ١٧٩ | نوێبوونەوەو هەڵبژاردن | بەکر صدیق | ٢٠٠٦ |
| ١٨٠ | گۆڕان و چاکسازی | کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٦ |
| ١٨١ | لەپێناوی دیموکراسیدا | کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٦ |
| ١٨٢ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ـ ٩ ـ | | ٢٠٠٦ |
| ١٨٣ | مێژووی شۆڕشی فەرەنسا | ن: ویل‌و ئاریل دۆرانت<br>و: دلاوەر عەبدوڵلا | ٢٠٠٦ |
| ١٨٤ | پاکتاوکردنی رەگەزی کورد لەکوردستانی عیراقدا | فرمان عبدالرحمن | ٢٠٠٦ |
| ١٨٥ | ئاسۆی ئابووری ـ سەرچاوەکانی ئاوو کانزاکانی کوردستان | دارا عومەر | ٢٠٠٦ |
| ١٨٦ | سایکۆلۆژیای جەماوەر (چاپی دووەم) | ن: گۆستاف لۆبۆن<br>و: ئارام جەمال سابیر | ٢٠٠٦ |
| ١٨٧ | ناسیۆنالیزم (چاپی دووەم) | ئەکرەمی میهرداد | ٢٠٠٦ |
| ١٨٨ | یاسای دادگای باڵای تاوانی عیراق | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠٠٦ |
| ١٨٩ | تاڵەبانی لەلوتکەی دەسەڵاتی عیراق | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠٠٦ |
| ١٩٠ | بنەما تیۆرییەکانی رای گشتی و ڕاگەیاندن | مەجید صالّح | ٢٠٠٦ |



مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩١ | پاکتاوکردنی رەگەزی کورد لەکوردستانی عیراقدا (چاپی دووەم) | فرمان عبدالرحمن | ٢٠٠٦ |
| ١٩٢ | ریفۆرم هەنگاوێ بۆ دواوە ! | ئازاد تۆفیق | ٢٠٠٦ |
| ١٩٣ | تاڵەبانی و خەلاتی نۆبلّی ئاشتی(چاپی دووەم) | یەتانا دیوخ نەوشا | ٢٠٠٦ |
| ١٩٤ | هیگڵ‌و سیاسەتی مۆدێرن | ن: رامین جیهانبەگلو<br>و: شۆڕش جوانرۆیی<br>چنور فەتحی | ٢٠٠٦ |
| ١٩٥ | جینۆسایدی گەلی کورد ـ لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێو دەوڵەتاندا | د. مارف عومەر گوڵ | ٢٠٠٦ |
| ١٩٦ | كوردستان أو بلاد أكراد | يوسف ملك<br>مراجعة ومقدمة: د. عزالدين مصطفى | ٢٠٠٦ |
| ١٩٧ | مفهوم النخبة | إحسان عبدالهادي نائب | ٢٠٠٦ |
| ١٩٨ | المنظمات الأقليمية والجماعات الأقتصادية في القارة الأفريقية | إحسان عبدالهادي نائب | ٢٠٠٦ |
| ١٩٩ | كوردستانية منطقة كركوك (الطبعة الأولى) | د. عمر إبراهيم توفيق | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٠ | الكتابة للتلفزيون | ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٦ |
| ٢٠١ | دراسات المانية معاصرة عن القضية الكردية | ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٢ | السيادة في عالم متغير(الطبعة الأولى) | د. حكمت بشير | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٣ | بحوث . . . و . . . شذرات | د. عزالدين مصطفى رسول | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٤ | كوردستانية كركوك في المصادر السريانية | د. فرست مرعي | ٢٠٠٦ |

مەکتەبی پەروەردەو هۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠٥ | الـزعيم الـوطني الكردسـتاني جـلال الطالبـاني قائـد وفكـر وعـصر (الطبعـة الثالثة) | د. خالد يونس خالد | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٦ | التركمان في العراق (الطبعة الثانية) | د. عمر ابراهيم توفيق | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٧ | كوردسـتان تركيـا - دراسـة أقتـصادية سياسية | د. مجيد جعفر | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٨ | السيادة في عالم المتغير (الطبعة الثانية) | د. حكمت بشير | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٩ | كوردسـتانية منطقـة كركـوك (الطبعـة الثانية) | د. عمر إبراهيم توفيق | ٢٠٠٦ |
| ٢١٠ | عيراق، سەردەمی ساغ بوونەوە | بەكر صديق | ٢٠٠٧ |
| ٢١١ | تـيرۆرو سـەقامگيری سياسـیو چـەند لێکۆڵینەوەیەکە تر | بەكر صديق | ٢٠٠٧ |
| ٢١٢ | كەركوك بۆ مێژوو دەدوێت | سەرپەرشـتیار/ مامۆسـتا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢١٣ | دەستورو ژن | و: كاميل محەمەد قەرەداخی | ٢٠٠٧ |
| ٢١٤ | ژان ژاك رۆسۆ (چاپی سێیەم) | كاوە جەلال | ٢٠٠٧ |
| ٢١٥ | مبدأ الفصل بين السلطات و وحدتها . .. | القاضي/ لطيف مصطفى أمين | ٢٠٠٧ |
| ٢١٦ | بنچينەكانی كورد | ن: مينۆرسكی<br>و: نەجاتی عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| ٢١٧ | لەدیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی | كارزان محەمەد | ٢٠٠٧ |
| ٢١٨ | كەركوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا | گۆران ئيبراهيم ساڵح | ٢٠٠٧ |
| ٢١٩ | زمانە فەرمییەكان | طارق جامباز | |
| ٢٢٠ | ئەنفال و دادگا | سالار مەحموود | ٢٠٠٧ |
| ٢٢١ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە (١٠) | | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٢ | الكرد | باسيلي نيكيتين<br>ت: د. نوري طالباني | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٣ | هەڵۆی سور | فاضل كريم احمد | ٢٠٠٧ |



مەکتەبی پەروەردەو هۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٢٤ | مام جەلال | فاضل كريم أحمد | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٥ | المدخل الى القانون الدولي الإنساني | جبار سعيد محي الدين | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٦ | الكُرد اليوم | ت: غسان نعسان | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٧ | سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا | و: ئاوات عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٨ | ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا | ئيسماعيل شێخ موراد | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٩ | ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان | و: كامەران عومەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٠ | تيرۆر | هيمداد مجيد علی | ٢٠٠٧ |
| ٢٣١ | گەنجە كوردەكان | فەرهاد پيرباڵ | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٢ | بەعسیزمو كورد | سۆزان كەريم مستەفا | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٣ | بەڕێوەبردنی كۆبونەوەكان | و: محەمەد فاتح | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٤ | شاری كەركوك | پشكۆ حەمە تاهير | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٥ | مير عەبدال خانی بدليس | بوار نورەدين | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٦ | فەلسەفە. ڕۆشنگەری. فێندەمێنتالیزم | ن: هاشم ساڵح<br>و: شوان ئەحمەد | ٢٠٠٧ |

مەکتەبی بیروهۆشیاری



مەکتەبی بیروهۆشیاری